# شەبەنگی بوون،
# زایەڵەی دەق

راڤەی دەق

چاپی یەکەم
٢٠٠٨
سوێد


**سەرپەرشتیاری پڕۆژە: جەبار سابیر**

**جێگری سەرپەرشتیار: ئارام سدیق**

# **ناوی کتێب: شەبەنگی بوون، زایەڵەی دەق**

# **بابەت: راڤەی دەق**

# **نووسەر: هەندرێن**

# **نەخشەسازی و بەرگ: جەبار سابیر**

# **تیراژ: ٥٠٠ دانە**

# **چاپ: چاپی یەکەم** (٢٠٠٨)

# **چاپخانە: یاد، بازاڕی سۆز–نهۆمی سێیەم**

# **نرخ: ٢٥٠٠ دینار**

#**ژمارەی سپاردن لە سوید:** ISBN 978-91-977419-5-8

# ژمارەی سپاردنی (٢٠٤٤)ی وەزارەتی رۆشنبیری بۆ ساڵی ٢٠٠٨دراوەتێ.

**لەچاپکراوەکانی پڕۆژەی کتێبی یانەی قەڵەم**

**زنجیرەی ژمارە (٣٩)**



**ناونیشان: یانەی قەڵەم، سلێمانی، سابونکەران، بینای هەورامان نهۆمی سێهەم. ژمارەی تەلیفۆن: ٠٧٧٠١٥٧٥٧٢٦**

Pin_clap2008@yahoo.com

ناوەڕۆک

١.پێشەکیی
٢.شکۆمەندی بوونایەتی لە ڕێڕەوی شیعراندنی هزری زماندا
٣. ئامادەبوون و دڵەڕاوکێی شیعری ژن
لە جەستەی زمانی کوردییدا
٤. ئەزموونی شیعرییەتی ژن و وێناندنی شەبەنگی بوون

# پێشەکیی

تێگەیشتن لە دەقی ئەدەبی، وەک چۆن ناسینی ئەزموونی ژیانە نەناسراوەکانە، هاوکاتیش هەوڵی ئامادەکردنی رەهەندە نەزانراوەکانی خودی نووسەر و واتا جیاوازەکانی دەقەکەشییەتی. بۆیە فامکردنی دەقی ئەدەبی، وێڕای چێژوەرگرتن لێی، بەشدارییکردنی خوێنەریشە لە بەرهەمهێنانی ئەو فرە واتایەی کە لە هەناوی دەقدا دەجمجمێن.
دیارە نووسەر لە هەر کۆپلەی شیعرێک، چیرۆکێک و رۆمانێکدا رامانگەل و ئاماژەگەلێک دەردەبڕێت، دواجاریش خوێنەر، رەخنەگر دوای خوێندنەوەی ئەو دەقە لە کۆپلەگەلە، واتگەل و ئاماژەگەلی حەشاردراو یان جوودا بەرهەمدەهێنێتەوە.
وەک دەزانین، خوێنەر بە خوێندنەوەی دەقی خۆماڵیی و بیانی واتاگەلێکی خۆی بەرهەمدەهێنێ کە رەنگە نووسەرانی ئەو دەقانە لێیان بێبەریی بن. لێرەوە دەکرێ ئەو تێگەیشتن و سازاندنەی خوێنەر لە دەقێکی ئەدەبییدا بێبەها بن، هەروەک دەکرێ دۆزینەوەی ئەو واتاگەلەی رەخنەگر لە دەقێکی ئەدەبییدا بەهادار بن. لێ ئاشکرایە دەقگەلێک لە ئەدەبی کوردییدا هەن، وێڕای ئەمەش هەڵگری شێوازێکی هونەریی و نێوەرۆکێکی نوێ نین، کەچی دەیان راڤە و ئاخاوتنی پەسندەرانەیان لەمەڕ دەنووسرێن. هاوکاتیش دەقگەلێک لە ئەدەبی کوردییدا هەن، وێڕای ئەوەی هەڵگری جوانناسییەکی دانسقەی خودکردن، کەچی وشەیەکی هونەرییان لەمەڕ نەنووسراوە و نەگوتراوە. بەمجۆرە دیاردەی ئەو نووسینە



پەسندەرە یان روخێنەرە تامساردەی کە لە زمانی کوردییدا باڵادەستە، بەردەوامییەکە لە کولتووری خێڵ، خێزان و حیزبی کوردیی. هەروەک ئەو پەراوێزکردن و فەرامۆشکردنەی دەقی نووسەرە "بێکەس" و تەنیاکان، بەشێکە لەو کولتوورە ناوبراوە. بۆیە ئەمڕۆ مۆدەی ئەو عەنتەراندنەی نووسەرێک کە بەشێکە لەو روحێکی جڵەوکراو و وابەستەیەی کورد، بەرهەمێکە لەو کۆهوشیارییە سافیکلە و کەمزانەی خوێنەری کورد. هەروەک وێنە پێچەوانەکەی، بوغزاندن یان فەرامۆشکردنی نووسەرێک، جا بە هۆی بێکەسیی و دابڕاو پێڕگەرییەوە بێت، دەرهاوێشتەیەکە لەو روحە خێڵەکییەی کە لە هەناوی زمانی نووسەری کوردییدا ئامادەیە.
لێرەوە دەکرێ  دەقی نووسەرێکی ئەمڕۆی یان دوێنێی کورد کە بە هۆکردی جووداوە، سوپایەک لە بەناو رەخنەگری هاوخێڵ یان هاوحیزب، هاوپێڕ یان هاوگەڕەک پەسندان دوای پەسندانی لەسەر دەبارێنن، خودی خۆی زیاتر نەک دەقەکانی، لە ئێستادا بە هەڕمێن بێت، لێ ئاخۆ دوای مەرگی ئەو نووسەرە یان ئاوابوونی ئەو کولتوورە خێڵەکییە، دەقەکانی چ بوارێک بۆ فرە مانایی دەبەخشن؟
بەڵێ، لێرەدا مەبەستمان لە هەوڵدان بۆ تێگەیشتن یان راڤەکردنی ئەدەب، ئەو ئەدەبەیە کە هەڵگری واتاگەلی بزۆک و زیندووە. ئەوکاتە دەقی ئەدەبی دەبێتە ئەفراندن کە لە بارییدا بوو راڤە، نوژەنکردنەوە و واتاگەلی جیاواز بەرهەمبهێنێت.
بە کورتی: مەبەستمان لە ئەدەبێکی بەهادار، ئەو ئەدەبەیە کە لە پێناو تێگەیشتنییدا ناچارمان بکا   هەمیشە خوێندنەوە و راڤەکردنی

نوێ، نەک دەروێشایەتیی و کەوتن بە دوای چەپڵەڕێزانی، لەسەر بنووسین. بە واتایەکی دیکە: ئەو ئەدەبەی کە لە پێناو تێگەیشتنیدا مەیلی سەفەر، رامانی ناوەکییمان پێدەبەخشێ.

کەواتە مەیلی  ئەم کۆخوێندنەوەیەی من کە لە کاتە جووداکاندا بە دیدی هەمەرەنگ لەسەر دەقی جیاوازەوە نووسراون، بیستنی زایاڵەکانی زمانی دەق، رۆچوونە لە شەبەنگی ئەو ئاماژەگەل، شێوازگەل و ئەزموونی ئەو ژیانە پەنهانانەی کە لە کۆی دەقەکاندا ئامادەن.

بە دیوێکی دیکەوە، ئامانجی ئەو خوێندنەوانە لەو دەقە فرە دەنگانە دوا خوێندنەوە نین لە جیهانی ماناکانیاندا، بەڵکوو هەوڵدانێکە بۆ ختۆکەدانی جەستەی زمانی ئەو دەقانە، ئاوەڵاکردنەوەی بوارێکە بۆ ئەوەی منیش لە شەبەنگی ئەو دەقانەدا ئامادە بم. هاوکاتیش تەرزە دڵبزواندنێکی خوێنەرە بۆ بینین و تێگەیشتنی لەو دەقانە، کە رەنگە بە هەر هۆیەک بێت، فەرامۆشیکردووە.

لێرەوە دەخوازم بڵێم، من پەرۆشخۆری ئەزموونی ئەو ژیانە فەرامۆشکراوانەم کە لە دەقە ئەدەبییە باسنەکراوەکاندا ئامادەییان هەیە. ئەوەش واملێدەکا رابگەیەنم، کە لە کن من ئەزموونی ئەدەبییە لەسەر زارەکان، نووسەرە پێڕگر و خاوەن خێڵەکان، دڵبزوێن نین.

جێگەی سەرنجدانە، خوێنەر یان رەخنەگری ئەمڕۆی کورد، چونکە خاوەن خودێکی رۆشنبیریی ئازاد نییە، چونکە تا ئێستاش کولتووری مێگەل، خێڵەکی جڵەوی هۆشی کوردووە، بۆیە بە



دەگمەن نەبێ یان هاندانێکی ئەم و ئەو یان پەیوەندییەکی سۆزاوی یانیش مەیلی وابەستەکاری نەبێت، ئاوڕ لە ئەزموونێکی شیعریی نوێ، دەقێکی ئەدەبی ناباو، دەنگێکی تازە رسکاوی رۆشنبریی ناداتەوە. لەبۆیە نەوەکانی ئێستا یان دەبێ وەک ئەوانی پێش خۆیان بنووسن یانیش دەبێ لە چاوەڕوانی گۆڕدا بتلێنەوە. جڤاکێک ئەوە ژیانی نووسەرانی بێت، ویستی گۆڕان و گەڕانی بە دوای ژیانێکی بە شکۆ و بزواو تێدا لە دایک نابێت.

هەر چۆنێک بێت، دڵبزوێنی من لە هەمبەر دەقی ژن، وەک نووسەرە مۆدەبازەکان، نواندنی هاوخەمی سەرزارەکیی و خەپاندنی کردەی نییە لە مافی ژن و دەقەکانییدا، بەڵکوو مەیلی من لە خوێندنەوەی دەقی ژن ئاوەڵاکردنەوەی ژیانێکە، لەوێدا بە شەبەنگێک لە زمانی مێینەیی ئەو بوونە باوێشکگرتووە بە دەم یەکڕەنگیی، یەکدەنگیی، نێرسالارییەوە بخەملێنم و بەمەش بوارێک بۆ هاڤرکێی شیعریی بۆ ژیانە جیاوازەکان ئاوەڵا بکەمەوە.

هەندرێن

٢٠٠٨ ستۆکهۆلم-ستۆکهۆلم

## شكۆمەندی بوونایەتی
## لە ڕێڕەوی شیعراندنی هزری زماندا

### ١

*بنوسە، پیری دڵم ئەمری کرد*
*لە ئیبتداوە کە بەیتێ موناسبی دیوان..*
*گەدایەکی وەکو (مەحوی)، قەڵەندەرێکی کورد*
*میسالی پادشەهی فورسە ساحێبی دیوان*

بەڵام رەنگە پرسیار بکەین، کە باسی زمانو فیکر دەکەین، بەتایبەتی سەبارەت بە کورد، بۆ من بە شیعر، یان بۆ شیعری کوردیم کردە خاکی ئەم باسە؟ هەموو دەزانین کوردێکی زۆر دەڵێن، شیعر فیکر بەرهەم ناهێنێ. دیارە من دەڵێم زمان سەرچاوەکانو خاکی هزرو مەعریفەیە، بۆیە گەڕامەوە ماڵی شیعر. بەتایبەتی زمانی کوردی، کە بێ شیعر، ناکرێ باسی لێوە بکرێ.

هەوڵی من لەم نووسینەدا ئەوەیە: ئەو چاوگەو خاکەی کە دەبێتە بەرهەمهێنانی هزر لە کوێیە؟ چۆن دەکرێ پەیوەندییە دۆستایەتییەکانی نێوان فەلسەفەو شیعر ئاشت بکەینەوە، کە لە جیهانی نووسینی کوردیدا ئەم لێکجیا بوونەوەی فەلسەفەو شیعرە



کراوە بە ئاستێکی لاسایکردنەوە؟ بۆ ئەوەی بوونی کورد یاد بکەینەوە، کە لە شیعردا جێنشین و ئاوەڵایە، کام رەهەندو خوێندنەوەیەک دەتوانێ زمانی شیعری ئێمە بیهزرێنێو لە ئێستادا ئامادەمان بکات؟

مادام بوونی کوردی بە شیعر خۆی پیشاندەداو دەپەیڤێ، کەواتە ماڵی بوونی کورد لە سەر خاکی شیعردا روخساری خۆی پیشاندەدا.

بۆیە بە ئاوەڵاکردنی زمان میوانی دەبینو شکۆمەندی رادەگەیەنین.

کەواتە، مەحوی بە کوردی دەنووسی تا پایەکان، خواستی بالادەستی زمانو بوونی خۆی/ کورد ئامادە بکات.

(قەڵەندەرێکی)، (کورد)، لێرەدا مەحوی بەم زمانە بە هۆشو ئاگایی تاکی کورد، کۆی کوردی لە جەستەی ئەم شیعرەدا دەچنێتەوە. ئەم دێرانە لە گوتنە دەرەکیەکانیدا سادەیی روخسار دەنوێنن، وەلی لە وشەی دووەمدا وێنەیەکی پیریی دەخزێتە ساکاری دۆخی خوێندنەوەمان. کەچی لە هیکرا (پیری دڵم) وامان لێدەکا "پیرانە" بفکرین. لێ شێوەی پیری و کەنەفتی جەستە و دۆشدامانی رۆحی ئەو ناگەیەنی، بەڵکە ناوەکیەکی خەملێوی فرەژاوی زمانی شاعیرمان دەنوێنێ. بەر لەم ساتەی کە ئێمە دەمانەوێ باسی جیاوازی بکەین، ئەو شاعیرە "قەڵەندەرە" دیدی "جیاوازی" بەرانبەر "ئەویتر"، کە "پادشەهی فورسە" رادەگەینێ. دواجار "دیوان"ەکەی رەهەندی هەبوونی ئەم "جیاوازیە"، کە بوونایەتی خودە بەرجەستە دەکاتەوە.

لێرەدا، تێرامانی مەحوی بە "دیوان"ەکەی دەتەقێتەوە، کە دەبێ

وەک ئاماژەیەکی بوون یان گوتاری "جیاواز"ی ناسنامە قبووڵی بکەینو بیخوێنینەوە. گوتنی "دیوان" میوانی ئەم ماڵەمان دەکا، کە ماڵی جیاوازی کوردە. ئەم "ماڵە" روخسارە ناوەکیەکەی تری ئاڕاستەکانی پەیامی شیعرەکەیە، کە ئێمە لەگەڵ خۆیدا دەبات، بە واتایەکی تر، رامانێکی ئاگایمان تێدا دەبزوێنێ، نەک هەست کردنێکی راگوزەری. ئەفراندنی ئەم "جیاوازی"یە لە ئاستی "دیوان"دا، دوای بەرانبەر "پادشەهی فورس" بە دانانی بوونایەتی "سساحیبی دیوان"، کتوپڕ ئاگاییمان دەتەنێتەوە و گوتاری ئەم "جیاوازی"یە رادەگەینێ. ئەم پێویستێتی بوونی "جیاوازی"یە یەکێکە لە مەرامو ویستەکانی جەوهەری بوونێتیەکی دیاریکراو، تاوەکو زمانی کوردی لە ئاگایی خۆی بئاخڤێ. ئەو کاتەی بوونایەتی جیاوازی "قەڵەندەرێکی کورد "، کە لای مەحوی رەنگە دەستەواییەک بێ بۆ ناسینەوەو هاوێرکردنی بوونی کورد بەرانبەر "ئەویتر"، خۆی ئاوەڵا کردو راگەیاند، وێجا ئێمە لەسەر خاکێکی تایبەتو ماڵێکی جیاواز رووبەڕووی دیمانەی کوردی دەبینیەوە. دواجار هزری کوردی لە ئاستێکی باڵاکردوودا رودەچێتە ناو پرسیاری ئامادە بوونمان لەو جیهانەدا. بەمەش ئاگایی بیر دەئافرێنێ. ئەوەتا مەحوی دواجار کە بووە )سساحێبی دیوان(، ئەو کات ئەم (قەڵەندەر)ە هزری خۆی و شکۆمەندی زمانەکەی لەم چوار دێرەدا بەرجەستە دەکاتەوە، کە چڕترین ئاستی بەکارهێنانی زمانی کوردییە لە پرۆسەی ئاوەڵابوونیدا، با گوێ بگرین:



*هەر گفتوگۆمە، کەچی هەر ئەڵێم و تێ ناگەم*
*هەر جوست و جۆمە، کەچی هەر ئەڕۆم و پێ ناگەم*
*چاوم رواو گۆشەی ئەو ئەبرووەم نەدی*
*دڵ بوو بە بەحری عولومو لە ئەلف و بێ ناگەم*

لێرەدا گومانی مەحوی، گومانی بوونی خۆی نییە، وەک بوونێکی کوردی، بەڵکو گومانی سنوورەکانو پانتاییەکانی زانینو هزرە. بەمە دەبینین (قەڵەندەرێکی) کورد بەر لە سەد ساڵ زیاتر، گومانەکانی ئەم هەبوونە پرسیارچنە لە جەستەی چامەکەیدا بەرجەستە دەکاتەوە. دواجار بۆ کردنەوەی ئاسۆییەکانو پرسیار کردین لە زمانی کوردیو تامکردنی ئاستەکانی، دەبێ ئاماژە بە بوونی نالی بکەین. تا بزانین لەم ماڵی کوردییەدا چۆن مەسەلەی هزرو گرنکی تێڕامان لە زمانی نووسین بەرجەستە کراوەتەوە.

٢

با نالی بخوێنینەوە تا بزانین چۆن باسی زمانی کوردی دەکا:

*تەبعی شەککەر باری من کوردی ئەگەر ئینشا دەکا*
*ئیمتحانی خۆیە مەقسسودی لە (عمدا) وا دەکا*
*دواتر نالی بەرزتر زمان دەدوینێ و ئاوەلای داکاتەوە:*
*کەس بە ئەلفازم نەڵێ خۆ کوردییە خۆ کردییە*
*هەرکەسێ نادان نەبێ خۆی تالیبی مەعنا دەکا*

دواجار شاعیر تێگەیشتنی خۆی لە شیعراندندا لە دوو دێردا چڕ دەکاتەوە .:

*نالی، نیەتی سیحری بەیان، حیکمەتی شیعرە*

*ئەمما نیەتی قووەتی دل، قووەتی ئینشا*

نالی هەوڵیداوە ماناو هزرو بەرهەم بێنێ، نەک لاساییو لاواندانەوەو وشەی جوانو.. تاد، کە ئەمڕۆ شیعری کوردیو خوێنەری کوردی دەیکەن. نالی گومانی لە هەژاری زمانی کوردی نییە، بۆیە بەرزە فڕ نییە، چونکە بۆ نالی خودی زانیاری، زمانی کوردییە. ویستی نالی جێنشین کردنی ئارامی بوونایەتی کوردییە لە جەستەی زمانی کوردیدا .ئەم جەستەیەش جۆرە "جیاوازی"یە کە ئەو تیادا دەژیو وایلێدەکا بیربکاتەوە.

لە جەم نالی لە کۆپلەی یەکەمدا قزگەی ئەم پێویستایەتی بیرکرنەوە بە زمانی کوردی کردارەکەی خۆی رادەگەینێ. بە پێچەوانەی خوێندنەوەی خەمخۆرانی مەلا عەبدولکەریمی مودەرس و فاتح و محەمەدی مەلا کەریم، هەڵبژاردنی زمانی کوردی لای نالی ناچاری نییە، کە بەس ئەم زمانە دەزانێ، بەڵکە ئەوە هەڵبژاردنیًکی "مەقسسودە"، وەک خودی نالی لە دێری دووەمدا بە ئاماژەی خودی زمان وریامان دەکاتەوە. گوێگرتن لە زمان لە زرینگانەوی وشەکانو داوەتەکانی روخساری "شەککەر باری" خود، ویستی نووسینو گوتن دەکاتە کردەی بیرکردنەوە لە بوونایەتی نالی. ئاپۆرەی وشەکان لە



کۆپلەی یەکەمدا زایەڵەی سەرهەڵدانی راگەیاندنی ماهیەتی ماناو ئامادەبوونی هەبوونایەتی بەرجەستە دەکاتەوە. گەلۆ ئەم کۆتایی هێنانانە بە کردەی "وا دەکا"، چیمان پێ دەڵێ؟ ئاخۆ ئەم "وا دەکا"یە کرداریکی بەردەوامی سرک و بزواوی لە خۆڕا بێ، یان تاقیکردنەوەیەکی پێشینەی ناخی کەسێکی بە ئاگای کوردی؟ چرپەی شیعرەکە بە "تەبعیکی شەککەر "و کلیلی کۆتایی بە کردەیەکی ئامادە بوونی "وا دەکا" ئاسۆیەک لە زمانی کوردی ئاوەڵا دەکاتەوە.

کۆپلەی دووەمی شیعرەکە، کە دەبێ وەک بزوانێکی چڕر و یەکگرتوو سەرنجی بدەین، جەخت لەسەر راستی واتا یان هزراندن دەکاتەوە. کە ئاگایی هەبوونی بوونایەتی، ویستی هزرە دەبێتە جولانی کردەو فراژانی جیاوازی گوتاری خود لە بەرانبەر جیاوازی ئەویتردا.

هاوکات نالی لەوێوە بە راگەیاندنی ئەوەی کە شیعر هەڵگری بوونایەتی ئەوە، یان شیعر بە خۆی خاکی واتایە، بەوە بەهایەکی راستینە وەک بەهای بوونایەتی دەبەخشێتە شیعر، کە ئەمڕۆ نووسەرە تازەکانمان زمانی کوردیان بە کردارو ئاوەڵناو ئامرازاندنی زمان چەکدار کردووە. کەچی نالی ئەم هزراندنەی شیعر یان داوا کردنەی واتا، لە ناخی کات دەنووسێتەوە. بەمەش کاتی بیرکردنەوەی کوردی واتادار دەکات. لێرەوە نالی جەوهەر و کانگای واتاکانی دیاریکردنی واتای شیعرە، نەک رێگەیەک بۆگەرانەوی نۆستالگیا لە بوونی کوردیدا.

ئەوەتا واتا لە کۆپلەی سێیەمدا رەهەندیکی "پیرۆز" وەردەگرێ.

لێرەدا پیرۆزییەکەی نالی پیرۆزییەکی "حیکمەت"انەی شیعرییە، نەک ئایینی. نالی لە کردەی بزوانی ئەم دوو دێرەدا، کە لە ئیجازیەتی بیرکردنەوەی خودی زمانی نالی دەچێ، دیمەنێکی سەرابییانە دەخاتە ناو زەینمان، کە نەشوەو چەشەیەکی "پیرۆزانە"بە یادەوەری بوونمان دەبەخشێ. ئەوەی جوانیشە لەم دوو دێرەدا، شیعراندنی سەرچاوەی بیرۆکە ئاینیەکەیە، شکۆدارکردنی توانستی گەمەکانی شیعرە. وەلی لە کردەی شیعراندنەکەدا رەهەندەکە دەبێتە سیحریەتی واتای شیعری و هێزی دڵ. ئەم هێزی دڵە، مالی حیکمەتی شیعرە. بۆیە (سیحریەتی بەیان) پیرۆزیەتی بوونمان دەنوێنێ. گەر واتای بوونو بوونی واتا نەبووایە، ئایین چ پێویستییەکی بە پیرۆزی دەبوو؟

لێرەدا گوماناکان لە هزراندنی شیعر و جوداکردنەوەی پەیوەندی دۆستانەی هزرو شیعر بەردەوامی ئەم گفتوگۆیەیە لە نێوان جیاوازییەکاندا، کە هەر ئەمەشە واملێدەکا لەگەڵ نووسیندا فراوانتر بپەیڤم.

٣

هەڵبەت لە رۆژئاوادا، کە سەرچاوەی ئەم گومان کردنو گومانبرکردنەی ئەم بیرۆکەن، کە هەر لە ئەفلاتونەوە تا دەگاتە ئەمرۆ، ماوەیەک شیعریان لە فیکر دوورخستۆتەوەو ماوەیەکیش نزیک.

ئەمەش کێشەی ئەو روانگە هزریانای ئەوروپا بووە سەبارەت بە



تیروانین لە نیوان ئەقڵو هەستدا، کە ئەمەی کردۆتە پرسیاریکی بی ئاکام لە لای ئیمەدا. بەکورتی کێشەکە ئەوەیە: فەیلەسوفێکی وەک پلاتۆن پێی وایە شیعر لاسایی فەنتازییەو جوانی بەرهەمدینی، بۆیە زانین بە مێشک نادات.

بەڵام من پێم وایە شیعر بۆ فەلسەفە دەچرپێنێو فەلسەفەش لەسەر ئەم چرپەیە بەردەوام دەبێ، یان راڤەی دەکا. وەلی بە تێگەیشتنی ئیمە بۆ میژوو، زەمەنی شیعر بەر لە لە دایکبوونی هزر و فەلسەفە و ئایینەکان بووە. شیعر بەر لەوەی لە مالی فەلسەفە بکریت، بە چرپە فەلسەفییەکانی و بە چڕکردنەوەی ئاوازەکانی خۆی لەناو ئاماژەی شتەکانی گەردوون دەکردە زایەلە و هەبوونی بەرجەستە دەکردەوە. بۆیە شیعر هەمیشە خاکیکە بۆ فەلسەفە، تاکو کەرەسە خاوەکانیو وزەکەی لێوەربگرێ هاوکات ئەو پرسیارانەی کە فەلسەفە پێیانەوە سەرقاڵە، بوون، خوا، ئیتیک، مەرگ، راستی...تاد، هەمیشە جۆریک لە مانا و رەهەندی شیعرییەتی دەنوینن. لەم رونگەوا رەوا نییە ئەم دۆستایەتیە دێرینەیەی نیوان شیعرو فەلسەفە فەرامۆش بکەین.

بە گومانکردنی شیعر لەوەی کە هزر بەرهەم ناهێنێ، لای نیتشە وێڕای شیعریەتی خۆی، دەبێتە کێشەی (راستی)و نەتوانینی لە تێکشکاندنی نەریتەکانو پرنسیپە چەقیوەکان، یان بە واتای نیتشەیی شیعر ناتوانێ (هەڵسەنگاوەکان هەڵسەنگێنێتەوە).

بەکورتی ئەوەبوو سەبارەت بە شیعرو مەسەلەی فیکر.

٤

بەڵام ئەوەی کە تائێستاش لە دنیای فەلسەفەدا قسەی لەسەر دەکرێ، فیکری مارتین هایدگەرە، کە بەگشتی خودی هایدگەرو ئەوانەی کە قسەشی لەسەر دەکەن بە (وەچەرخانەوە- تێهەڵچوونەوە) ناوی دەبەن. بۆیە دەخوازێ کەمێک زیاتر لەسەر هایدگەر بوەستین.

هایدگەر بەپێچەوانەی دەسەڵاتی فەلسەفەی ئەنالیتیک، یان لۆژیکی، دەتوانین بڵێین بوون، زمانو شیعر وەک جومگەی بوون دەکاتە خاکی فەلسەفە. هەر هەموو کتێبەکانی هایدگەر هەر لە کتێبە دوو بەرگییە ناسراوەکەی (بوونو کات)ەوە تا )نامەیەک لەمەڕ هومانیزم(، بەناو پەیوەندییە روحییەکانی بوونو زمانو شیعر قووڵ دەبێتەوە.

هایدگەر سێ شاعیری ئەڵمانی دەکاتە خاکی قسەکردنی لەسەر بوونو هەبوون، ئەمانیش: هۆڵدرلین، تراکلو ریلکا بوون . بەکورتی بە خوێندنەوەکانی شیعری ئەمانە هایدگەر رادەگەیەنی: بەتایبەتی سەبارەت بە هۆڵدرلین کە یادەوەری زمانو فیکرو بوونی ئەڵمانییە.

بیرکردنەوەی هایدگەرو شێوە شیعریانەی زمانیو بەرزکردنەوەی شیعر، وای لە فەیلەسوفەکانی لۆژیک-ئەنالیتک کرد بڵێین، فیکری هایدگەر هیچ شتێکی زیادی نەخستۆتە سەر فەلسەفە. بەڵام وەڵامی هایدگەر تەنیا ئەوەبوو بڵێ: (فەیلەسوفی گەورە لە شاعیر نزیک دەبێتەوە).

بەهەرحاڵ، مەسەلەی سەرەکی هایدگەر، کێشەی (ئەمدیو) بوو، کە پێی وابوو، کە سەرەتایە. یان بەکورتی: ئەو پەنهانییەیە کە فیکر



چیتر ناتوانێ بیری لێ بکاتەوە، یان فەرامۆشی کردووە. "ئەمدیو" لای هایدگەر کێشەی "یادەوەرییە"، کە هزر دەستبەرداری بووە. ئەوەی کە "یادەوەری" زیندوو دەکاتەوەو ئامادەی دەکا لە جەستەی بوونایەتی ئەوە شیعرە، کە لای هایدگەر هۆلدرلینی شاعیرە کە هەڵگری یادەوەریی ئەڵمانیە.

ئەم یادەوەرییە لەناو رۆحی زماندا جێنشینە، یان "ماڵی بوونە". دواجار، ئەم روانگەی زمان، بوون، شیعر... دەبێتە چەقی بیرکردنەوەی هایدگەر، کە تا چوونی بۆ ماڵی مەرگ، ساڵی ١٩٧٥، کتێب لە دوای کتێبی لەسەر نووسی، هەروەک بیەوێت بە ئاپۆرەی وشەکانو کتێبەکانی ماڵێک بە ویستی خۆی بۆ ئەم "بوونایەتی"ە هەڵچنێ. لە راستیدا ئەم دارشتنە: "زمان ماڵی بوونە"، بۆ خوێنەرانی ئەم سەردەمەی فەلسەفە، دارشتنیکی ورووژێنەرانە و نیگەرانکار بوو. ئەمەش وایکرد هزرڤانو نووسەران چەندان خویندنەوە و رافەی جیاواز بەرهەم بینین.

بەلام خودی هایدگەر بە نووسینە زمان شیعرییەکانی هەولێدا ئەم ورووژان و نیگەرانییەمان بۆ بکات بە تەرزێک، رەهەندێک لە بیرکردنەوە (هزراندن)، گرینگی زمان لای هایدگەر لە کردەی بەناو کردنی "شتەکان" بەرجەستە دەبیتەوە. واتا ئەوە زمانە کە ناو بەخشی خوا، مرۆڤو دیاردەکانی ژیانە.

هایدگەر لە وتاری " ELANGUAG TO WAY ETH دا بەمجۆرە زمان شیدەکاتەوە:ّ_Urdichtning زمانی هۆنراوە، کە زایەڵەی بەدەنگییە،_ Ursprache زمانی پەتی، کە زمانی

قسە کردنە. دواتر لە بەردەوامبوونی ئەم دەربڕینەدا بەمجۆرا جەخت لەسار زمان دەکا: "ئاخاوتنی زمان، دەربڕین نییە، بەڵکو لە خودی خۆیدا راستییەکە. ئەمەش مانای ئەوە نیە کە ئێمە نکۆڵی لەوە دەکەین کە زمان موڵکی مرۆڤ نییە. زمان قسە دەکا تاوەکو کۆی خود کۆبکاتەوەو بوون زایەڵەی هەبێ."

بەڵام هایدگەر ئەم تێڕوانینەی ئاوەڵاتر دەکاتەوە: "بوونی مرۆڤ، هەبوونی مێژووە. وەک کات یەک واتایان هەیە. بوونایەتیو مێژوو هاوتای یەکن. واتا کە گفتوگۆ روودەدا و دێتە ئاراوە ئەوە خوایەکانیش دێنەگۆ، بەمە جیهانیک سەرهەڵدەدا."

لەم روانگەی هایدگەرەوە قەدەری بوونی مرۆڤ بە بوونو نەبوونی زمان گرێدراوە. پەیدابوونی ئادەمیزاد دەگەڕێتەوە بۆ ویستی قسەکردنی مرۆڤ و کردەی بیرکردنەوەی. لێرەدا خوایەکان بەر، یان دوای مرۆڤ ئاخڤیون، جەوهەری زمان ناگۆڕن. ئەوەی کە گرینگە، فۆرم گرتنی جیهانە لە قسە کردنی زماندا. ئەو دەمەی زمان بە جولە کەوت هاودەم بینایی ئێمە، یان چاوی بوون بە دیمانەی جیهانێک شکۆمەند دەبی. ئیتر لەوێشەوە مێژوو و کات سەرەتاگەی نەبوون بەجێدێڵین و رۆشنایی رووگەی ئاراستەیەکو ئاسۆیەک بەدیارد دەکەوی.

لێرەوە هزری هایدگەر خاکێکی تایبەت بۆ جیهانی فەلسەفەی داهاتوو بەرهەمدێنێ. یەکێک لەو هزرڤانانەی کە بەردەوامیەت بەم هزرە دەدا و ئاسۆیەکی تری پێدەبەخشێ، ژاک دێریدای فەرەنسیە، کە لە خەملێنی دیکۆنسترەکشنەکەیـ بنەما شکپنی دەنگ ناسراوە.



٥

لێرەدا حەز دەکەم کەمێک بگەڕێینەوە لای دێریدا. دێریدا لە کتێبی (دەنگو دیاردەکان)و (نووسینو جیاوازی) و )گراماتۆلۆگی)دا، باسی ئاماژەی جیاوازیەکانی زمان دەکا. لەوێدا دێریدا جەخت لەسەر رۆڵی دەنگ دەکا وەک ماناهەڵگرێک، بۆئەوە دەگەڕێتەوە بۆ پلاتۆن و تا ئێستا. دیریدا دەگەریتەوە لای ئەرستۆ کە پێمان دەڵێ، وشەی گوتراو سومبوولی مێشکەو وشەی نووسراویش سومبلە بۆ وشەی نووسراو.

بەپێی راڤەی دێریدا ئامادەیی بیرۆکە لە شتدا خۆی دەبینێتەوە، لای دێکارت لە سوبێکتی ئامادە لەگەڵ خۆیداو لە دیاردەناسیدا، لە بینیندا دەبینرێ. لە ئەنجامدا لە روانگەی دێریداوە گوتن دەبێتە زمانێکی تەواو، هاوکاتیش نووسین دەبێتە دامەزراندن یان ناسنامەی زمان.

بۆیە زمان گەر هەر قسەکردن بێ، ئەوە هێشتا نەگەیشتۆتە ئاستی خەملێن. لیرەوە پێویستە زمانی کوردی کە نووسینی کوردیو دیدی کوردی تیایدا زیندانی کردووە ئازاد بکرێ.

تاوەکو ئەو زمانە کوردییە بتوانێ بە مەبەستەکانی بگاتو ئەو دەستەواژەو مانایانە بەرهەم بێنێ، کە خاوەنی خۆی بێت. دواجاریش بتوانێ رەوتی خۆی رێکبخاتو لە نووسینو قسەکردنیدا. لەوەدا مەبەستم ئەوەیە کە زمانی کوردی لە مانا بەربەستکراوەکانی رزگار بێت.دواجار بتوانێ بە کراوەیی دیاردەو پرسیارەکانو بوونی خۆی، واتا کوردیـ بەرجەستە بکاتەوە، کە ئێمە بە لاوازی دەیبینین.

مەبەست لێرەدا دەستەواژەو وشە یەک لە دوا یەکەکانی زمانی کوردی، کە زمان خۆی زنجیرەیەکە لە بزوانی وشەکان، ماناگەلی خۆی بنوێنن، نەک دوو مانایی یان تاکە مانایەک کە ئێمە بەوە دامانپلۆسیوەو وەک شتێکی تەقلیدی ئاراستەی دەکەین.

رەنگە کارێکی بێ سوود نەبێ گەر بڵێین زمانی کوردی لە رێگای قوتابخانەو رێچکەکانی ئەدەبیو ئایدۆلۆژی خواستراودا لە ئەوروپا، جۆرێک روانگەی گشتگیری وەرگرتووە، کە ئەمەش بیرۆکەی، مۆدێرینیتە و مۆدیرنیزمە. چونکە مۆدێرنیتی، هەر لە دێکارتەوە تا هێگل لە جەختکردنەوەی دوا پلەی ئاگاییدا، کە سوبێکتی، منی قسەکەر، خۆی بە چەقی بیرکردنەوەو کردار تەماشا کردووە. دواجار ئەو سوبێکتە بەئاگایە خۆی وا دەبینێ کە وەک تێڕامانکارێک لە گشتدا: لە سروشت، مێژووو ئۆبیکتەکان . ئەو بوونەوەرە بەئاگایە بەرهەمی پرۆژەکانی مۆدێرنیزمە.

لێرەوە کاری ئێمە لەگەڵ زمان، کارکردنێکە لە ناو خودی زمانی کوردی، واتا کار لەگەڵ ئەو ئاگایەی کوردی بکەین، کە ئەم زمانەی بە روانگەی گشتگیرییەی شەپۆلە پەرێوەکانی مۆدێرنیزم گەمارۆ دراوە، نەک بەشدارکراوە. رزگارکردنی ئەو زمانە تەنیا ئاوەڵاکردنی ئەو هەمە رەهەندانەیە کە داپۆشراون، یان دەمبەست کراون.

## ٦

کێشەی ئێمە بەهۆی ئەم دابو نەریتو ئایینو سیاسییەی کورد لە زمانەکەیدا تێکەڵی کردووە ، یەکیک لە ئاکامەکانی، بە سادە



کردنەوەی دەستەواژەکانی زمانە. بەجۆرێک پەیڤ گەلێکت هەیە لە زمانی کوردیدا، گەر تۆ لە بەکارهێنانیدا، بۆ مانای تر جیاوازیشت بەکارهێنابێ، کەچی لەگەڵ دابڕانی ئەو نووسینە لە دەمی تۆ یان لە قەڵەمی تۆ ئەوە بۆ ئەم دیدە باوە دادەپلۆسرێ، کە بونیاتنراوەو ئامادەکراوە لە تەماشاکردنی زماندا. بەوە زمانی ئێمە لە بزوانو رەنگاوڕەنگی ماناو ئاسۆیەکانی لغاو دەکرێ. بۆ نمونە، وشەگەلێکی وەک: قوربانی، شۆڕشگێڕ، سیاسی، سیاسەت، حزب، ئەخلاقو... تا دەگاتە وشە حەرامکراوەکانی سێکسیو ئارەزووەکانو..تاد. هەموویان مانای حازرکراویان بەسەردا سەپێنراوە، رەهەندێکی تر بۆ ئەم وشەگەلە مەحاڵە.. بەڵام لە راستیدا هەموو وشەیەک لە زماندا دەمانباتە ناو وشەیەکی تر لە رەوتی بەکارهێناندا، بێ ئەوەی ئەم وشانە بە مانایەک، یان کۆتاییەکی تایبەت کۆتاییان بێت.

لێرەوە من پێم وایە، وەک جۆرێک لە خوێندنەوە، ئەو ئەقڵو ئاگایی، یان ئەو بیرکردنەوە باڵادەستەی کە زمانی کوردی خستۆتە ژێر رکێفی خۆی دوو ئاراستەن:

یەکەمییان: باڵادەستی ئەقڵی دەرەکی. نەک هەرسێ زمان: عەرەبو فارسیو تورکی، بەڵکە زمانی رۆژئاواییش، بەڵام سێ زمانی باڵادەست کە بەهۆی گوتاری داگیرکەرانەی کە لە ناو خودی ئەم زمانانەدا ئیش دەکا، ئەم باڵادەستیەی زمانی عەرەبیو فارسیو تورکییە، توانیویەتی پێکهاتە تایبەتییەکانی زمانی کوردی تێکبشکێنێ. مەرامی ئەو ئەقڵەی ئەم سێ زمانە بە گوتارەکانی ئەم زمانە توانیویەتی زمانی کوردی تووشی رق لە خۆبوونەوە بکات. ئەم

رق له خۆبوونەوەیە، له زمانی جیاجیای قسەکەری کوردی دەبینرێ:
له ئیسلامی سیاسی کوردی، چەپی سیاسی کورد، به ناو ناسیۆنالیستی کوردی، که قسەکەری ئەم زمانەیە. ئێمە دەبینین چۆن ئیسلامی سیاسی کوردی زمانی کوردی به ئاسانیو ئیفلیجی بەکاردێنێ بۆ پەیامەکانی ئیسلام، که خۆی له راستیدا پەیامی بالادەستی زمانی عەرەبییە..تاد.دە سەرنجی چەپی کوردی بدەن، چۆن هەموو رۆژێ قسه لەسەر ئەوه دەکا زمانی کوردی ئامرازەو به رێککەوت تووشی قسەکردن بووه بەم زمانە. مێدیای چەپو قسەکەری چەپ، گەر دادگای زمان هەبێ دەبێ سزا بدرێن. ئەمانە به گشتی رۆحی زمانی کوردیان به ئاواز و سیستەمی عەرەبیو فارسیو تورکی یفلیج کردووه و زمان له ئاستیکی کلۆلی ئایدۆلۆژیەکی هەناسه تەنگ کورتدەکەنەوە.
جا به ناو ناسیۆنالیستی کورد، که قەت بەرنامەی کولتوری نەبووە، هەمیشه زمانی بردۆته ئاستی سیاسەتی پەیامی حزبەکەی.
خالی دووەمیان: رۆشنبیر لەژێر کاریگەری گوتاری زمانی ئەویتر هەمیشه زمانەکەی سووک دەبینێ. که ئەمەش خۆی بالآدەستی زمانی ئەویترە که ئاگایی داگیرکردووە.
گروپێک له رۆشنبیری خۆشداکەنەی رووکەشی کوردی هەن، ئەوانە زمانی کوردییان کردۆته بکەرو کرداروو ئاوەڵناوو گەردانەی زمانەوانی. ئەو گروپه به نووسینەکانیان وێنەیەکی ئاسۆییو فۆرمی سادەپۆشیان داوه به زمانی کوردی. قسەی ئەمانه هەمیشه دوپاتەی جۆرێکه لەمانە: زمان نازانێ، پاراو نییە ...تاد، ئەمەیه جەوهەری



زمانی ئەو رۆشنبیره رووکەشو بێ رۆشنبیریه. ئەو زمانی رۆشنبیرییەی تر، که زمانی رۆژئاوایه. هەر له سوریالیو سیمبولیزم، سۆسیالیستی ریالیستییه بگره تا دەگاته بونیاتگەری )ستروکتوالیزم (و.. تاد، هەر هەمووی بەجۆری جیاواز، بەم جۆرەی که کاریان لەسەر کراوەو باسکراون، بوونەته هۆی سووککردنی زمانی کوردیو توانایەکانی. چونکه ئەو جۆره بیرۆکەو رەوته فەلسەفیانە، له گواستنەوەیان بۆ زمانی کوردی، سەرنج نەدراوه له بونیاتو کونتێکستی ئەو دیاردەی هزریانە. هەریەکەو لەو چەمکانه به کەسایەتی ئەم زمانەی کوردییه ناخوینرینەوە و زمانی کوردی ئامادە نییه له بەشداری کردین و له رافه کردنیکی کوردیانەی خۆی.
تا ئیستا ئێمه له پانتایی نووسینی کوردیدا بیرمان نەکردۆتەوە: بۆ سوریالیزم، له فەرەنساو له زمانی فەرەنسی بەرهەم دێ؟ بۆ سیمۆلۆژی لەناو زمانی فەرەنسی؟ بۆ فتوریزم له ئیتالی..تاد. بۆ ستروکتوالیزم له فەرەنسی بەرهەم دێ؟ ئەمانه خۆیان باسێکی تایبەتن.
مەسەلەکه ئەوەیه چۆن زمانی کوردی، چۆن ئاگایی کوردی بێ ئاگا خۆی وێران دەکا؟. چۆن زمانی کوردی دەخاته ژێر بالآدەستی زمانی ئەویتر و زمانی ئێمه سەقەت دەکا؟
لێرەدا زمان له ناسینی واژه پلەو مانایەکدا بەرتەسک ناکرێتەوە، بەڵکو زمان جەختکردنەوەو ئاوەڵاکردنی خەیاڵو رۆشناییو شەپۆلەکانی بوونی مرۆڤە. بۆیه خودی ئەم کردەیەی زمان رزگارکردنی مرۆڤه له دیلییەتیو نیگەرانییەکانی ئەم جولەو

بێدەنگەی ناخی بوونی مرۆڤ. بەمجۆرە زمان لە کردە بەرفراوانەکەیدا دەتوانێ زانین بەرهەم بێنێ.

٧

لێرەدا کە لەمێژ نییە، خەمخۆرێکی زمانی کوردی، کە زمانی کوردی بە نیگەرانی بەجێهێشت، ئەویش شوکور مستەفا بوو. بۆیە حەز دەکەم، ئاماژە بە وتەیەکی ئەو جوامێرە بکەم، کە لە وتارە جوانەکەیدا بە ناوی (سەرچاوەکانی بیروباوەڕی کوردەواری- بەشی هەوتەم)، باسی دەکا، کە لە (گۆڤاری رامان)دا لە چەند بەشدا بڵاوکراوەتەوە.

شوکور جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە چۆن داگیرکردنی زمان، کاریگەری باڵادەستەکان، تەمو مژ دەخەنە ناو ئاگایی کوردی، کە من تازە ئاماژەم پێکرد. شوکور مستەفا دەڵێ: (وتووێژو لێوەکوڵینی زۆرو زەوەندی ئەم ساڵانەی دوایی لە هەردوو سەنگەری ئایینیو لاییکی (عیلمانی) را لە کوردستانی نیوچە ئازاددا، دەبنەڕەتدا پەیوەندییان بە قووڵی لێل سەرکەوتنو سەرنەکەوتنی چالاکییە کردەییو شۆڕشگێرەکانی هەس. پاشی وەی رژێمی ئابووری کۆمەڵەکیی ئیمپراتۆریی عوسمانینو هەروەک هەرچیەکمان وەک پاشماوە لە سونێتیو شافعێتیو عەلەویەتیو یەزیدیەکیوهتد.. بۆ ماگسەوە تائێستا لە رووی بنیاتی کۆمەڵایەتی-ئابووریەوە لە مانای نەگەیشتوینو هەر وەو ئەندازەیەش لەمەڕ ئەو هەڵوێستی دووفاقو تاقوو جووتانەی کە لە چەندین تێڕوانینی جودا جودا کەوتوونەتەوە، بایی پێویستیان فرِ سەر لێ دەرناکەین..)).



لە راستیدا شوکور بە کارەکانی خۆی زمانی کوردی بۆ بەها و هێزەکانی خۆی گەڕاندەوە.

کارەکانی شوکور توانی زمانی کوردی بکاتە ماڵی بوونی کورد. بەمەش فیکر، جوانی، زانیاری.. تاد، لەم ماڵی زمانی کوردییەدا بەرجەستە دەبێتەوە. هاوکات ناکرێ مەسعود محەمەد وا فەرامۆش بکرێ. ئەمڕۆ تەواوی مێدیاو قسەکەری کورد، بڕیاردەرانی زمانی کوردی، لە کتێبە کەڵەکەکراوەکانی مەسعود لەسەر زمانو فیکرو روحی کوردی، بێ ئاگان.

لەم ماوەیە دیالۆگێکی شوکور مستەفاو مەسعودم خوێندەوە،"مەسعود محەمەد-ی زانا لە گەشتیکی فەلسەفە و سیاسەت و زماندا". شوکور مستەفا پرسیارەکانی لەسەر زمانی کوردی ئاراستەی مەسعود دەکا، کە دواجار شوکور کە مەسعود محەمەد بەجێیدێڵێ ئەویش وەک ئەنکیدۆ، بە ڕێگەی سەفەری مەرگ بەدوای برادەرەکەی، مەسعودی گلگامش سەرهەڵدەگرێ.

مەسعود لەم دیالۆگەدا هایدگەر ئاسا قسە دەکا، بێ ئەوەی گوێشی بە هایدگەر بدات، یان ئاگای لێ بێت. مەسعود لەم دیالۆگەدا دەڵێ: ((زمانی یەکگرتووی قەومێک شێوەی ئەدەبو زانستو هونەریەتی، نەک ئاخاوتنی بازاڕیو عەشیرەتی..تاد)).

دواتر کراوەتر دەڵێ: ((زمان بەشێکە لە مرۆڤ خۆی. زمان، کارگوزاری هۆشە نەک خاڵقی هۆشە. هۆشیش هەستیاری شتی ئاشکراو دۆزینەوەی نهێنیانە..)) مەسعود ئەم دیدە چڕتر دەکاتەوەو

دەڵێ: ((زمان ژێرخانو ژوورخانی کۆمەڵە چونکە مرۆڤ خۆی ژێرخانو ژوورخانە))، کە ئەمە پڕ فیکرترین قسەی کوردییە، کە کرابێ.

بەڵام مەسعود، چڕترین قسە لەسەر کەسایەتی کوردی دەکا، کە داڕشتنێکی زمانی فیکریی تێدایە. دەڵێ: ((بێ لە گەمە کورد پتر ئاشنایە بە بەشداری کردن لە (ئیرادە) نەک خاوەنایەتی (ئیرادە) مەگەر لە حاڵی رووبەڕووبوون لەگەڵ کوردێکی وەک خۆی)).

٨

بەهەرحاڵ، ئێمە گەر لە هزر پرسیار بکەین، دەبێ بگەڕێینەوە بۆ چاوگەکانی ئەو پرسیارانەی کە بوونایەتی کوردی لەسەری دەژی و ماڵەکەیەتی. ئەمەش مانای ئەوە نییە کە ئێمە مەبەستمان دانانی پێوانەیەک بێت بۆ قرساندنی نرخ و ئاستەکانی ئەم بوونایەتییە، بەڵکە ئەم گەڕانەوەیە بەرەو هزراندنمان ببەن. دواجار ئەم گەڕانەوەیە وامانلێدەکا بەرەو خاکە نەدۆزراوەکانو پرسیارە فەرامۆشکراوەکان و ئاسۆیە داپۆشراوەکانی "ئەمدیو"ی بیرکردنەوە گوتراوەکان سەفەر بکەین. ئەم کردەیە بوار بە زمانی کوردی، بوونی کوردی دەدا تاکو ئەم هێزە دەمبەستکراوەکەی پێشکەش بکات. ئەوە خودی زمانە ئەم کردەیە ئەمجام دەدا: بەبێ ئەم زمانە رەهەندەکانی ژیانی کورد تامی رۆحەکەی لە دەرەوەی کات و مێژوویەکی جیاواز و تایبەت بە خۆی دەمێنێتەوە. ئەوە زمانە کە ئاسۆیەکان بۆ کات و مێژووی کورد ئاوەڵا دەکاتەوە. خودی زمان کە بوونی ئێمە لە خاڵبەندی و هێڵی "لەمدیو" ئەم فەرامۆشکردنە



پێشکەشدەکا. بۆیە زمان گەروو و دەنگی زایەڵەکانی کوردییە، کە لە ساتی ئەمڕۆی ژیانی ئێمەدا ئاپۆڕە دەکا، تاکو بۆ سەفەری رێگایەکانی داهاتوو ئامادە بکات.

کەواتە لێرەدا دەبێ گومانی خۆمان بەوە رازی بکەین، کە گووتاری شیعری کوردی، ئاوێنەی ئەم هەبوونەی جەستەی کوردیە، کە لە ناخی زمانەکەیدا شەپۆلدەدا. جا گەر شیعری کوردی خەمگین، یان شادهێنەر بێ، سادە، یان ئاڵۆز بی، داهێزراو، یان چالاک بێت...تاد، دەبێ وەک مانایەک پەیوەندی بە ئاستەکانی خودی ئەم بوونایەتییەی کوردیەوە هەبێت، نەک خودی شیعری کوردی. بە واتایەکی تر، شیعری ئێمە دیوی ناوەکی، نەک دەرەکی ئەم ژیانە. بەبێ ئەم بوونەی کوردی، شیعری کوردی بوونی نییە، هەروەک بێ هزراندنی شیعر بوونی هزرمان نییە.

لێرەوە نابێ خەمخۆرانی زمانی کوردی فەرامۆش بکەین، کە بە دەقە شیعرییە بزواو زیندووەکانیان، کە زمانی ئەمەیان شکۆمەند راگرتووە. ئەم خەمخۆرانە: لە مەلای جەزیرییەوە تا بە خانیدا قووڵدەبیتەوە، لە بەردەشانیەوە تا لە مەحوی و نالی و حاجی قادرەوە چڕ دەبێتەوە.

شیعری کوردی لە ئاستە چۆنایەتیەکەیدا، کاکڵەکەیدا، نەک چەندایەتیەکەیدا، رووخساری کوردیان بە پەسیارگەلێکی هزری ئاوەڵا رۆشنکردەوە. ئەو خەمخۆرانە لە بزوانو پڕیشکە شیعرییەکانیانەوە، تەنیا لە ئاستێکی هەستی دیار ناکرێن، بە واتای ئەم تێگەیشتنەی، کە گوایە شیعر کردەیەکی دوور لە هزرە، بەڵکو لە فۆڕمێکی

ناسکدا، هەڵگری هزراندنی زمانی کوردین.

جیاوازی پرسیاری کوردی، لە خودی شیعری ئێمەدا بەرجەستە دەبێتەوە. بە خوێندنەوەو پەیڤینی شیعری کورد، زمانەکەی میوانداریمان دەکات. بەمەش بوونی کوردی تام دەکەین. لێرەوە وشەکان لە جەستەی شیعریدا هەر وشە نین، بەڵکو تۆڕیکین لە شەبەنگی ناڵەو تریقانەوەو ویستەکانی ناخ و ڕۆحی کوردی. بە ئاپۆرە بوونی وشەکان لە جەستەی شیعردا هیز و ویستی رامانیک لە یادەوەری کوردیدا خۆی شکۆمەندانە رادەگەیەنێ.

بەجۆرە کردەی شیعر مەودایەک لەبەردەم مەرگدا هەڵدەچنی تاوەکو بوون لە بوونەکەیدا بەردەوام بێت.

لێرەوە بەبێ زمان بوونێک نییە، هەروەک بە بێ بوونێکیش زمانیک نییە.

ئەوە زمانە کە بوونی تۆ، بوونی نەتەوە، زاکیرەی ئێمە لە رابردووەوە بۆ ئێستا دەخولقێنێ.

ئێمە بە ڕێگەی وشەوە، قسەکردنی وشەوە بوونی خۆمان بەرجەستە دەکەینەوە. بەمەش بوونیکی "جیاواز" و مەرگیکی "جیاواز "رادەگەیەنین. زمان جەوهەریکە دەگەڕێتەوە بۆ بوونێکی جیاواز، هەر خودی زمانیشە کە جیاوازی تۆ ناو ناوبێژ دەکا .بۆیە دەبێ لەو ماڵە شکۆمەندەی بوونماندا هەمیشە میوانی شیعر بین.



سەرچاوەکان:

.١Platon, Staten, 1984, s. 409.

چاپی سوێدیی.

.2. F. Nietzsche, Så talade Zarathustra, 1950, s. 132.

3. Martin Heidegger, Varat och tiden, Richard Matz 1981, Stockholm

4. M. Heidegger, Höldrlin och diktandets väsen, Hans Ruin, ،Kris nr 39-40

5. M. Heidegger, Brev om humanisem, Brinbaum och Sven-Ollov, Wallenstein, 1996, s. 25.

6. Heidegger, The way to language

7. Redaktör Paul Lubecke, 1987, Vår tids filosofi, Stockholm, S.387-388

8. Jacques Derrida, Writting and difference, 1978, s. 28.

-9. J. Derrida, *Of Grammatology,* 1987. s62-63

10. Derrida, Den andres enspråkighet, översättning:Laes Fyhe

١١. مەسود محەمەدی زانا لە گەشتێکی فەلسەفەو سیاسەتو زماندا، دیالۆگی شوکور موستەفا.

١٢. شوکور موستەفا، سەرچاوەکانی بیروباوەڕی کوردی، بەشی هەشتەم، گۆڤاری رامان.

١٣. هەردوو دیوانی مەحوی و نالی، ئامادەکردنو لێکۆڵینەوەی مەلا عەبدولکەریم مودەرسو فاتیح عەبدولکەریم.

## ئامادەبوون و دڵەڕاوکێی شیعری ژن
## لە جەستەی زمانی کوردییدا

دوان لەمەڕ ئافراندنی ژن و پیاو شتێکی نوێ نییە، ئەم ئاخاوتنە جیهانێکی سروشتی و مرۆڤی فرە چەمک و ڕەهەند دەخولقێنی. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای تازەگەریی و دۆزینەوەکانی "چاخی رۆشنگەری"، لۆژیکی ئەقڵ کە بە هەموو کەرەسە زانستییەکانیەوە دەستی کرد بە توێژینەوەی بوونی مرۆڤ بە هەموو بوونی خۆیەوە. یا وەکوو میشل فۆکۆ لە کتێبی "مێژووی جنسییەت"دا دەڵێ مرۆڤ لە چاخی شازدەهەمدا دۆزرایەوە و ناسرا، بەڵام ڕەگەز و جنس لە چاخی هەڤدەهەمدا دۆزرایەوەو ناسرا. هەرچەندە کە لێرەدا مەبەستی ئێمە ئەمە نییە و نامانەوێ لەم بارەیەوە قسە بکەین. بابەتەکەمان ئێستا لەم بازنەیەدا ناخولێتەوە. دەبا لە هەڵبەست و شیعری ژنانی کورد رابمێنین، کە چۆن دەنگیان گۆڕا و لە گەرووییانەوە هەڵکشا و بوون بە چریکەیەکی بە کۆمەڵی و سنوورەکانی زمان دەبەزێنن و بەڵگەکانی خۆیان لە زمانی عەرەبیدا دەبیننەوە. دیارە کە ئەم بەشە هەموو دەنگەکانی شیعری ژنانی کورد ناگرێتەوە، بەڵکوو لەسەر بەشێکی دیارییکراوە دەگرێتەوە. ڕەنگە هەندێ دەنگی شاعیرانەی ژنان هەبێت کە لەم بەشەدا ئامادەنین یان ئەوانەی کە وەیاد نەهاتوونەتەوە، کە ژنانەیی و سێبەری ڕەگەز زۆر بەسەریاندا زاڵ بێت و پڕا و پڕ بن لەم سیفەتانە. کەسانێکی وەک "سارا فەقێ



خدر، ڕۆژ هەڵەبجەیی، برووسکە دۆسکی.. هتد" ئامادەنەبوونیان لێرەدا دەگەڕێتەوە بۆ دژواریی پەیداکردنی دەقەکانیان.

ئامادەبوونی ژنان لە رووبەری ئەدەبی کوردیدا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی حەفتا یا دوای رزگارکردنی کوردستانی باشوور لە ڕژێمی سەدام. دیارە مەبەست لەم ئامادەبوونە ئامادەبوونێکە بە ئەندێشەی ژنانەوە، نەک ئامادەبوونێکی چەشنی، چونکە مێژووی سیاسی کورد و تەمەنی ئافراندنی کوردی لە ئامادەبوونی ئافرەت خاڵی نییە.

هەر لەم ڕەوتەدا "یارییە" شیعرییەکانی مەستوورە کە لە سەردەمی میرانی باباندا دەچریکێنێ، دەبینین و دەخوێنینەوە. هەروەها لەگەڵ پیاوانە بوونەکەی نالی کە لەم چاخەی خۆماندا دەیبینین.

سنووربەندانەکان و کایەکانی مەستوورە هاوکات و ساتە لەگەڵ خوشکەکانی ئێستای دیکەی کە پڕن لە مەترسی و هەڵچوون و توندی. چونکە مەستوورە لە نووسیندا ژیاوە بە دوور لە مۆدەکانی ڕۆژ و ئایدۆلۆژیاکان. مەستوورە چرکە شیعرگەلێکی بۆ جێهێشتووین کە ژنانە و زیندوو و بزۆزن هەروەک شیعری ژن بەشێوە و سیفەتی خۆی یا بەمیکیاژو دەستسازو بزەککراو.

ئەم دیمەنە ژنانە شیعرییە بەدەست خوشکە هاوچەرخەکانی لێرە و لەوێ دەست دەکەون و هەن، چونکە شیعری ژنانەی کوردی ئێستا هەروەک زۆری لە شیعری ژنانەی دنیای ئیسلام لە دەست کۆیەک خەسار و گرفت دەناڵێنێ، وەک: ئایدۆلۆژیاو قوتابخانە ئەدەبییە جۆراوجۆرەکان کە لەلایەن پیاوانەوە دروست کراون و خوڵقاون، هەروەها بزووتنەوە ئایدۆلۆژییەکانی وەک "فێمێنیزم" یان بزاوتی

ژنان کە ئەندێشە و بۆچوونی ئەم بزووتنەوانە هەر هەمووی لە ڕۆژئاواوە هاتوون و گوازراونەتەوە. ئەم بیرو ئەندێشانە زۆربەی کات لەلایەن ژنی وڵاتی ئێمەوە نە بەکاردێن و نە بەشێوەیەکی بەرچاو خزمەت دەکرێن. ئەم گرفتە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سوڕمانە گەورەیەی پیاو و چۆنییەتی مامەڵەکردنی لەگەڵ ئەو بیرانەی کە بەزۆرەکی لە ڕۆژئاواوە دەکرێت و دێن. ژنیش لێرەدا دوچاری ئەو کۆسپە گەورەیە دەبێتەوە. لەلایەکی ترەوە ژنی کورد لە هەوڵی نووسینەوەدا تێدەکۆشێ و بەشێوەیەکی هۆشیار و ناهۆشیار خۆ دەخاتە زیندانی لاساییکردنەوە لە شاعیرە "گەورەکان"ی پیاو. نموونەمان مەهاباد قەرەداغییە کە زۆرترین ئەزموون و تەمەنی لە نووسیندا هەیە. ئەو کە بە سەرەتایەکی تووندەوە دەستی پێکرد، لە ڕوویەکیشەوە وەک پیاوان دەنووسێ، یان هەوڵ ئەدات کە بەشێوەی شاعیرە پیاوەکان باس و وەسفی شتەکانی ژیان و سیاسەت بکات، ئەویش وەک پیاوە "بەناوبانگەکان"ی شیعری کوردی، بەشێوەیەکی دیاریکراو هەوڵ ئەدا هەر ئەو کەرەسانە بەکاربێنێ کە شێرکۆ بێکەس بەکاریان دێنێ. لە ئەزموونە لاساییکراوەکانی خۆیدا ڕەخنە و پەرەپێدراوی ڕەچاو ناکات.

لەم دواییانەدا مەهاباد، لە بری خوێندنەوەی ژنە شاعیرەکان، دەستی داوەتە خوێندنەوەی هۆنراوەکانی شێرکۆ بۆئەوەی لە شیعری شێرکۆدا ژنانەیی ڕاو بکات. لە گرفت و خەسارەکانی تری شاعیرانی ژنی کورد هەژاریی پێشخوانی ئاوەز و ئەندێشەی ئەوانە وەک بوونێکی جنسی و ڕەگەزێکی جیا لە پیاو. هەروەها دەنگە



ناوەکییەکانی ناو دەقەکانیان بۆتە دەنگگەلێکی بەسۆز و لاوانەوە لە دەسەڵاتی پیاو لاساییکاری زاڵدا.

هەروەها ئیدی دەنگی لەبار چووە و بۆتە گلەییکردن لە دوانەیی لەنێوان جنسەکاندا، یا دەرکەوتەی دەنگی ژنانەی وێڵ و سەرگەردانە. لەبری دەنگی ژنانەی ڕاستەقینەی خۆیان سێبەری پیاوانە باڵی بەسەر وەسف و پێکهاتەی جیهانی ئافراندراویاندا کێشاوە. لەبارچوون و کەمبوونی ئیرادە هەمیشە ئامادەبوونێکی بەرچاویان لە ڕووبەری دەنگی ئەماندا هەبووە.

با گوێبستی "ڤینۆس فایەق" بین کە چۆن دنیای چاوەڕوانکراوی خۆی یا "تابلۆیەک لە چاوەڕوانی" یەکانی دروست دەکات:

"مۆمەکە ڕۆشن کەو
جگەرەیەکی پێ داگیرسێنە
لە چاوەڕوانیدا مەبەستێکی پێ بسووتێنە
سەیرکە ئەو چاوەڕوانییە
کە جەستەم دەمرێ"

لە کۆتاییدا ئەم چاوەڕوانییە جەستەییە دەگۆڕێت بۆ چاوەڕوانی تەمەن یان بوون:

"ڕۆژێکی دی لە تەمەنم دەسووتێ
لە چاوەڕوانیکردنێکی گێلانەدا."

بەڵام لەلایەکی ترەوە ڤینۆس دەنگی بەرزدەبێتەوە و بەدەنگی ژنانە دەکەوێتە کایە و ئافراندن، هەر لەم ڕێگایەوە ژنانە بوونی زمانی دەردەکەوێت و دەچەسپێ:

"ئەگەر زەوی نێر بوو
بۆچی یەزدان مێینەی بەسەریدا ئافراند؟"

ئەمە کایەکردنە بە شتە گەورە و بەرجەستەکان و جوانییەکی هەڵتۆقیوی شیعری دەخولقێنێ. ئەم خوێندنەوەیە لە لێکدانەوەیەکی ئایدۆلۆژیکەوە دێت نەک ئافراندنێکی شیعری.
لە درێژەی ئەم ڕێچکەیەی "ڤینۆس"دا "دڵسۆز حەمە" دێت و وێنەگەلی هاوشێوە لە ئاسۆگەی ڕۆحی خۆی پێشکەش بە ئێمە دەکا:

"بەدرێژیی مانگ و ساڵان
ئەوە سروشتە کە لاساییم دەکاتەوە
تەنانەت لە تەنیابوونیدا."

هەموو تەک واژەکان و چاو و دیدیان دێن و دەچنە دنیای خەمەکانیانەوە وەک بوونێکی ژنانە، وەک ئافرەتبوون. ئەم غەمە غەمێکی وجودی نییە، بەڵکوو غەمێکی جنسییە بە ڕووبەریەوە.



چونکە زمانی دەربڕین و بەرجەستەکەرەوە هەر ئەو زمانەیە کە بوونەوەرە گەورە و ناسراوەکانی پێ بەرجەستە دەکرێنەوە و دۆخەکە دۆخێکی فامکراوو ئاشنایە.
لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە ئێمە ئەگەر دەستنیشانی گرفت و خەسارەکانی دەکەین و پێ دادەگرین لەسەر ئەم بابەتانە لە شیعری ئەم ژنە شاعیرانەدا، مەبەستمان ڕەخنە و توێژینەوە نییە، بەڵکوو دەمانەوێ بەیادبێنینەوە و سەرنجی بۆچوونەکان بۆ ئەم خەسارانە ڕاکێشین و بەس.
لایەنەکانی دیکە جێدێڵین بۆ ڕەخنەگرانی ژنانی کورد، ئەوانەی کە هەوڵماندا بیانهێنینە گۆڕەپانەکەوە. بەڵام ناتوانین خولقێنەریان بین، بۆئەوەی نوێنەرایەتی بوونی خۆیان بکەن و لە ڕێگای ئەم نوێنەرایەتیکردنەوەوە لە بوونی خۆیان بنووسن. هەر لەبەر ئەمە خوێندنەوەمان لێرەدا خوێندنەوەی ژن لە کات و ساتێکی دیاریکراودا دەبێت، نەک خوێندنەوەیەکی نموونەیی، یا نامانەوێ بە گشتی وەک نموونەی ژنی کوردی پێناسەیان بکەین.
بەهەر جۆربێت ئەم ناوانە لێرەدا هاوبەشی دەکەن و کۆدەبنەوە، لەهەمان کاتدا ڕووبەڕوو دەبنەوە و جیا دەبنەوە لە ئاسۆگەی کێشەیەکی هاوبەشدا کە بریتییە لە جێگە و دەست و شوناس.
ئەم شوناسە بریتییە لە ژن و دڵەڕاوکێیەکانی، بوونی لەلایەکی دیکەوە، کە ڕووبەڕوو دەبنەوە و جیادەبنەوە لە چوار دەوری ئەو بابەتە.
ئەم جیاوازی و لێکەوەگلانانە لە درێژەی ڕێگای ژیان و چۆنیەتی

لێکدانەوەی زمانیدا دەردەکەون. هەندێ لە شاعیرەکانمان جگە لە نووسینی شیعر لە بزووتنەوەکان و کۆبوونەوەکاندا چالاکن. ئەو بزووتنەوە و کۆبوونەوانە کە بۆ وەدیهاتنی مافی ژن هەوڵ ئەدەن. لە دەقەکانی ئەواندا رەنگدانەوە و دەرکەوتنی ئایدۆلۆژیا سیاسی و رەخنەییەکانی ژنان دەبینین. بۆئەوەی بۆچوونمان بۆ خوێنەر روون کەینەوە، دەخوازێ ئامارژەیەک بە ناوەکانیان بکەین: نەزەند بەگیخانی کە لەم بوارەدا چالاکەو دکتۆرای لە بواری رۆژهەڵاتناسی لەبارەی ژنی کوردەوە هەیە. مەهاباد قەرەداغی کە سیاستوانە و ئامادەبوونێکی بەرچاوی هەیە لە کۆبوونەوەکانی ژنانی کورددا.

کەژاڵ ئەحمەد، کە لە سەرەتای حەفتاکاندا دەرکەوت، چەکدار بوو بە هەموو کەرەسە و پێداویستییەکانی تەقینەوە، ئەو لەو کەسانەیە کە زۆرترین نەترسی و بوێریی هەیە و زۆریش بێباکە. هەر لەبەر ئەمە کاتێ کە ئەم بێباکییەی دێتە رووبەری ناوەوە کە لە هەناوی خۆیدا هەڵیدەگرێ، گوێمان لە تەقینەوە ژنانەییەکانی دەبێت. بەڵام کاتێ کە رادەچڵەکی لە دنیای لە بیرچوونەوە و بەسەردا زاڵبوون، هۆنراوەکانی کاریگەرێتی دروشم وەردەگرن. لەم دواییانەدا دەرکەوتەکانی بە نەترسی و دروشم و خەسارەوەیە ئەو نۆرمە دەبێتە شێوەی گشتی ئەو. ئەو ژنە زەنارێکی کوشندەیە لە رووبەری ئافراندنی مرۆییدا بەشێوەیەکی گشتی و لە دنیای ئافراندنی ژنی کوردیدا تایبەتە. چونکە ئافراندنی شیعری کوردی وەک بزاوتی بوون هەمیشە روو لە پێشە و بەرەو هەڵتەکاندن و لەناوبردنی هەموو خەونە گشتییەکان و هێڵە قەتیس و چەقیوەکان دەبزوێ.



ئەم بزاوتە خۆی ئامادەبوونی بوونە لە جەستەی شیعری کوردیدا. دیارە کە شیعر لە رێگای زمانەوە ئامادەی بوون و دەرکەوتن دەبێت و ئەوە خۆی هەر بوونی خۆی و توانایی ئامادەبوونە، هەر لەم لۆژیکەوە گرفتەکان خۆ دەنوێنن و سەرکەوتنی رەوتی شیعری ژنانەی کوردی بەستراوە بە ئەندازەی توانای ئەم بزاوتە خۆیەوە.

شیعری هاوچەرخی ژنانەی کوردی خاوەنی کۆکەرەستەیەکی هەمە رەنگی نوێیە، بەڵام بەدەست دەستەوسانی و نەبوونی توانایی تەواوە بۆ دەربڕین و ئامادەبوونی وەک رەگەزێکی جیاوازی ژنانە دەناڵێنێ. ئەم گرفت و خەسارانە هەندێکیان دەگەڕێنەوە بۆ ئەم شوێنگە ناوەکی و دەرەکییانە.

شوێنگەی جیهانێکی تر یان دەنگە رووناکبیرییەکانی ژنانەی دونیای ئیسلامی و ژینگەی ناوەکی، داخستنی کۆمەڵگای کوردی لەلایەن دەسەڵاتە وەحشییەکانەوە. ئەم داخرانە تا ئاستی داخستنی هەموو بوارەکان لەبەرامبەر گۆنکاریدا دەکێشێتە سەرەوە. هەر لەبەر ئەمەوە ژن دەبێت و بۆتە بازنەیەک لە ناو ئەم جیهانە هاوچەرخەدا.

ئەم رووداوە وا لە ژن دەکات کە ئەم نەکراوەییە لە خۆیدا قبووڵ بکات.

لە کۆتاییدا ئەم داخرانە دەبێتە بەشێک لە بوونی، کاتێ کە ئافرەت بەشێوەیەک دەبێتە بازنەیەک و گەمارۆ ئەدرێ بەم داخرانە کە خۆی سەرچاوەی لاساییکردنەوە زاڵەکان دەگۆڕێ بۆ مۆنۆلۆگ یان گفتوگۆیەک لەگەڵ خۆیدا و ناوەکی ئەم دۆخە دەبێتە هۆی زیندانیکردنی تواناییەکانی بەرگری. ئەمەش وای لێدەکات کە بەرەو

ئامـادەبـوون و لـە نـاوبردنی چوارچێـوەکـان دەسـت بداتـە بـزاوتن و جووڵە.
هەر لەبەر ئەمە دەبینین کە گوتاری ژنانەی ناو زمانی شـیعریی ئـەم شاعیرە ژنانە دڵەڕاوکێیەکـە رووبـەڕووی زمـانی شـیعریی نـاوەوەیـان دەبێتەوە، بێدەنگ و ئارام، باوکانەو ژنانەو ....هتد
کەواتە مەستوورە بیستراو و لێرە و لەوێ دەنگی ئامـادەیـە و بـەرەو پێش دەچێت. دەنگی"مەستوورە" لە گـەرووی ئـەم چاخـەدا بـەسـەر شەپۆڵەکانی زەمەنەوە بۆ ئامادەبوون و دەربڕینی بوونی خـۆی دێتـە پێشەوە.

٢٠٠٣.١.٧

سوێد

* تێبینی! لەسەرەتادا ئەم وتارە بە عەرەبی نووسراوە و وەک دەروازەیەک بۆ شـیعری ژن لە کوردستانی باشوور لە گۆڤاری حجلنامە بڵاوکراوەتەوە. رۆژنامەی ئاسـۆ، کـە لـە رۆژهەڵاتی کوردستان دەردەچێت، کردوویـەتـی بـە کـوردی لـە ژمـارە ٩١ ی ٢٠٠٥ یـش بڵاویکردۆتەوە.

## ئەزموونی شیعرییەتی ژن

## و

## وێناندنی شەبەنگی بوون

١

ڕەنگە ئەرکێکی ئاسان نەبێ، کە بۆ ڕێزدانان گۆڤاری نما؛ بەشی ئەدەبی لەم ژمارەیەی خۆی تەرخان کرد بۆ شیعری ژنی کورد، هاوکاتیش هاوڕێی شاعیرم عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا لە پێناو ناسکیەکی شیعرییانە ئارەزووی بەشداری منی کرد بۆ سەرپەرشتیکردنی ئەم دۆسیەیە، تا بتوانین خوێندنەوەیەکی "جیاواز" لەو وێنەیەی کە ناسراوە لە خوێندنەوەکانی شیعری کوردی، لەسەر ئەزموونی شیعریی و تایبەتیەکانی ئەم ژنە شاعیرانە بخەینەڕوو.

شیعری ئەو شاعیرانەش، کە (موتەلیب)حەزی کرد ئەرکی نازیان لەسەر من بێ، لەئەزموونی: بەهرە موفتی، جولە حاجی، چنور نامیق، تەرزە جاف پێکدێن. ئەو ئاستەنگەی کە لەمپەر لە بەردەم ئەم خوێندنەوە جیاوازە داخوازیکراوە قووت دەکاتەوە تەنیا لەکەمی شیعرەکانی ئەم شاعیرانەدا تەواو نابێ، بەڵکوو ئەو ئاستەنگەی کە نیگەرانهێنەرە و دواجاریش تووشی کۆنترۆڵکردنمان دەکا، پرسیاری ڕەگەزە. لێرەدا وەک قەدەرێکی سروشتی، بێ ویستی من، ڕوانگەیەک دەبێتە خوێنەری ئەم شیعرانە کە نێرە. کەواتە،



لەدواجاردا ئێمە ناتوانین خوێندنەوەیەکمان نەبێ کە لە مەرامی دەسەڵات و خەیاڵی نێرسالارییدا بێبەری بێت، یاخود بەلای کەمیەوە ئەم خوێندنەوەیە بێبەری بێ لە مەیلی ئەو باڵادەستییەی کە بەختی مێژووی ئەو نێرینەیە بووە. بەر لەم نووسینە، لە گۆڤاری "حجلنامە"، کە بە عەرەبی دەردەچێ، داواملێکرا وتەیەک بۆ ئەو ژمارەیە بنووسم کە تەرخان بوو بۆ ئەزموونی شیعری سەرتاسەری ژنی کورد. دواجار بەرتەکی ئەو وتەیە بووە ناڕەحەتی بەشێک لەو ژنە شاعیرانەی کە من سەرنجی خۆم لەسەریان ڕاگەیاندبوو. ڕەنگە لەم نووسینەشدا ئاسان نەبێ کێشەکانی ئەو نەریتە باوە بەرجەستە بکەینەوە، کە پیاوە شاعیرە ناسراوەکان، بێ بوونی ئاست و سەرچاوەیەکی پسپۆڕی لەبواری ڕەخنەی شیعردا، بوونەتە بڕیاردەری پایە و ئاستەکانی شیعر. ئەم پسپۆڕیە ڕەخنەییەی کە باوە لای ئێمە، ئەوە خودی شیعر نییە کە دەبێتە بابەتی ڕەخنەی ڕەخنەگرانمان، بەڵکوو ئاڵۆزیی و وردەکارییەکانی تری پەیوەندییە کە لەنێوان ڕەخنەگر و ئەو شاعیرە مێیەدا هەیە.

پەیوەندیەکانیش هەر تەنیا پەیوەندی جەستەیی نین: لەهەندێ حاڵەتدا ئەو پەیوەندییە تەنیا لە هەرارکیی، سترۆکتۆری سەقامگیری ناو ڕۆحی هەردوو ڕەگەزدا پێکدێ، بێ ئەوەی ئەو پەیوەندییە پراکتیزە بکرێ، هەندێ جار لە پەیوەندییەکانی خزمایەتییەوە تا دەگاتە خێڵ و حزب و هاوشارییدا، خۆی وێنە دەکا، دواجاریش، لە نمایشکردنی ناز و لەنجەیەکی شاعیری ژن بۆ شاعیری نێردا کۆتایی دێت.

بەپێچەوانەکەی ئەمانەش، وتەیەکی دوور لەپەسن و پیاهەڵدان، ئەنجامی وێنە نێگەتیڤیەکەی بۆ ئامادەیە.

بۆیە سەختە لەناو ئەو جوگرافییە بەرق و خۆشەویستییە داسەپاوەدا، روانگەیەکی شیعرییەتمان تێدا ئامادە بێ. مەیلە داپۆشراوەکان جڵەوی پەیوەندییەکانمان لەگەڵ دەقو شاعیردا دەکەن. روانگە ماریفییەکان لە ئەزموونی رەخنەی کوردییدا، هەمیشە وەک ئارەزوویەک دەمێنێتەوە و پەیڕەوکردنیان تەنیا لەسەرابی خەیاڵدا کۆتاییان دێ. کەواتە هەروەک چۆن پاڵەوان لای ئێمە، بێ بوونی پاڵەوانێتی، دەبێتە پاڵەوانێکی خورافی، یان هەڵاتووەکان، بێ بوونی واقیعی هەڵاتنیان، ڕیسوا دەبن، بەهەمان تەرزیش شاعیریش لای رەخنەگری ئێمە وێنادەکرێ.

بەهەرحاڵ، چۆن دەکرێ شیعر لە ئەزموون و ژیانە نمایشکراوەکەی خۆیدا بەشداریمان بکات، یان دەتوانین تامی ئەو ئەزموونەی ئەو بکەین؟

لەڕوانگەی ئەو ئەزموونو ژیانەدا، کە شیعر هەڵگریەتی، هەوڵدەدەین گفتوگۆ و گومڕایی و تۆرانەکان، کە لەبەشداربوون لە ئەزموونەکانی ئەو شیعرانەدا وێڕای مەودای دووری ئەوێ و ئێرەش، دروست دەبن، لەکورتە سەرنجێکی خێرا بەرجەستە بکەینەوە.

٢

بەڵێ ئێمە لە "پێنجشەم"یەکدا، کە (بەهرە موفتی) لە ئەزموونی ڕۆژێکدا ژیانێک ئاوەڵا دەکاتەوە، بۆ ئەوەی خود بەرجەستە بکاتەوە



و ئێمەی تێپەڕیوو، دۆشداماو و نائاگا بەشداری ئەم جیهانە بکات. جیهانی بەهرە، یان ڕۆژی پێنجشەمەی ئەو، بەچنینەوەی وشەکان دەبێتە ناوەکییەکی بزۆک و وەستا و، دڵنیا و نیگەران. بەڵام لەگەڵ زیاتر ئاشنابوون بەو ڕۆژە "پێنجشەم" مەیە، تێگەیشتنمان لەساتێکی تێگەیشتنەوە بۆ ساتێکی تری ئەو جیهانە قووڵتر دەبێتەوە. هەرچەندە لەگەڵ یەکەم گفتوگۆی هەستێکی خەمین، کە "مانگ دەرناکەوێ" مەزەندەمان بۆ ئەزموونی ژنێکی شیعریی و ژیانێکی ئاشقە مانگ و تەنیاتر لەو مانگە دەچێ. لەو جیهانەی، کە لە قەدەری "پێنجشەمو مانگ" چڕدەبێتەوە، "بوونی" لە مانای "نەبوونی" ئەو بوونەوەرەدا ئامادە و نائامادە دەبێت، کەوا لەئەشق دەکا، هەرچەندە "کەس نییە ئاشقایەتی لەگەڵ بکا"، جیهانی بوونەکەی، کە وێنای "دەف" وەردەگرێ، خۆی، بەزایەڵەی دەفەکە، ئامادە بکات. بەدەم ئەو "دەف لێدان"و ئاوازانەوە کە چۆڕاندنەوە و زرینگانەوەی ئاهو و چرپەکانی ئەزموونی ئەو بوونەی شاعیرە، خەریکە بەو ژیانە ئاشنامان دەکا، کە لەبوونی "حەرفەکانم نابنە وشە" نزیکمان دەکاتەوە. گەڕان "بەخەونێکی خۆش"، موژدە، یان سەرهەڵدان و کرانەوەی درەنگ نەهاتووەیە، کە وەک بەهایەک بۆ ڕۆشنکردنەوەی ئەو بوونە بۆ گەڕان و بیرکردنەوە لە جوانییەکانی ئەم ئەزموونە دەمانخرۆشێنێ

دواجار کاتێ ئێمەی خوێنەریش لەناو ئەم جیهانە "پێنجشەم"ە شیعریە جێنشین دەبین، هەوڵی نەهاتنی "مانگ"، یان ئەو "مانگە"ی کە دەبێتە ئاماژە و تەکانێک بۆ بەهای "بوون"ی ئەو

“پێنجشەم)ە شیعرییە، هەستدەکەین کە “مانگ” چەمکی ئەم ئەزموونی “بوونە” بەرجەستە دەکاتەوە. لەسەرتاپای شیعری “پێنجشەم”دا، لەهەر دوبارە بەیادهاتنەوەیەکی نەهاتنی “مانگ”دا، کۆمەڵی وێنە و دیدی جیاواز، کە چڕبوونەوەی ئەزموونی ئەم شیعرەیە، دەمانباتە نێو گفتوگۆیەکی ئێستاتیکی و ماناداره‌وە.
پیاو لەدیمەنە شیعرییەکاندا وێنەی هەمە تەرز وەردەگرێ. سەرەتا هەر دەڵێی دەرنەکەوتنی ئەو “مانگ”یە ڕەهەندە لە فەنای پیاوەکانە:

" مانگ دەرناکەوێ
لێوم شۆڕ بوینەوە
بۆ سەر قەبری پیاوەکان"

جوانی مێیەتی ئەم شیعرە لەوەدا بەرجەستە دەبێتەوە، کە ئێمە لەنەوا، ڕەنگ، دیدە و وێنەکانی ئەو شیعرەوە تامی ئەزموونێکی مێینە دەکەین. هاوکاتیش گوێ بیستی ئەو گلەی یو هاوارکردنەی دەنگی ژن نابین، کە جۆرێک ئاشنایە بۆ خوێنەری ئێمە.
هەرچەندە “دەستە زەنگیانەکان”ی شیعری (بەهرە)، “دەمێکە پیاوانە خەون دەبینین”، وەلێ هەرچۆنێبێ “زەنگیانەکان” خەیاڵمان پڕدەکا لە ڕەنگاوڕەنگی دیمەنێکی ژنانە، دەنگی ژنێک لەکاتی بانگکردنی (مانگ”، وەک هەوایی بوون دەزرنگێتەوە").
بەڵام جوانی ئەم بوونە “پێنجشەمە”یە لەوەدا بەرجەستە



دەبێتەوە، کە خۆڕسکێکی سروشتیی و هارمۆنیەتی سادەییەکی ئاڵۆز ئەزموونی ئەم جیهانەمان بۆ دەگێڕێتەوە. کەواتە وەک چۆن وەڕسبوون لەدەست نەهاتنی (مانگ) ئەو بوونە دەکاتە گۆرانیەک، کە ژنێکە لەبن “درەختە تەڕەکان “دا هەمەوو ژیان لە “پێنجشەمەیەکی فەنادا” بەرجەستە دەکاتەوە کە “وەک مۆسیقا بۆ برادەرەکەی ڕادەکێشێ”.

٣

کەچی لە ئایەتە شیعرییە سرک و بیرۆکە ئامێزەکانی (جولە حاجی)دا، وێڕای سەرگەرمی گفتوگۆی ئەڤینێکی لەیەک تەواوەدا قەدەرە دەرەکیەکان ئەزموونی ئەو دوو بوونە وێنا دەکات ئەم “ئایەتە” پێشکەشکراوەی (جولە) بۆ ئەڤینەکەی، لە هاوکێشەیەکی مەحاڵی مسۆگەر یان پێچەوانەکەی، خۆ والاَّ دەکاتەوە. ئەزموونی ئەو ئەڤینداریی لەبارانێکی “نێر”و”مێ”دا تێکەڵاو دەبێ کە لەگەڵ بارینی ئەو ئەڤینەدا هەر دەڵێی لەم بوونەدا دوو ڕۆح دەبنە "جمک" و دوانەیەکی نێر و مێ لەبارینێدا بەرجەستە دەکەنەوە.
وەلێ هاوکاتیش لەتەواوی ڕێڕەوی شیعری “ژ بۆتە ئایەتەک” ئەزموونی دوو ئەڤیندار لێکترازان و یەکتر لەئامێزکردندا شەبەنگێک لە ڕەنگە جۆراوجۆرەکانی “بوون” بەرجەستە دەبێتەوە.
کەچی لەدیمەنێکی تردا ئەڤینداری مێ “شیعرەکە لەدوو دەنگی مێو نێردا خۆی دەنوێنێ” لە (ئاخەک ڤالادا” نوێژ بۆ ئەڤینەکەی دەکات، بەڵام ئەنجام دەبێتە خوایەک کە بتوانێ ئەم ئەڤینە بەرجەستە بکاتەوە.

(جوله) لەم "ئایەتە" شیعرییەدا، هەوڵدەدا ئەزموونێک لەئەڤینداری ژیان، کە ئێمەش بەشدار دەکا، بەرجەستە بکاتەوە. وێنە و ئاماژەکانی شیعرەکە ڕوخساری ئەو جیهانە وێنا دەکەن، کە ئەڤیندارانە تیایدا جێنشینە. لەگەڵ هەر وێنە و وێنەیەک، ئێمە زیاتر ڕوومەتمان بەر وردەکاریەکانی ئەو جیهانە دەکەوێ. ئەم خەسڵەتەش تەنیا خەسڵەتی شەهوانی شیعرە، کە ئەزموونەکان لە ئەتمۆسفێرێکی ناسکدا ئاپۆرە دەکا. لەوێ لەو جیهانەدا دڵکێشی دەنگ و یادو جەستەی ئاشق لەدیمەنێکی دیار و نادیاردا، لەکەژێکی تەڕ و خاودا....... تاد ، ئاوەڵا دەبنەوە.

هەر بۆیە ڕەنگە تامی ئەم "ئایەتە" شیعریە، ئەزموونە مێینیەکەی لە دەنگدانەوەی خرخاڵی تەمەنی کورتم دەبم"، ژیانمان بێدار بکاتەوە. دواجاریش ئەڤیندار دەبێتە هزری (ئایەتێک)ی شیعریی و دەبێ ئەڤینداری ئەو ئەڤینەش بخوێنینەوە، تاوەکو "بوون" لە کەژێکی سەرمەستانەدا ئەو جەستە باراناوییە لە ساتی تێکەڵاوبووندا، بەرجەستەبکاتەوە.

٤

بەڵام ئەزموونی ئەو ئەڤیندارییە، کە تایبەتە بەئەزموونی گشتیەتی"بوون"و ڕەنگدانەوەی ژیانو جیهانیئەم شاعیرەمان، لەئەتمۆسفێری"دەمە و بارانێک دێمەوە"دا خەیاڵدانێکی دیکەی شیعری گفتوگۆمان لەگەڵ دەکا، یان بە رەهەندێکی تری خودی شاعیرمان ئاشنا دەکا.

" چنوور نامق" لە پەیوەندییەکی لێکئاڵاوی"زەمەنێک"ی سەفەر



کردوو، یان لەسەفەرگەڕاوە و"شوێنێک"ی هەمیشە تەڕەوە، ئەزموونی ژیانێک بە جیهانی ئێمە دەناسێنێ، کەبێ نووسینی ئەم شیعرە:" دەمەو بارانێک دێمەوە"، ئەو ئەزموونەی ئەو لە" بوون"دا ئامادەیی نەبوو.

کەواتە ئەوە نووسینە، یان کردەی شیعرییەتە کە دەتوانێ بوونە لەیادکراوەکان و ئەزموونە پەرش وبڵاوەکان، یان نەگوتراوەکان، لە رەنگ و تامو خەسڵەتێکی خودیانەدا، تایبەت بەو ئەزموونە، ناوبەخش بکا.

شەبەنگی ئەو ئەزموونەی "بوون" بەدەسپێکی دیاریکردنی "زەمەن" ئامادە دەبێ و موژدەی "هەبوون"ی ئەو جیهان و ژیانە دیار دەکەوێ، کە خودی شیعرەکەش بەم دەسپێکە ئاوەڵا دەبێتەوە:

"ساتێک پاش زەمەن دێمەوە
درەخت دەگرمو
سەوزایی لەبەر دەکەم".

کە "زەمەن" خەریکە دەڕوا و "من"ی شیعریش دەگەڕێتەوە، ئیتر دوو بزوانی جیاواز "شوێن" نمایش دەکەن، یان خودی شوێن دەبێتە ژنێک کە ئەڤینێک سەوزی کردووە : درەختێکە بارانێک بەسەر سێبەرەکەیدا دەبارێ و شیعریش ئەزموونی ئەڤینداریەکەی بۆ "بوون" دەچڕێنێ.

بۆیە "دەمەو بارانێک دێمەوە"، وەک خودی ئەزموونە ئەڤینداریەکەی شیعرەکە، وەفادارە بەژیانی "شوێن). ئەم شیعرە

لەخەمی بەرجەستەکردنەوەی بەهای ژیانی ئەشقێکی ژنانەو پەیوەندیدار بە شوێن دایە.

لێرەدا مەبەست لەگرینگیەتی شوێن، جوگرافیایەکی دیاریکراو نییە، بەڵکو پایەی شیعرە، یان بەدەربڕینێکیتر، شوێنی شیعرە. لەوێ لەو شوێنەدا، "ماڵێک لەتەم"، کەژیان "لە ئەمارەتی خەونێک..." لە فەنای ئەڤینداریەکەیدا دەژی. بەڵام چاوەڕوانیەک هەمیشە ئامادەیە، هەروەک خودی ئەو ئەڤینە لەجەستەی ئەو "زەمانە" دابێت و بزوانەکەی ئەو هاتنە لەشەبەنگیەکدا ئەم چاوەڕوانیە دڵکێش بکات.

هەرچۆنێ بێت، شەپۆلی وشەکانی "دەمەو بارانێک دێمەوە" وەک مێتافۆرێک بۆ ئاخاوتنی ئەزموونی چنوور نامیق،. داوەتمان دەکا، کە بەرێگەی شوێنەکانی خۆمانەوە، ئەو شیعرە لە ئەزموونی خۆماندا بوونی پێ ببەخشین. واتا وەک شوێنێکی شیعریی تێیدا نیشتەجێ بین.

بەڵام پێویستە بتوانین هۆگریەک لە ڕەنگی هەستەکانی ئەو ئومێدە چڕانەی، کە بوونی ئەزموونی ئەم شیعرە پێکدێنن، دەستەبەر بکەین. بەگەیشتن بەشوێنی شاعیر، واتا هۆگربوون لەگەڵ ئەو شوێنە شیعرییەی شاعیر، ئەوە ڕۆشنایی بوونێک دەبینین، کە ئەزموونی ئەڤینداریەک بەرهەمهێنەریەتی.

چونکە بەر لەوە وردەکاریەکانی ئەو شوێن و زەمەنە، وەک شەبەنگێک خۆیان نمایش دەکەن.

ڕەنگە خودی شوێنەکە، هەندێ جار، بەرجەستە بنوێنن، کەچی



دواجار ئەو شوێنە ئەزموونێکی شەبەنگی دەئافرێنێ، کە بەندە بە ڕەنگەکانی هەستی خاوەن شوێن، یان گەمەی شیعرەکە. هەر ئەمەشە وامانلێدەکا سەفەر بۆ ناو ئەو شوێنە بکەین، کە "دەمەو بارانێک دێمەوە"ی تێدا جێنشینە.

٥

ئەگەر وەک بەردەوامییەک لە ئەزموونی ئەڤین و شوێن و.... جیهانبینی شیعرییەتی ژن و شەبەنگی بوون گفتوگۆ لەگەڵ ژیاندا بکەین، دەتوانین بێژین، وێڕای لێکئاڵاوی ئەزموونی ئەو چوار شاعیرە ژنە، وەلێ بیرۆکەی ژیان، یان تایبەتمەندی ئەزموونی (تەرزە جاف) لەوێناکردنی ژنێتی شوێن، ڕەهەندێکی ترمان بۆ بیرکردنەوە، یان ناسینی ژیان ئاشنا دەکات.

بە لێکسوان و چرپە چرپی ئاپۆڕەی شیعری "ڕووت"، کە ئەگەر هەریەک لەپەیڤ و دەستەواژەکان وەک شەپۆلێک لە دەنگ و زەنا و ئاماژە بخوێنینەوە، چاومان یان بینینمان لەشەبەنگی بوونێک ساتمە دەکا، کە ئەزموونێک لەژن و پرسیارەکانی تێدا جێنشینە.

ئەوەمان لەزەینە کە ئەو "بوون"ە "ڕووت"ە، وەک بوونەکەی، یان ئەزموونەکەی (چنور نامیق) و (جولە حاجی) و (بەهرە موفتی) لەچاوەڕوانیی و هاتنێکدا ئاوەڵا نابێتەوە، بەڵکووو لە "گەڕانێک"دا ئەو "بوون)ە دەدوێنێ، کە ئێمە بەهەست دەیبیستین.

ئەو گەڕانەش ئەو "من"ی "بوون"ە کە لە "کراسێک دەگەڕێم پڕ بەباڵای جوانیەکانم" بێ.

کەواتە هەر لەبەراییەوە جەستەی بوونێکی ژنانە لەودیوی کراسێکدا

ئاسۆیە جوانەکانی ئاوەڵا دەکاتەوە.

بەڵام ئەو بوونە "گەڕیدە"یە : "وەک داڕژانی تاڤگەیەکی ڕەنگین بەسەر گردگۆڵە پاکیزەکانماندا"، لێرەدا مەبەست "پاکیزەکانی ئەون"، نەک ئەویتر، یان خوێنەر، ئەزموونی ئەو "گەڕانە ڕووتە" دەکاتە فۆرمی "باڵای" جوانی بوونە ژنێتیەکەی. بەواتایەکیتر ئەو "گەڕانە ڕووتە" خودی فۆرمی یان "کراسی" ئەو جەستەیە وێنا دەکا.

تەرزە جاف، تەرزە شوێنێک بۆ جێنشینکردنی "بوون"ی ژنانەی خود نمایش دەکا، کە ڕوحیەتی ئیرۆس (Eros) مەستی کردووە. "گەڕان"ی ئەو جەستە "ڕووتە" بۆ شوێنێکە کە لەوێدا جوانییەکان بە جوانی خۆیان ببینرێن. لەوێدا جەستەی ژنێتی لەودیوی شەبەنگی "کراس و تاڤگەکان و میهرەبانی و عەورەت و ماچەکانی خۆر....)، بەهای ژیان و ناسکی ئەو ئەزموونە ئامادەیی "بوون"ێک، ڕابگەیەنن.

کەواتە بەگەیشتن بەو "شوێنە" ئیرۆسیەتی "بوون" بەرجەستە دەبێتەوە.

بیرۆکەی ئەو خوازینە ئیرۆسیە، گەڕان بەدوای ئەڤینو جوانیەکی خەیاڵێنراو، لەسەرچاوەی ئەو ئیرۆسە ئیدیالەی پلاتۆن (Plato)دا ڕیشاژۆیە. لەدونیای بیرۆکەی پلاتۆندا، ئیرۆس مانایەکی ڕۆحیانەی هەیە. ڕەنگە وزەی ئەو ئیرۆسە بەندبێ بەو ڕۆحەی مرۆڤ کە دڵکێشیەکی سەرمەستکارانەی هەیە. ئەو ئارەزووە ئیرۆسییە بۆ شوێن، یان ئەو دونیایەی کە لەوێدا جەستە ئەزموونی ئەو "بوون"ە ئاوەڵا دەکاتەوە. بەڵام داخوازی بۆ فۆرم لەچێژی جوانی بەدوور



نییە، بۆیە ئەو جەستە "ڕووت"ە شیعریەی "تەرزە جاف" ئارەزووی "کراسێک" دەکات دواجار دەبێتە دیسپلینێکی جوانی، کە فۆرم باڵا دەستە، واتە ئەوە ئەو جەستەیەیە کە شەبەنگەکەی لە ڕەنگی ئەو "کراس"ە ئارەزووکراوەی "تەرزە جاف"دا، ئەم (بوون)ە لە ئیرۆس گومڕا دەکات.

ئەوەی کە گیانی بینین، یان خوێندنەوەی (ئەویتر) نیگەران دەکا، یان تووشی گەڕانێکی وێڵی ئیرۆسی دەکات، شەبەنگی ئەو جەستەیەی (ئەو دیوو کراسەکەیە)، باڵا دەستی فۆڕمی ئەو جەستەیەیە، چونکە هەر وێناندنێک بۆ شەبەنگی ئەو فۆڕمە جەستەییە خۆی لەخۆیدا ڕاستیەکی گومڕایە، شەبەنگ هەمیشە وەرچەرخاو و بزاوە، بەرجەستەکردنەوەیەکی نیگەرانکارە. کەواتە هەموو خوێندنەوەیەکی ئێمە دەبێتە "ڕووتکردنەوە" و "کراس لەبەرکردنی-بەفۆڕمکردنی" ئەو جەستەیە.

بەڵام ئەو هەوڵە بۆ ئاوەڵاکردنەوە و دواندنی ئەو جەستەی شوێنە، ژن ئاکارە، یان فۆڕمە مێینەیە سوورگومی شوێنێکمان دەکات کە جوانییەکان و چێژەکانی تێدا ئاوەڵایە. ئەوە ئەو جوانییە شەبەنگیەیە کە ئێمەی مرۆڤ لە ئەزموونەکانی ئەو چوار شاعیرە مێیەدا ناچاری بەشداربوویەکی ئامادە بوو دەکا.

٢٠٠٤ مای

ستۆکهۆلم

## بەناو پێکدا دەبارێین: لەرینەوەی دەنگێکی بەدەمرێوە

گرنگی شیعر بە گشتی و، شیعری کوردییش بە تایبەتی، وەک هەر کردەیەکی ژیانکردن، لەوەدا نییە کە لە خەمی ئەو شێوازەی کە باو و جێگیرکراوە بکۆشێ، بەڵکوو ئەو گرنگییە لەوەدایە کە دەنگەکان بتوانن شێوازێکی نەبینراو، یان جیاواز بدۆزنەوە. دەستکردن بە گەڕان بە دوای ڕێچکەیەک، یان گەردوونێکی تر، لە دایکبوونی ویستی ئەو جوداوازییە، کە لە رووبەری ژیان و بگرە جیهانی شیعری ئێمەدا ئامادەبوونێکی شەرمنی هەیە. هەبوونی شێوازێکی جودا لە پرۆسەی شیعراندنی نادیارییدا، ئەوە دەگەیەنێ کە تۆی شاعیر توانیووتە زمانێکی تایبەت بە خۆشت بەرهەمبهێنیت. بە واتایەکی تر، ئاوەڵاکردنەوەی ڕێچکەیەکە بەرەو گەردوونە پەنهانەکانی زمان. بۆیە بوون بە شاعیر وەک خۆت، بە زرنگی وتنەوە و ئەزبەرکردنی ئەو وشە، ریتم، وێنە، هاوردە و شێوازانە دەستەبەر نابێ کە شاعیرانی لێکچوو بە گەلەکۆیی دایانرێژاوە، بەڵکوو ئەوە بە شیعراندنی ئەو شێوازە، یان ئەو ڕێچکە فەرامۆشکراوەی کە بەرەو ئەو گەردوونە نادیارەمان دەبات، دەردەکەوێ و دەخەملێ. پێڕۆکردنی ریتمێکی داسەپاو، کە هەمیشە وەک نەریتێکی قبووڵکراو، بخوێن، گوێگر و بینەر بە ئاسانی دەقی پێوەدەگرن، وەک ئەو شێوازەی کە هەر لە دوای نەوەدەکانەوە لە ئاستی بەشێک لە شیعری کوردییدا لەسەر بنەمای پەیوەندییەکانی هاوڕێی،



هاوشاریی لە ئارادایە. هەر لەسەر بنەمای ئەو مگجێژەش، خودی ئەو شاعرانە خۆ بە خۆ و خوێنەرانیان، بە ناوی "خوێندنەوە"، "راڤە" و زاراوەگەلێکی تر، کە لە بڵاوکراوەکانی کوردییدا پەسنی یەکتر دەدەن، کە ئەم دیاردەیەش یەکێکە لەو هۆیانەیە کە رەخنەی کوردی لە دەرەوەی خودی رەخنەسازییدا هێشتۆتەوە.

هەرچەندە ئەو دیاردە شیعریی و رەخنە خێزاندارییەی کوردی پێویستی بە خوێندنەوەیەکی فرە بوار هەیە، بەڵام بۆ ئەوەی ئەو سەرنجەمان کەمێک راشکاوتر بکەین، دەتوانین ئاماژە بەوە بکەین کە ئەمڕۆ خوێنەر دەتوانێ سەدان نموونەی لێکچوو لەو شیعرە حیکایەت" ئامێز و میتافیزک ئامێزە لە شیعری کوردییدا ببینێ، کە بەو تەرزە ریتمە دەستپێدەکا" "ئەی یار ئەشق لە فردەوسەکانی مەحەبەت پەشیمانی کردینەوە... تاد"، هەندێ جاریش، لە کن ئەو تەرزە شاعیرانەدا، ئەو "ئەی یار"ە بە پەیڤگەلێکی هاومانا، وەک "ئەی هاوڕێ، برادەر و ... تاد"، دەستپێدەکەن. هاوکاتیش لە خوێندنەوەی هەر یەک لەو نموونە شیعرییە باوانەی ئەمڕۆماندا، کتوپڕ وێنە و کۆپلە شیعرێک لە چامەی "دەنگی پێی ئاو"ی سوهراب سپێهری یان فەروغ فەروخزاد، بە زەقی بەرۆکمان دەگرێ. دواجاریش مەیلی خوێندنەوە و کاتە بە فیرۆ چووەکانمان، تاسەدار و خاکەسار دەکا. بەهەمە حاڵ.

کەواتە شیعراندنی شێوازێکی دەربڕینی خودییانە یان تاکگەرایانە، بە هونەری لاساییکردنەوەی پەیڤگەل و ئەزبەرکدنی ئەو ریتمە ئاسۆیی؛ حیکایەت ئامێزەی، کە ئاماژەمان پێکرد، لە دایک نابێ. لێرەوە

دۆزینەوەی ئەو شێوازە رەسەنە ئاسان نییە. دۆزینەوەی ئەو شێوازە بە ئارەزوو مەیسەر نابێ بەڵکوو لە رۆچوون بەناو ناخی زماندا چاوهەڵدێنێ. یان بە واتای ژیل دۆلۆزییانە لە خودی زمانی خۆتدا نامۆ بیت. (١) بەمەش شاعیر رێچکەی کۆچێک بەرهەمدەهێنیت. ئاوەڵاکردنەوەی ئەو رێچکەیە بەندە بە دۆزینەوەی ئەو شێوازە خودگەراییە. ژیان بەخشین بەو شێوازە پرۆسەیەکە لە بووناندنی خود لەناو گەردوونی زماندا. ئەمەش مانای پەیڤاندنی یادەوەریی فەرامۆشکراوی زمانە.

لێرەوە بە دواندنی کۆشعری نیگار نادر "بە تاو پێکدا دەبارێین"، کە بەر لە خوێندنەوەی ئەو کۆشیعرە، ئەو شێوازە لە شیعرییەتەی کە وەک پێشەکییەک ئاماژەم پێکرد، لە زەیندا نەبوو. خوێنەر بەدەم رێگای پەیڤین لەگەڵ ئەو کۆشیعرە، کتوپڕ بەرەو رووی دیمانەی ئاسۆی شێوازێک دەبێتەوە کە لەوێدا هەستدەکەی لە قووڵایی ناخی ئەو شیعرانەدا مەیلێک لە نائاسایبوونی شێوازێک، رێگایەکی نامۆ یان زمانێکی نامۆ سەرەتاتکێت لەگەڵ دەکا. بە دەربیرنێکی تر، دەکرێ لە جوگرافیای ئەو کۆشیعرەدا، لەرینەوەی دەنگێک ببیستین کە بە بەدەمرێوە دەخوازێ شێوازێکێ خۆکرد بە خاکی شیعریەتی ژن ببەخشێ

وەلێ لە بەراییڕا با ئەوە بڵێم، کە بەر لەو کۆشیعرە، بە رێککەوت چەند شیعری وەک: "کوێر بوونەوە"، "وەشان" و "دڵم هەنارێک بوو رنیان"ی نیگار نادرم خوێندەوە، کە هەر ئەمساڵ، ٢٠٠٦، بە رێککەوت" لە سایتی "دەنگەکان" بڵاوکرابوونەوە، (بەر لەو



شیعرانەش، شیعری تری ئەو شاعیرەم نەبینیبوو). دواجار هەر بە رێککەوتیش، دوای ماوەیەکی کورت، کە لە سایتی ناوبراودا بەرگی ئەو کۆشیعرەم بەرچاو کەوت، شەبەنگێ ئەو شوێنپێیەی کە ئەو چەند شیعرە لە زەینمدا مابوونەوە، بەرەو تەیکردنی جیهانی "بەتاو پێکدا دەبارێین" جولاندمەوە.

لە شیعری "کوێر بوونەوە"دا لای نیگار نادر، مەیلی ویستێکی رووتی شیعریانە، هاوکاتیش هێورانە بۆ تێکشکاندنی پێناسە دارێژراوەکانی: "هاوسەرێتی"، "ئەڤین"، "ماف"، "پاکیزەیی"، "ئازادی"، "ئەشق"، "ئاشتی" و "ژیان"، بەرۆکی زمان دەگرێ، بەمەش بەمەش رامانێکی ناباو، گەردوونێکی بارگیکراو بە مەرجە قووڕسەکان لەسەر ژن، لە زماندا ئازادی خۆی رادەیەنێ. لە دوای خوێندنەوەی ئەو شیعرە، ئیتر وێنای ژن هەر لە خۆزگە و خەونی بەدیهێنانی رزگار بوون و خۆ بە قوربانی نمایشکردنەوە دەبێتە راپەرموون و تێهەڵچوونەوەیەک بەناو خود. نیگار بە کردەیەکی شیعریانەی بێباکانە ئەو مانایە بناخرێژانەی کە دەسەڵاتی نێر بە ناوی رەوشت لەسەر وێناندنی مێینەدا هەڵیچنینەوە سەرەو ژێر دەکاتەوە یان هەلیدەوەشێنێتەوە و بەمەش شێوازێکی رەسەن بە خودی شیعریەتی خۆی و مانایەکان دەبەخشێ. هەرچەندە ئەو شیعرە بە کۆپلەیەک یان لانیگایەک لە جەستە بزواوەکەی ناتوانێ گشت مەرامی ناخی ئاگاییە شیعرییەکەی رابگەیەنێ، لێ وێڕای ئەمەش دەتوانین بە دیمەنێکی خێرای ئەو جەستە بەرێوەیە وێستێک بکەین و دواجار بەخۆمان تەواوی رێگای ئەو سەفەرەی، کە

بەدەمڕێوە بێدەنگ دەستەواژەکان هەڵدەچنیتەوە، وێنا بکەین:

"لە گوێچکەکانی پیاوێک ڕا
نرکەکانی دونیا دەبیستێ و
یەک لە دو یەک
دڵ و چاو و روحی
زیندەبەچاڵ دەکا و
ناوی لێ دەنێ *ئەشق*" (کوێربوونەوە، سایتی دەنگەکان).

نیگار زمانی ناخی ژنانەی، وەک ڕەگەزێکی جودا، کە لێرەدا ئاماژەکردن بە دەستەواژەی "جودا"، پۆلێنکردنێکی باو نییە لە مرۆڤ، بەڵکوو مەبەست لە بەهای ئاوەڵاکردنی ڕەهەندەکانی جوداییە، وەک زۆرینەی زمانی شیعری ژنی کوردی، لە ناسکوێژی شێوەی دەرەکی جەستەی زمان، وشە، وێنە و گوزارەکردندا دەرنابڕێ، بەڵکوو ئەو زمانە لە جیهانێکی ناوەکی، لە خاکێکی مێگردا سەرهەڵدەگرێ. چەشەی ئەو زمانەش لەم تەرزە دەبڕینەدا ئامدەکرێ:

"هەنارە کیژێک بە چەقۆ دڵی هەڵدەکۆڵرێ
نە قلشی دەکەوێتێ و نە هەناراوی لەبەر دەڕوا..." ("وەشان"، سایتی دەنگەکان)



پەیڤەکان پێکرا بە چنینەوەی وێنەیەک لە ژن، ناخی کۆمەڵگای ئێمە ئاوێنە دەکاتەوە. لەبەردەم ئەو وێنەیەدا کۆی جەستەی ژن "هەناراوی لەبەر دەڕوا"، لێرەدا ڕەنگی هەناراوی وەک هاوردەیەک خوێنمان بە یاد دێنێتەوە. بەڵام ئەو وێنەیە لە یەک کاتدا هەم زمانێکی مێینانە و، هەمیش ئازارێکی مێینانە بەرجەستە دەکاتەوە.
هەر لە هەمان شیعردا، تیشکی ئەو ناوەکییە ژن ئامێزە، تژیتر زمان شەبەنگی دەکا:

"کچێک نمەنمێ بکا و
سەرلەنوی خاک تەڕکا..."

وێڕای ئەمەش، ئەگەرچی، بە گشتی، شیعراندنی پرسی ماف، بەرابەریی تلانەوە بە دەست نە بوونی ئازادی و لە خۆ ڕوانین بە چاوی پیاو ... هتد، بەشی سەرەکی لە پانتایی نووسینی ژنی کوردییدا تەنیوەتەوە، کەچی، بە جۆرێک لە جۆرەکان، لە شیعری نیگاردا، ئەو کێشە دژوارانەی کە هەمیشە کۆمەڵگای کوردیان گەمارۆداوە و ئاکامی ئەمەش ڕەنگدانەوەیەکی زۆری لەسەر ناخی ژن و پایەکەی داناوە، ئامادەییان هەیە، یەکێک لەو کێشە سەختنانەش شەڕی کورد لەگەڵ دوژمنی دەرەکی و ناوخۆیە، کە کایەکانی ناخی ژنی کوردی برینڕێژ کردووە. لێرەدا نیگار بە دەربڕینەکانی زمان، شوێنپێ ئەو شەڕە وەک شێوازێک لە شیعریەتەکەی دەپۆشێ:

"شەڕ تازە دڵم ببوو بە هەنارەکە ...
خوێنی سەدان گەنجیان
لەسەر رشتم
چەند جار لەسەرم پێکهاتن و
داستانەکانی براکوژیم پێ
نیوزە دبوون...

تەرمی ژنێکی هەتک کراوی
ئەوان رۆژێ
کێ بە ئاقارم رابوورد
دەستی خوێناوی خۆی پێ
ئەسڕیوم و..." ("دڵم هەنارێک بوو بڕیان"، سایتی دەنگەکان)

زمان لای نیگار نادر، بە شێوازێکی جودا بەنێو پانتایی خۆیدا وەر دەبێ و ریتمێکی ناباو؛ چرپیەتێک لە وتنی بازنەیی، پەلهاوێژانە، لە ئاراستە ناوەکییەکانی شیعراندن دەلەرێتەوە. هاوکاتیش لەمدو جولەکانی زمانی ئەو شێوازەدا، کە وەک دەردەکەوێ بە مەیلی خۆ جوداکردنەوەش سەرقاڵە، خۆیان بۆ بیستن مشتوماڵ دەکەن . بەڵام لە پێش مەیلی ناخی پەنهانی ئاگایانەی شاعیردا، چەپەرێک لە خۆگرتن بەر هەست دەکەوێ، کە رێگا لە دەربڕینی ئاگایی شاعیر دەگرێ کە رەهایانە بیپەیڤێنێ:



"ئێلێک پیاوی پڕ لە شوورە
کە شوورە لە نێوان خوێن و ... شوورە لە چاوان و
شوورە لەسەر لێوەکانیان دادەکوترێ.. (بەتاو پێکدا دەبارێین).

لێرەدا شیعرییەت وەک تەکانێک لە رەخنە هەوڵدەدا رەهەندی کۆمەڵگا و کولتووری ژیان لە جڤاکی ئێمەدا بەرەو خەملاندنێکی ڤاڵا و باڵا هەڵبکێشێ. ئەو هەوڵە لە شیعرییەدا ئەوە ناگەیەنێ کە شاعیر ئەو شتە باوانەی کە داڕێژراون، بەنامۆ بکا، یان لەکەدار بکا، بەڵکوو دەخوازێ رووخسارێکی تر و ژیانێکی تریان پێبەخشێ. چونکە شیعر، وەک رەخنەیەکی تیۆری، خۆی بە سەرچاوەی زانیارییەکان نابەستێتەوە، بەڵکوو بە پێچەوانەوە شیعر یاخی بوونە بە رووی هەموو زانیارییە قەتیسماوەکان،
لەو دیدەڕا شیعرییەت دەبێتە کردەیەکی سەرفراز بۆ دەربڕینە رەسەنەکانی شاعیر. بە واتایەکی تر، ئەو چەشنە شیعرییەتە دەکارێ لە رەوتەکەیدا ئەو چەپەرە تێکبشکێنێ و ئەو شێوازە جودایە لای شاعیری "بەتاو پێکدا دەبارێین" تۆختر بکاتەوە. بەمەش رەسەنایەتیەک لە راگەیاندنی شیعریەتی من لە پێناو پێکدادانی بەرهەمێنەرانەی رەگەزەکان، رەهەندە "جیاواز"ەکان کاراتر بکا. بۆیە مەتەڵی ئەو جیاوازییە لەو گومانەوە لە دایک دەبێ:

"ئەوە چ سیحرێکە کە هەردەمە پیاوێک
لەسەر رووحم لەسەر مێشکم

لەسەر لەشم ئیماراتێک بۆ خۆی دیاری دەکا."

ئەو دیمەنە شیعرییە لە زەینماندا جوگرافیایەک دەکێشێتەوە، کە لەوێدا، وەک وێنایەک، پیاو خولیایەکانی خۆی لەسەر لەشی ژن پیادە دەکا. بەمەش لەشی ژن دەبێتە بوونەوەرێکی داگیرکراو لە ژێر رکێفی پیاودا. بۆیە لە جیهانی ئەم "ئیمارات"ەی پیاودا، ژیان وەک شاعیرێکی ژن ئەستەمترە لە ژیان وەک ژنێکی مرۆڤ.

بەم چەشنە شاعیر بە گرتنەبەری رێگای زمانەکەی بەرەو شێوازی بوونەکەی، دەتوانێ لەمپەرە چەقیوەکانی کۆمەڵگا فەرامۆشبکا و ژیانێکی نوێ بە رەگەزی نێر، وەک بەرهەمهێنەری ئەو لەمپەرە، بناسێنێ.

هاودەمیش شاعیر بە دۆزینەوەی ئەو رێگایە، دەتوانێ خۆی لەو شێوازە بە کۆمەڵییەی کە وتمان لە پێکچوون و خۆ هەڵواسین بە یەکترەوە کە ئەمرۆ لە پانتایی شیعری کوردییدا کەڵەکە و بەرخۆر بووە، دەرباز بکا و هەبوونە فەرامۆشکراوەکانی جیاوازی خۆی ئاوەڵا بکاتەوە.

بەڵی، لەمدیوی "بەتاو پێکدا دادەبارێین" نیگای مرۆڤێکی بێدەنگ بە رەنگی وشە و یارییەکانی زمان: هەندێک جار نەوا و شێوازی دەربڕینی "هەولێر، خۆشناوەتی، سلێمانی، کرمانجی؛ هێوری، تووڕەیی، خەمینی و تریقانەوەی ناخی ژنێتی زمان...، بوونەکەی بەرجەستە دەکاتەوە. بەدەم ئەو رێکردنەوە نیگار و دیمەنی ناوەکی



و دەرەکی روحی جولەی شتەکانی ناو بوونی کورد، دەچنێتەوە. لە ناو چرپاندنی راڕەوی رێگای ئەو کۆشیعرەدا، خەم و خەندە؛ نیگای سروشتی شەرمنانەی ژنێتی کورد، شوێنکاتی مێ، لە ئاوازی لاوک و حەیران ئاسا، یان تێکەڵاوییەک لە ناڵە و تریقانەوەی ئەو شوێنکاتە، زەینمان دەتەنییەوە.

"کۆشت بێنە بێمە ناوی
شەپۆڵان بدەم..."

لێرەوە لەگەڵ ئەواڵابوونی زمان، وێنەیەک لە شەپۆڵی سۆزی ژنانە، ژنێتییەک لە جەستەی پەرێشانی، بێماڵی بوون گەرم دەکاتەوە. لێ بە دیوێکی تر، ئەگەر زۆر ئاوەزیانە، یان بە ریتمی ئەو رۆژگارا بهزرین، کەلێنێکی رەچاوکراو لە حەسرەت و توانەوەی دەنگی ژن، لە دووڕیانەکانی شیعریەت، خود بوون و مەنەلۆگ ، لەمدیوی جەستەی زماندا سەرهەڵدێنن:

"خۆشەویستیم بە خۆمەوە نەبینیوە...
بۆیە تەتەر ئاسا بە شوێن باس...
بۆن و...دەگەڕێم..."

کۆی ماناوەی ئەو قەهر و گەڕانە بەردەوامە بە دوای راهایەتی "خۆشەویستی" یە لە ئاکامی کارایی "جەنگەڵی ئێرەیە" کە لە

بەرهەمی شەڕدایە. شەڕیش وێرانکردنی ئەو نامەیە کە شیعریەتی ژن هەڵگریەتی. بۆیە ئەو کەونەی کە حەسرەتی گەڕان و وێڵی ئەو منە شیعرە ژنێتییە پەنا دەدا، خودی شیعرییەتە:

"نازانم خۆم بکەمە کام ماچ
تا خۆشەویستیتیت فێر بکەمەوە
نازانم بچمە کام کەون
تا لە جەنگەڵەکان دوورت بخەمەوە..."

لە یەکاتدا ناسکوێژییەک لە شیعریەتێکی ناوەکیانەی ژن قوڕگی حەسرەتی گەڕان ئاوازدار دەکا و گەردوونی ئەڤینی ناخ ئاوەڵادەکاتەوە.

بەمجۆرە بە روانینی من، دەکرێ ئەو کۆشیعرە، وەک شێوازێک لە مەیلی شیعراندنی جیاوازی، کە دەخوازێ بە ریتمێکی بێدەنگ بوونی خۆی بدوێنێ، بخوێنینەوە. وەلێ دەنگی "من" لەو کۆشیعرەدا، هەروەک بەدەم رێگاوە ناڵەکان وێڵی کردبێ، خۆی لەناو بۆتەی "نازانم" یان "کۆدەنگ" کاڵدەکاتەوە. رەنگە چونکە ئەوکاتانە کە هەستدەکا"
بەرەو هەر مرۆڤێک
پێهەڵدێنم سەیر دەکەم سەرابە..."

وێڕای ئەمەش، وەک تەکانێک لە مەیلاندنی شێواز، ئەو کۆشیعرە دەخوازێ بە رەنگ و تامەکانی زمانێکی بێدەنگ، لە ریتمێکی



دیکەدا، شێوازی ماڵە شیعرییەکەی رابگەیەنێ.

کەواتە کۆشیعری "بەتاو پێکدا دەبارێین"، بە مەیلێک لە راگەیاندنی شێوازی زمانێکی ناباو، هەوڵدەدا لەو کۆ دەنگەی شیعری ژن، کە وەک وتم لێوانرێژە لە ناسکوێژی شێوازێکی دەرکی ژنانە، هەروا لەو ریتمە شیعرییە ئاسۆیی و میتافیزکییە ئامێز و بە کۆمەڵییەی پیاوان، خۆی داببڕێ. ئەگەرچی لەو کۆشیعرەدا جۆرێک لە راستەخۆیی و ئاوڵەمەیی لە زمانی دەربڕیندا دەبینرێ، بەڵام نیگار لەو چەند شیعرەی کە دوای ئەو کۆشیعرە بڵاویکردۆتەوە، کە ئاماژەم پێکردن، ئەو مەیلە لە دابڕان و جوداوازی زێدەتر دەخەملێنێ. دواجاریش بە رێژنەی "پێکدا بارین" ێکی تردا. دەتوانێ بە زیاتر رەنگرێژکردنی زمانەکەی، شێوازی ماڵی ئایندەکەی درەوشاوەتر بکا. وەلێ دواجار تەنیا خودی ئەو دەنگە بەرێوەیە کە دەتوانێ بە خۆی ئەزموونە شیعرییەکەی ئەو شێوازە چاوەڕوانکراوە رابگەیەنێ.

کەواتە:
"نیگەران مەبە... من ئەڕۆم سەفەرێکی
رەهایی بەرەو ونبوونەکان
ئەمەوێت بێم بۆ ماڵە چۆڵەکەی وە ..."

نەورۆزی ٢٠٠٦
ستۆکهۆلم

(1) Gilles Deleuze: SAMTALET, Vad är det och vad är
Glänta, nr 24, 2004, Göteborge, گۆڤاری det bra för?,
Sverige.

"نامەیەک بۆ بەهەشت"؛

پیاسەیەک لەگەڵ کۆپەرۆشییەکانی تاراوگە و یادەوەریی منداڵی

کۆچیرۆکی: "نامەیەک بۆ بەهەشت"

نووسەر: باران

ستۆکهۆڵم، کۆتایی ٢٠٠٦

کۆچیرۆکی "نامەیەک بۆ بەهەشت"، بە زمانە شیعرییانەکەیەوە جۆلانەیەکی رەنگینە بۆ حەوت دەقی چیرۆک و پەخشانی، کە هەر دەقێک لەو دەقانە لە چەندان رووداو، پرسیاری ئەڤینداریی، پەرۆشییەکانی گەنج لە نێوان ژیانی تەراوگەنشینی و بانگەکانی یادەوەریی منداڵیی و دۆخی کەسەکان لە ژیانێکی دڕدۆنگی تەکنیکی و گەڕان بە دوای یادەوەرییەکانی منداڵی، دەچنێتەوە. چیرۆکنووس (باران) بە کۆپلەگەلی چڕی چیرۆکگەلێکی وەک: "زایەڵەی پارچە پارچە بوون"، "تراویلکەی باڵەکان"، "گوڵێک لە گوێزان"، "چاوە گریاوەکان پێکەنین"، "سێێێ..."، "ئەمشەو چ ساردە ئەزیزمان" و "نامایەک بۆ بەهەشت"ەوە کۆی ئەو رووداو، پرسیار و پەرۆشییە بوونگەرایانەی ژیان دەگوازێتەوە ناو گەردوونی زمان و نهێنییەکانی ئەو ژیانگەلە، کە پێش خوێندنەوەی ئەو چیرۆکانە نەبینراو بوون، ئاوەڵا دەکاتەوە و بوارێک بۆ خوێنەر دەسازێنێ کە لە رێگای خەیاڵاندن و ئەزموونەوە ئەو ژیان و رووداوگەلەی کە لەو کۆچیرۆکەوە ئامادەییان بینراو کراوە، شرۆڤە بکاتەوە. یان ئەگەر بە



زمانی نووسەری ئەم کۆچیرۆکەوە بپەیڤین، کە هاندەرییەکانی بە گۆهێنانی ئەو رووداو و کۆپەرێشانییە لە "مەستببوونە لا بە هەستتر"ەکانی خۆیەوە سەرچاوەیان هەڵگرتووە، چونکە خولیای ئەو "کۆپیاسە"یەی (باران) لەگەڵ ئەو کۆ پەرێشانیی و یادەرەرییانەی منداڵی ئەوەیە کە ئەو "مەستیم مەبەسترە"ی خۆیمان پێڕابگەیەنێ.

("سێێێ..."، لاپەڕە: ٧٥)

لێرەدا دەکرێ ئاماژە بەوە بکەین، کە ئەمڕۆ لە روانگەی بەشێک لەو ئەکادیمیانەی کە لە بواری رەخنەی ئەدەبیدا دەنووسن، هونەری چیرۆک بە تەرزە شێوازێکی سەربەخۆ، یان دابڕاو لە ژانرە ئەدەبییەکان پێناسە دەکەن. لەبۆیە خوێنەریش دەتوانێ لە روانگەیەکی سەربەخۆوە، یان دابڕاو لە ژانرە ئەدەبییەکانەوە ئەو چیرۆکانە راڤە بکا. لێرەوە دەکرێ تایبەتمەندییەکانی چیرۆکێکی تۆکمە و خەملیوو لە دەقێکی چڕ و پڕ، شێوازێکی چەشە ئامێز، شێوازێک کە لە نێوان زمانی دەرەکی و زمانی ناوەکی؛ دەقی دەرەکی و دەقی ناوەکیدا هاوئاهەنگ و مشتوماڵکرا وێنا بکەین. هاوکاتیش پێویستە دەقی چیرۆکێکی سەرکەوتوو هەڵگری گرێیەک، گرفتێک، رووداوێک بێ؛ یانیش دەقی چیرۆکێکی خەملیو، وەک هونەری شیعر، بتوانێ تەقینەوەک بسازێنێ. کەواتە هونەری چیرۆک هێندەی لەگەڵ شیعرییەت هاودۆستە، هێندە لەگەڵ ژانرەکانی دیکە نزیک نییە.

وێڕای ئەمەش، بەدەر لەو پێناسانەی ئێمە، دەکرێ هونەری چیرۆک شێوازێک بێ کە خاوەن پێناسەگەلێکی دیکەی خۆی بێ. بە

واتایەکی دیکە، دەکرێ هونەری چیرۆک بریتی بێت لە شێوازێک کە چیرۆکنووس بە خۆی شێوازەکەی دیارییکا؛ شێوازێک کە لە بۆتەی ئەو پێناسانەی کە کراون/دەکرێن بەدەر بێ. یان بە واتای والتەر بینیامین، چیرۆکێکی سەرەکەوتوو، وەک هەر بەرهەمێکی تری ئەفراندن، لەوەدا بەرجەستە دەبێتەوە کە لەناوماندا بژی و ناچارمان بکا بۆ کەسانی تری بگێڕینەوە. لەو روانگەیەوە چێرۆک بۆ ئەوەی نهێنییەکانی ژیانمان بۆ هەڵبێنێ و ئاوەڵابکاتەوە، بە کۆپلە چڕ و پوختەکانییەوە بیرۆکە، رووداوێک، ئەزموونێک لە ژیانی مرۆڤەکان لە ناو گەردوونی زماندا دەترنجێنێ . بەمجۆرە چیرۆکیش پرسیار و پەرۆشییەکانی بوونمان بە گۆ دێنێ، کە پێشتر بێدەنگ بوون، یان بینراو نەبوون. لێ رەنگە بۆ چیرۆکنووس ئاسان بێت کە بەشێک لەو پرسیار و پەرۆشییانە شیبکاتەوە و ئاوەڵا بکاتەوە، هاوکاتیش بەشێکیش لە سەختی شیکردنەوەی ئەو پرسیار و پەرۆشییانە پەیوەستن بە شێوەی هونەری لێزانی و ئاستی دەرککردن لای چیرۆکنووسەوە.

بەمجۆرە (باران) لە رێگای هێڵکێشی و نەخشەسازی ناوەوە و بەرگی ئەو کۆچیرۆکەیەوە ئاسۆیەکی رەخساوتر بۆ خوێنەر دەرخسێنێ، کە وێڕای چەشەی زمانە شیعرییەکەشی، چەشەیەکی جوانناسی تر فەراهەم بکا. لێرەوە نابێ ئەوەمان لە یاد بچێ، کە (باران)، وەک گەنجێک خاوەن شێوازی زمانێکی رەوانی کوردییە، کە ئەمڕۆ زۆرینەی گەنجی تاراوگەنشین نەک هەر شارەزاییەکی باشیان لە زمانی کوردی نییە، بەڵکوو خولیای فێربوونیشیان لاوازە،



هاوکاتیش (باران) خاوەن سەلیقەیەکی هەمەرەنگە: وێڕای چیۆکنووسین و پەخشاننووسن، لە دیزاین، نەخشەسازی سایت و کتێبدا دەستڕەنگینە. هاوکاتیش ئەمڕۆ کیژە نووسەرەکانی کورد، چ لە تاراوگە و چ لە کوردستانیش، ئەوەندەی بە شیعرەوە سەرقاڵن، هێندە بە چیرۆک و پەخشانەوە سەرقاڵ نین، ئەمەش، رەنگە، بۆ ئەو جیهانبینییەی کە لە کن زۆرێک لە نووسەر و خوێنەری کوردی نێرینە و مێینەوە هەیە بگەرێتەوە، کە گوایە شیعر، *وەک ئاسانترین شێوازی دەربڕین*، بێ زانیارییەکی باش لەسەر زمان و پاشخانێکی قووڵی رۆشنبیریی دەتوانرێ گوزارە لە هەست و خەمەکانی مێینەوە بکا. بەهەمە حاڵ، لێرەدا ئێمە بوارمان نییە وردتر ئەو بۆچوونەمان روون بکەینەوە.

بەمجۆرە ئەو رووداو، پەرۆشیی و پرسیارەگەلەی کە نووسەری "نامەیەک بۆ بەهەشت" بە گۆیان دەهێنێ، هەر تەنیا لە ئاستی زمانی چیرۆک یان پەخشانیدا نمایشیان ناکا، بەڵکووو بە شێوازی هونەری وێنەکێشی و ئامادەیی رۆشنایی شیعرییەوە رەهەندێکی تریان پێدەبەخشێ.

دەبا پێکەوە ئەو کۆپلەیە بخوێنینەوە، کە هەردەڵێی ئازارێکی تەڕە لە گەردوونی زمانەوە دەتکێ:

"پێدەچێت بارانی ئەمڕۆ هەر بەسەر ئەو کچەدا بارییێت!" ("چاوە گریاوەکان پێکەنین"، لاپەڕە: ٦٦)

کەواتە (باران) لەو کۆچیرۆک و پەخشانەدا، بۆ ئەوەی ئەوێ و ئێرە؛ ژیانی تاراوگە و یادەوەری زارۆکایەتی، چیرۆکەکانی ئەو ژیانە

نەبیراوەی کەسگەل لەگەڵ یەکتر ئاشت بکاتەوە، یان وەرچەرخانێک، تەقینەوەیەک لەو رووداو، پرسیار و پەرۆشییانەی کە لە ژیانماندا پەنهانن بسازێنێ، دەیانگوازێتەوە بۆ سەر کۆجۆلانە رەنگینەکەی، ناو کتێبە شینە ئاوییەکەییەوە. لەوێدا هەر کەسە و بە دڵێ خۆی، بە دەم هەژانەوە، چیرۆکەکانی خۆیان، یادەوەرییەکانی منداڵی و ئەزموونی ئەڤینداری خۆیان بۆ رۆژگارێکی تەکنیکێنراو؛ پەرتەوازە لە ناو هێمایەکان بگێڕنەوە. لەوێ لەو رۆژگارە بە تەکنیک گەمارۆدراوەدا، کە گەنج لە نێوان وێڵبوون بە دوای ئەڤیندارییەکی سەرووی واقیع؛ پەیوەندییەکی مێتافیزیکی و لەمپەرە کۆمەڵایەتییەکانەوە ژیان بەسەر دەبا، بێجگە لە خاکەساری خەونەکانی ئاسۆیەکی دیکەی لە بەردەمدا نەماوەتەوە. هەر بۆیە چیرۆکەکانی "نامەیەک بۆ بەهەشت" تەنیا لە تاکە چیرۆکێکی کەسێک، یان شوێنێک پێک نەهاتوون، بەڵکوو لە کۆچیرۆک، رووداوگەلی رەنگا و رەنگەنەوە بەرجەستە دەبنەوە.

ژانی ئەو یادەوەرییانەی منداڵی و پرسگەلەی تاراوگە لەوە دەتەقنەوە کە :

"ئەم سەفەرە کە چوومەوە ئەوێ یەکجار نامۆ بوو پێم! یاسا سوواوەکان لەوێش وەکوو داڵێکی برسی بێڕەحمانە بەر دەبوونە جەستەی رووتم، ونجڕ ونجڕیان دەکردم. چاوە بزەکانی داب و نەریتیش بە رۆژی رووناک دەیانتۆقاندم، هەر بە گەیشتنم نهێنی خەیاڵێکی خاویان لا درکاندم!" ("چاوە گریاوەکان پێکەنین"، لاپەڕە: ٦٢).



لەو روانگەیەوە "نامەیەک بۆ بەهەشت"، رەنگدانەوەی زمانی ناوەکی، یان یادەوەری زارۆکایەتی و زمانی دەرەکی، یان زمانی یادەوەرییەکانی تاراوگە؛ ئەو کەش و هەوایە فرە رەهەند و لێکترازاوە، یان کۆدەنگەییە. خودی (باران)یش، وەک گەنجێکی ئەو رۆژگارە تاراوگەنشینەی وڵاتی سوێد، هەڵگری ئەوکۆ پێناسە یان زمانە فرە رەهەندەیە.

لێرەوە ئەو پرسیار و پەرۆشییانەی کە دەبنە رووداوی دەقی چیرۆکێک بە یارییەکانی نێوان زمانی دەرەکی و زمانی ناوەکی چیرۆکەکەوە دەچنرێنەوە و دواجاریش ئەو تەقینەوە چاوەڕانکراوە روودەدا، کە چیرۆکێکی سەرکەوتوو هەڵگریەتی. هاوکاتیش خوێنەر بە حەزی خۆی ئەو پرسیار و پەرۆشییانە راڤە دەکاتەوە.

لەو دیدەوە کۆچیرۆکی "نامەیەک بۆ بەهەشت" هەر تەنیا لە تاکە رووداوێک، یان لە چیرۆکی تاکە کەسێک پێک نەهاتووە، بەڵکووو بریتییە لە کۆرووداوێک، یان کۆچیرۆکی گەنجگەلێکی کورد، یان کیژگەل و کوڕگەلێکی کوردی تاراوگەنشین و رۆژگاری تەکنیک ناودێری بکەین. وێڕای ئەو دیدەی ئێمە، خوێنەر بە گوێرەی خولیایەکانی خۆیەوە دەتوانێ چەندان چیرۆک لەو چیرۆکانەوە بسازێنێ.

بەمجۆرە (باران) بە رێگای هەر یەک لە چیرۆکەکانی کتێبەکەیەوە تەنیا چیرۆکی یادەوەریی منداڵی، گرفتی گەنجێکی تاراوگەنشین، رووداوەکانی کۆڵانی گەڕەک لە رۆژگاری منداڵیێ... هتد ناگێڕێتەوە،

بەڵکوو هاوکاتیش لە بۆتەی چیرۆکی ژیانی ئەو تاکەکەسانەوە چیرۆکگەلێکی دیکەش لەو ژیانە نەبینراوەکان دەچنێتەوە. چونکە ئەو کۆپرسیار، کۆپەرۆشییانەی کە ئەو تاکەکەسانەی لە"نامەیەک بۆ بەهەشت" دێنە گۆ، پەرۆشییەکانی ئێمەشن، لەبۆیە خوێنەریش دوای خوێندنەوەیان دەتوانێ بە پیاسەیەکی تر لەگەڵ ئەو کۆپەرێشانی و یادەوەرەیانەوە چیرۆکەکانی خۆی بگێڕێتەوە.

لەو دیدەوە "نامەیەک بۆ بەهەشت"، کتێبێکە، جۆلانەیەکە بۆ کۆ رووداو و چیرۆک، دیوی شلەژاوی ئەو گەنجە کوردانەی تاراوگە، کۆچی هەمیشەی پەرۆشییەکانی روحی لێکترازاوەی گەنجانی تاراوگەن بە دوای یادەوەری منداڵی و ناسنامەی یەکەم ماڵ؛ زمان.

لە دوو توێی ئەو چیرۆکانەوە دەبینین هەستی راڕایی شوێنی تاراوگە، چیرۆکی زارۆکایەتی و فەراهەم کردنی ئارامگایەک هەمیشە لە نێوان گفتوگۆ و نامە گۆڕینەوەی ئەڤیندارەکانەوە ئامادەییان هەیە. لەبۆیە (باران) ئاگایانە چیرۆکی منداڵی، ئەڤینداریی نێوان گەنجەکانی تاراوگە وێنا دەکا، کە لەوێدا هەست دەکەین دەخوازێ مانایەکی ئەڤیندارانە بە یادەوەریی گەنجی کوردی تاراوگەنشین ببەخشێ. چونکە ئەو گەنجە لە گەردوونێکدا دەژی کە لەوێدا لە نێوان ئومێد و دەستەبەرکردنی خەونەکەیدا سەرگەردانە. کەواتە دەنگدانەوەی ئەو کۆیادەوەراییانەیە کە لەوێدا بانگی ئاگایی زمانی داستنابێژەکەی دەکا و بەمەش زمان کۆیادەوەریی چڕ دەکاتەوە، دەتەقێنێتەوە:

"<u>ئاخر من ساڵانێکە میزەڵانێک لە گوێچکەما دەتەقێتەوە... هاوار دەکەم، دەنووشتێمەوە، کوت کوت و پارچە پارچە جەستەی ئەو کۆ دەکەمەوە...</u>" ("زایەڵەی پارچە پارچە بوون"، لاپەڕە: ٢٣)



هاوکاتیش (باران) بە گواستنەوەی ئەو چیرۆکانەی ژیانی گەنجانەوە بۆ ناو جۆلانەی چیرۆکەکانییەوە هەوڵدەدا دڵنەوایییەک بە ژیانی تاراوگەی خۆی هاوتەمەن و هاوپەرۆشییەکانی خۆیەوە، یان لە نێوان نهێنی چیرۆکەکانی تاراوگە و یادەوەرییەکانی ئەوێی نیشتمانێکی خەیاڵێنراوی منداڵی فەراهەم بکا.

بە دیوێکی دیکەشەوە، دەکرێ کۆچیرۆکی "نامەیەک بۆ بەهەشت" وەک جەنگی نەوەیەکی گەنجی تاراوگەنشینی کورد، یان خودێکی بە ئاگای گەنجگەلیک بە رووی سیمبوولەکانی جیهانی تەکنیک و ئینتەرنێت، کە سۆراغەکانی ئەوانی بە دوای ئەڤینداریییەکی هی دڵی ئاڵۆزکاو کردووە، پەرۆشی بە گۆ هێنانی یادەوەریی منداڵی، بخوێنینەوە.

بە هەر جۆر، (باران) لە گەردوونی کتێبەیەکدا پیاسەیەکی ناوەکی لەگەڵ کۆپەرۆشیی و کۆچیرۆکی نێوان ژیانی تاراوگە و یادەوەریی منداڵی خود و ئەوانیترمان بۆ دەچنێتەوە.

قاڵییەیەک بە زمانی گوڵەکانی ئەزموونەکەی دەهۆنێتەوە

خوێندنەوەیەک بۆ کۆشیعری: "قاڵییەک دەناسم لە هەرچی گوڵیەتی ماندووە"

کۆشیعری: قاڵییەک دەناسم لە هەرچی گوڵیەتی ماندووە

ناوی شاعیر: رەزا عەلی پوور

لە بڵاوکراوەکانی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم

شوێن: کوردستان __ سلێمانی، ٢٠٠٦

لە سەرتاپای مێژووی ئەدەبدا پرسیاری کردانندنی ژیان لە شیعردا، خاڵێکی بنەڕەتی بووە. ئەمڕۆش پەیوەندی نێوان ژیان و شیعر لە جاران بەهەڕمێنتر بووە. بەڵام ئەمڕۆ بزاڤێکی شیعریی هەیە کە وەک پێشتر جەخت لەسەر گفتوگۆی تیۆریی و دەقدا ناکاتەوە، بەڵکوو زیاتر ئاوڕ لە وردەکاری هونەریی زاراوەسازیی دەق دەداتەوە. بە واتایەکی تر، ئەو بزاڤە نوێیەی شیعر زیاتر جەخت لەسەر ژیاننامەی دەقنووس دەکاتەوە نەک نێوەڕۆک و تێگەیشتنی ئەدەبی. چونکە ئەمڕۆ، وەک دیاردەیەک، نووسەرگەلێک ژیاننامەی خۆیان دەنووسنەوە. لەبۆیە رەخنەگرانی ئەدەب بە گشتی زیاتر سەرنج دەدەنە راستگۆیی و رەسەنایەتی ژیاننامەی نووسەر. بەمجۆرە رەخنەگری ئەمڕۆکە زارقەڵەباڵغی شاعیری لە کن زۆر گرنگ نییە، بەڵکوو ئەزموونە جیاوازەکەی بۆ گرنگە.



لەو ناکۆییەوە دەکرێ لە ئاستی فەلسەفیدا ئاماژە بە ژاک دێریدا، ژولیا کریستیڤا، ماوریس بلانشۆ، جۆرج باتالی و چەندان هزرڤانی دیکە بکەین کە شوێنپێیان دیارە لە پانتایی ئەو رەوتە رەخنە نوێیەی کە جەخت لەسەر دەقی ئەدەبی وەک ئەزموونێک لە ژیان دەکەنەوە. هەر لێرەوە گرنگە بڵێین، کە زانەوەی ئەو دیاردە رەخنەییە، چەشنە فراژانێکە لەو ئەزموونەی مارتن هایدگەر بە تایبەتی و فێنێمێنۆلۆگیش بە گشتی. هایدگەر لە رێگای خوێندنەوەکانی شیعری هۆلدرلین، ریلکا و تاراکل توانی خاکێکی بە پیت بۆ گفتوگۆیەکی دۆستانەی نێوان فەلسەفە و شیعر بئافرێنێ. لە هەمان کاتیشدا ئەو هۆکردانەی کە بەرهەمهێنەری ئەو بزاڤە نوێیەی رەخنەی ئەدەبین، بەشێکیان رەنگدانەوەی ئەو رەوتە هزریی و فەلسەفییەی کە لە ژێر چەتری "پاشنوێگەریی/پۆستمۆدێرنیزم"دا پۆلێن دەکرێ. وەک دەزانین، ئەو رەوتە فەلسەفییە بەناو "کۆنتینێنتال"ە لە شەستەکانەوە لە فەرەنسا و ئەلمانیا سەریهەڵدا و لە هەشتایەکانیشدا بە تەواوی دەنگیدایەوە.

لێ، بە دیوێکی دیکەوە، ئەو دیاردە رەخنەیەی کە هەنووکە لە ئارادەیە، پەنگدانەوەی ئەو "قەیران"یە کە مرۆی پاشنوێگەریی دەرگیری بووە. دوای "ئاوابوونی داستانە مەزنەکان"، نووسەری هەنووکە زیاتر سەرقاڵە بە بەرجەستەکردنەوەی داستانی خەمە چکۆڵەکانی خۆیەوە. لەبۆیە لەو ناوکۆییەوە دەکرێ بە هەڕمێن بوونی نووسینەوەی ژیاننامە لە جەم نووسەران، وەک جەختکردنەوەیەک لەو خەمە خودیانە بخوێنینەوە، کە مرۆی

ئەمرۆکە بە دەستییەوە دەتلێتەوە.

بەهەمە حاڵ، لێرەدا ئەرکی ئەو کورتیلە نووسینە نییە کە لەسەر ئەو بابەتە چەقببەستێ، لێ حەزمان کرد بەو ئاماژانە، رۆشنایەکی بەلەز بپرژێنیە سەر پاشخانی ئەو رەوتە رەخنە نوێیەوە،

لەو گۆشەنیگایەوە، شاعیر بەدەم شیعراندنی ئەزموونەکەی وا لە مرۆڤ دەکا مرۆڤانەتر بێ، یان بە واتای بلانشۆ، شاعیر هەوڵدەدا ئەو شتانە بە دیار بخات کە خۆیان لە پرۆسەی بە دیارکەوتندان. بەمجۆرە وشەکان دەبنە کردەیەک و بە نەوا و لەرینەوەکانیان، شوێنپێیەک لە رووبەرێکی بەتاڵدا بەجێدەهێڵن. (#)

لەبۆیە ئەوەی کە وامانلێدەکا لەگەڵ دەرکەوتنی دیمانەی گەردوونی شیعردا بووروژێین و شاگەشکە بین، خودی زمانە بەخشندەکەیەتی. شیعر لە رێگای زمانەوە ئەزموونگەلی ژیان بەرجەستە دەکاتەوە و بە میواندارییە چڕەکەی هانماندەدا ئاوێتەی گەردوونە لێکچڕژاوەکەی بین کە لێوانرێژە لە رەنگە لێکئاڵاوەکان و دەنگگەلە بەناو یەکدا لەریوەکان. شیعر و زمان لە بەرایڕا پێکڤە لە پێناوی ئاوەدانکردنەوەی ئەو گەردوونە نادیارەدا پەیمان دەبەستن. بەمجۆرە زمان لەم سەفەرە بزۆکەدا دەبێتە رێنیشاندەری شیعر، بەڵام کە شیعر و زمان پێ دەنێنە ناو راڕەوەکانی ئەو گەردوونە نادیارەوە، هەردووکیان لە جەستەیەکی لێکرۆچوو و گفتوگۆیەکی شەپۆلاویدا، ئەزموونێک لە بوون، کە بۆ ئێمە نەبینراو بوو، رادەگەیەنن.

بەڵام لەمەڕ مەیلی ئامادەکردنی ئەزموونێک، وەک چەشنە



پێناسەیەک، دەکرێ مرۆ لەسەر ئەویدیکە یان جیاوازی بپەیڤێ؟ ئایا چەقی ئەزموون پابەند نییە بە خودی مێتافیزیکی ئامادەییەوە؟ کەواتە ئەزموونێکی جیاواز لە پێناو دۆزینەوەی نائامادەییەکی پەنهانهەڵگر، رێگایەکی جیاواز، نووسینێک، سەرقاڵە بە دوای ئاوەڵاکردنەوەیەک، یان جوڵاندنی بوونێکی فەرامۆشکراو. هەڵبەتە ئەوە زمانە کە ئەو ئەزموونە ئامادە دەکا. لە هەمان کاتیشدا ئەوە زمانە کە تام و بۆی ئەو ئەزموونە جیاوازە پێناسە دەکا. بە واتایەکی دیکە، ئەوە زمانە کە پێناسە تایبەتمەندییەکەی ئەو ئەزموونە رادەگەیەنێ.

لەم گۆشەنیگایەوە، کە کۆشیعری رەزا عەلیپوور، "قاڵبییەک دەناسم لە هەرچی گوڵیەتی ماندووە" دەخوێنمەوە، ئەو چەشنە هزرانەی، کە لەسەرەوە وەک تەرزە روانینێک بۆ شیعر ئاماژەم پێکردن، لە زەینمدا هەڵدەقووڵێن. بۆیە رەزا عەلیپوور لە پانتایی کۆشیعرەکەیدا، کۆی خەمەکانی لە زمانی پەیڤین و بێدەنگیەکی مەیلەو ناباو، وەک تەونکاری مافوور "قاڵبییەک" دەچنێتەوە. شەپۆڵەکانی ئەو کۆشیعرە بە دەمرێوە؛ چنینەوەکانەوە، دەنگەلێک بەناو یەکدا وەردەکا، بەمەش کۆی شێوازەکان؛ زمانی "رۆژانە" و "شیعرییەت"؛ دەنگی ئاخێوەرەکان لە گفتوگۆیە جیاوازەکانیاندا، بە دەم رەوتەنی شەپۆڵەکانی شیعرەکەدا ئامادەیی خۆیان بەرجەستە دەکەنەوە و هەنیەی گەردوونێکی شیعریی رۆشندەکەنەوە. کەواتە ئەو کۆشیعرە دوای ئەوەی ئەرکە سەرەکییەکەی رادەپەڕێنێ؛ واتا بە زمانەکەی

پێکهاتە پێکهێنراوەکان تێکدەشکێنێ، ئەوجا بە دەمرێوە، لە پێناو چڕکردنەوەی ئەزموونە تایبەتمەندییەکەی خۆی، گەردوونە شیعرییەتەکەی دەخەملێنێ و ئامادە دەکا. لێرەوە دەتوانین بە دەستەواییکردنی واتایەکی ڤیتگنشتاین بڵێین، کە لە نێوان کەرەسەی زمانی "ئەدەب" و "زمانی رۆژانە"دا جیاوازییەکی کەرەسەیی نییە، بەلکوو لە کاتی پیادەکردندا وشە و رستەکان لە ناوکۆییەکی نوێدا دەردەکەون و وەک نائاشنایەک خۆیان دەنوێنن. بەمجۆرە کاتێک پەیڤەکان وەک پەیڤ دەبنە کردە؛ کاتێک نەوای پەیڤ و رستەکان شێوەی ناوەکی و دەرکی خۆیان بە دیار دەخەن و قوورسایی خۆیان بەرجەستە دەکەنەوە، کە مەرجیش نییە ئەو پەیڤ و رستانە نوێنەرایەتی شتێکی دیاریکراو، بینراو، دیمەنێکی واقیعی ژیان بکەن، لە هیکرا شیعریەت ئامادە دەبێ.

لەم دیدەڕا دەبین رەزا عەلیپوور، بە ئاپۆرەکردنی خەیاڵاندن، بیرۆکە و ئامادەیی کۆی دەنگەکان، کە هەندێ جار کەسەکان بە شێوازی ئاخاوتنی سەرزارەکی و هەندێ جاریش بە شێوازێک لە فەلسەفاندن و بیرڕۆیی دەردەکەون، زمانی رۆژانە و دیمەنی واقیعی تێکدەشکێنێ و دواجاریش تەواوی ئەو دیمەن و دەنگانە ئاوێتەی شەپۆڵدانەکانی شیعرەکە دەبن، لێرەدا دەبێ بێژم، ئاپۆرەی ئەو دەنگانەی کە بە شێوازی سنەیی، یان بە نەوای خۆماڵییانە دەپەیڤین، چێژی خوێندنەوە تامدارتر دەکەن و لەگەڵ دەربڕینە خۆڕسکییەکانیانەوە، ئەتمۆسفێری شوێنکات؛ واتا جوڵە خۆیان، تام و رەنگ، شێوەی شەقام و ماڵ، لە پایناتی کۆشعرەکەدا ئامادە



دەکەن. بەمجۆرە ئەم کۆشیعرە بە ئامادەییە چڕایەتییەکەی، تێڕامانە باوەکان بە نامۆ دەکا و بەمەش خوێنەر بەرەو گەردوونێکی نوێ پەلکێشدەکا. هەڵبەتە یەکێک لەو خاسڵەتانەی شیعر، هەر ئەو ئاکاری بە نامۆکردنەیە کە مرۆڤ هاندەدا بە شێوازێکی جیاواز لە پێشوو، پرسیار بکا، هاوکاتیش بە شێوەیەکی جیاواز بەرسڤ بداتەوە.

هەڵبەتە شیعر خۆی زمانێکە لەناو زماندا. بۆیە بە سروشتە چڕایەتییەکەی ئاوازێکی شەپۆڵدارە. کۆشیعری "قاڵبییەک دەناسم لە هەرچی گوڵیەتی ماندووە"، بە ئاوێزانییەک لە ئامادەیی فرە زماندا، کە ئەو زمانگەلە تاوێک بە نیگایەکی سوریالی، شۆخی، بێهوودە و تاوێکیش بە رامانێکی هی دڵێ و هزراندنەوە، بەرەو شەپۆڵەکانی شیعرییەت ملدەنێن. بە دەمرێوە نەوا، هەناسە و هەڵچوونەکانی شاعیر و هاوسەفەرەکانی؛ خەمگەلی شاعیر و ئەو دەنگانەی کە لە ئاستی سەفەرە بوونگەراییە شیعرییەکەیدان. هەموویان لە چڕبوونەوەیەکدا ئامادە دەبن و خەمە بوونگەرایەکانیان دەچننەوە. بۆیە:

"دیتن یانی کۆکردنەوەی مەودا
دانانی شتەکان لەوێ لە جێی خۆی
یان تۆکماندنی مەودا
یا خۆ هەڵبەستنی نوتفەی زەڕڕە..." ل٣٧

بەڵام ئەم "قاڵی"یە لە شیعریەتە بۆ ئەوەی سەبووریەک بۆ ئەو "ماندوو" بوونە دەستەبەر بکا، لە هۆکردی بزوان دەهزرێ، بەمەش چێژێکی تامنەکراو بە خودی ڕۆیشتن بەرەو سەرەتایەکان دەبەخشێ. هاوکاتیش بە ئامادە بوونی نامە، وەک ئاسۆیەک بۆ پەیوەندییەکان، رازانکارییەکی شیعری بە"غەریبی" دەبەخشێ. بە

"سەرەتا دانیشتن بۆ ماشێن دامەزرا
غەریبی لە ئەسلا
بۆ نامە داهێنرا،
رێگایەکم نییە بۆ نەڕۆیشتن..." ل٢٦

لەبۆیە خوێنەر لەبەردەم تەرزە "قاڵێییەک"ە، که خەریکە ئەزموونێکی چڕ دەچنێتەوە. لەوێ لەناو ئەو تەونکارییەی کە بەدەست چڕایەتیەکی شاعرانەوەوە، کە "... بۆ رەزا ئەوەندە مردنە و من منە و ئامادە/ئەویشیان بۆ دنیا بەم شیعرە/خۆش ئەدواو عەیبەکان؟"، دۆشداماوە، زایەڵەی پەیڤەکان بەناو یەکدا وەدەردەبن و دواجاریش لە زرینگانەوەیەکی تێکئاڵاودا، موژدەی گەردوونێکی جودا، رادەگەیەنن. لەو گۆشەنیگایەوە کۆشیعر؛ کۆخەمی رەزا عەلی پوور، شێوازێکە لە کرداندنی خەم بۆ ویستی ژیان، یان ئەو کۆخەمە هەر خۆی ژیانێکە. هەر بۆیە لەو کۆشیعردا زمان هەندێک جار بەرەواژوو، بێ منەت، تێکشکاو ... دەپەیڤێ تاوەکوو تامی رەسەنایەتی ئەو ئەزموونە بە گەردوونێ ئەو "قاڵی"یە بوونهڵەگرە



ببەخشێ. بۆیە لە رەوتی شەپۆڵە بزۆکەکانی ئەو هەڵچوون و داچوونەی کاروانی شیعری رەزا عەلی پووردا، رەنگ و ئاوازی شیعریەت نایانەوێ بە رامانێکی راهاتوو، خوێندنەوەیەکی باو، کە ئەزموونگەلی شیعری "ئەودیو و ئەمدیوی" کوردی فێری کردووین، خۆیان بدەنە دەستەوە.
دەبا لێرەدا ئەوەش بڵێم، کە وێڕای ئەوەی کە ئەمڕۆ گۆڤار و وەشاندنەکانی کورد لە برەودان، کەچی پانتاییەکانی ئەو گۆڤار و وەشاندنانە، بەتاڵە لە ئامادەیی رەخنە و ئاوڕدانەوە لە ئەزموونە جوانەکانی دەقی کوردی. لە کاتێکدا دەبوو ئەو گۆڤار و رۆژنامانەی کوردی، لە بری ئەو زارقەڵەباڵغییەی، کە بەشێکی زۆریان بێتام و بێسوودن، تەرخان بکەن بۆ خوێندنەوە و ئاوڕدانەوەی لە ئەزموونگەلێکی وەک ئەو کۆشیعرە. بەڵام لەبەر ئەوەی کە ئەو بەناو رەخنە و وەشاندنە فرانەی کوردی هێشتا پێکهاتەیەکی خێڵەکی و کێبەرکێی بازرگانی لە پشتەوەیان ئامادەیە، بۆیە خەمی ئەو گۆڤار و بەناو رەخنەگرانەش هەر پەسندانی ئێل و ئەشیرەتەکەی خۆیان و پڕکردنەوەی ئارەزووە رووکەشەکانی خۆیانە . لێرەوە تاوەکوو ئەو پێکهاتە خێڵەکییە رۆشنبیرییەی ئێمە تێکنەشکێنرێت، ئەوە چاوەڕوانیکردنی ئەو تەرزە رەخنە و رەخنەگرە چاوەڕوانکراوە، تەنیا بێهوودەییە. بەهەمە حاڵ.

کەواتە دەکرێ بێژین، کە "قاڵێیەک دەناسم لە هەرچی گوڵیەتی ماندووە"، لە کێبەرکێی کاریگەرییەکانی نێوان واقیع و هزراندن،

نیگەرانی و ماخولیا، پەیڤین و بێدەنگیدا، لە دایک بووە، یان ڕەنگدانەوەی ئەزموونێکە، کە "ماندووە" بە دەست ئەو شێوازە شیعرییە باوانەی ئاوزەکانی خۆی، بە دەست ئەو شارەی کە "ژنێکی لێ تەنگە"، لەوەش خەمینتر "بووکۆکە"یەک کە خەمی "شکان"ی منداڵییەتی خودی شیعر یان شیعریەتی خوشک، لە شیعردا دەئەزموونێنێ. بە دەست "نیشتمان" کە هیچ وتنێکی لەسەر مەحاڵە ...هتد. کەواتە؛

"وابزانم من ڕەزا
باوەڕ کەن ماندوو بووم
ئەوەندەی شاعیرم" ل١٢

لێ دوای گشت ئەو هەموو "ماندوو" بوونانەی ئەو "قاڵییە"، ئێمەش ماندوو بە دەست دڵەلەرزەی دانانی ئەو "مەربەعە" ماندوو دەبین، کە شەپۆڵی شیعر دەرفەت نادە لەسەر دانیشین. بۆیە ئەزموونی عەلی پوور، بەوە دەمانکاتە هاوخەمی خۆیەوە، کە کێشەی شیعر ئەوەیە کە "هەموو شتێ لە حەجمێکا کۆتایی هات/ حەجمێک بە ئەستووری یەک لاپەڕەی ڕۆژنامەیەک"، کەواتە مرۆڤ "مەجبوورە بە تاقەتەوە/ماتڵی هیچێک" بێ.

"قاڵییەک دەناسم لە هەرچی گوڵیەتی ماندووە" بە ئەزموونێک لە جیاوازی؛ نەوا و وێنەگەلێکی مەیلەو ناباو لە ڕەوانبێژی و پەیڤین



زمانەکەی مشتوماڵ دەکا، هەڵبەتە بە گوێرەی ئاگاداری من، ئەو شێوازە شیعرییە، بە تایبەتی لە ڕۆهەڵات، دیاردەیەکی نوێیە. هەرچەندە کۆمەڵێ هەوڵی پێشتر هەن کە کاریان لەسەر قووڕسایی زمان تێکشکاندن کردووە، یان هەوڵیانداوە بە ڕازانکاریی زمان شیعر بخەملێنن. وەلێ ڕەزا عەلی پوور هەوڵدەدا ئەو مەودایانەی کە لەبەردەم ئەو تەرزە ئەزموونە شیعرە بەتاڵ ماوەتەوە، بە پرشنگگەلی ئەو کۆشیعرە پڕ بکاتەوە و تاوکوو گەردوونێکی جودا ئاوەڵا بکاتەوە، یان پانتاییەک بۆ زمانێکی نامۆ، گەردوونێکی بەتاڵ، ئاوەدان بکاتەوە. ئەو کۆشیعرە زایەڵەیەک لە خەمێکی ڕەمەکی و خود دەربڕینێکی ئیرۆنینانە و تێهزرینێک لە پەیوەندییە ئاشنا و دوورەکان بەناو یەکدا وەردەبن. بەمجۆرە ئەم کۆشیعرە، بە دەم ڕەوتی شەپۆڵدانی زمانەکەوەیەوە، کە هەندێ جار شێوە زمانێکی "ڕۆژانە"، وەک هەناسەدانێکی ئەم کاروانە شیعرییە، ئامادە دەبن و لە هیکرا لە پێچ و ڕاڕەوەکانی زمانی "شیعرییەت"دا چڕدەبنەوە، بە ئاوەڵاییەک میوانداریی گەردوونەکەی خۆیمان دەکا. لەوێدا زمان وێنە سرک و ڕەمەکی و هێڵە ستوونی و زیکزاکییەکانی ئەزموونە شیعرییەکەی مینا قاڵییەک دەچنێتەوە و گەردوونەکەی نمایش دەکا.

"گەلاوێژ پێم ئەڵێ:
نامرووەت دەستێک بێنە بە خەیاڵما
کەوشەکانم بە هەدەرەوە بەفریون،

پەپوولە بە خەتی قژتەوە ئەنیشێ:
گیانی گیا
لە کوێدا بینووسم هەڵنەفڕێ!؟
پێم وابێ بیناسن،
گەلاوێژ هەر هەمان عوبووری تەیرێکە
بە هەس و نیەسما داکوتراو." ل٢٣

ئەوەتا بە دەم رستە رستەی تەونێکەوە، شەپۆڵێ زمان و نمایشکردنی هێشووە شیعرییەتیەکانەوە، رامانمان بە دیار دیمەنێکی چینیەوەی گفتوگۆیەکی بوونگەرایانە ئاوەڵا دەبێتەوە. رەزا لەو کۆپلە شیعرەدا، هەروەک بە هەمان تەرز سەرتاپای کۆشیعرەکەی، وەک بەرزبوونەوە و نزمبوونەوەی شەپۆڵی سترانێک، یان کۆپلە کۆپلەی پەیڤین و بێدەنگی دەنگگەلێکی بەدەمرێوە، ئەزموونە شیعرەکەی دەخەملێنێ؛ دەهۆنێتەوە، تاوەکوو ئەو گەردوونە نادیارەمان بۆ ئامادە بکا.

بەمجۆرە "گەلاوێژ" بە دەم گوڵچنینی "قاڵی"یەکەیەوە "ماندووە" نەک خودی "قاڵی"یەکە، لەبۆیە لە نێوان سنووری ئامادە بوونی هەست و جەستەدا، لە نێوان شەپۆڵ و مەنگیدا، ژیان دەستێکی گەرەکە تاوەکوو "خەیاڵە" کەمۆیە ورووژاوەکانی ناو شیعرەکەدا بژێتەوە. وەلێ لە مەیلی ئەو دەستەدا "پەپوولە بە خەتی قژ"یەوە هەڵدەنیشێ. بەمەش ئەزموونی شیعریەت بە فڕینێک لە وێنەی "تەیرێک" بوونە بە جوڵە دەکەوێ و پێناسەیەک رادەگەیەنێ. وێڕای



ئەمەش، لە رەوتی شیعرەکەدا "پشیلە"ی ناو خەیاڵ دەبێتە گفتوگۆیەکی نێوان و دەنگی منی شیعر و "جۆیس"دا. لێ بەدەست نامۆیی پرسیاری "جۆیس"وە زمان بە نامۆکردنی خۆی، رامانمان بە ورووژاوی رادچڵەکێنێ.

وەلێ پێشتر شیعر "دێرێک" وەک بازن بۆ دەستەکانی پێشناز دەکا، هاوکاتیش وێدەچێ لە بەردەم فڕینی خەیاڵ و گفتوگۆی دەنگەکانی ئەو ئەزموونە شیعریەدا، ئاسمان و سەربان لێکرۆچوو بن و تاقەکەیان بتەننەوە:

"دێرێک لە دەستەکانتەوە ئاڵێنە
خوا هێشتا
نیشتەجێی ئاسمانی خۆش ئەوێ
ئاسمان لەسەر تاقەکەدایە
یان سەربان!" ل٨

خوێنەر لەگەڵ دووبارە بوونەوەی ئەو کۆپلانەی، کە هەردەڵێی تێهەڵچوونەوەی شەپۆڵی نەوای دەنگی بەرێوەی شیعرەکەیە، یان زرینگانەوەی دەستپێکردنی چینێکی ترە لە تەونچنی مافوورەکە، دەکەوێتە ناو گەردوونێکی نامۆی رازاوەی شیعری، پەیڤینێکی زایەڵدار و بێدەنگ. لە گەردوونی ئەو ئەزموونە شیعرییەدا، زمان و جوڵەکان لە پەیوەندییەکی تۆراوی هۆگردا دەسازێن و بە دەست لە ملانێی شەپۆڵی رامان و لەرینەوەکان، لەگەڵ خۆیاندا هەڵماندەگرن.

کەچی رەنگە "قاڵییەک دەناسم لە هەرجی گوڵیەتی ماندووە"، ماندوو بوونەکەی لە حەسرەتی ئەو ئاسمانە بێ کە "حەوشە دیوارەکانی خۆش ناوێ". لەو مرکێش مرکێشەی نێوان ئاسمان و زەوییدا، کە زمان سەرقاڵە لە یەکاتیەکدا یەکیانبخات، تاوەکوو جارێکی تر "پلیکانەکان " لە خەواندنی شیعردا جوڵەکان بکەونە شەپۆڵدان و زمان باخچەکانی گەردوون بڕازێنێتەوە:

"ئەبێ جارێکی تر
پلیکانەکان بخەوم
یان بگریم
تا پشیلەیەک لە زەینما بپشکۆێ..." ل١٠

لێ وێڕای ئەوەی زمان و شێوازی "قاڵییەک لە هەرچی گوڵیەتی ماندووە"، گەردوونەی بە زمان ئامادە کردووە، وەلێ هەر لە سەرەتای ئەو کاروانە شیعریەدا، هەنیەمان بە وشەگەلێک دەکەوێ، کە رەنگە بە هۆی عارەبی زانینی خوێنەری باشووری کوردستان، مایەی پرینگانەوەیەک بن. هەرچەندە رەنگە بۆ خوێنەری رۆژهەڵاتی کوردستان و خودی شاعیری ئەو کۆشیعرەش، بە هۆی مەیسەر نەبوونی خوێندنی زمانی کوردی لە زارۆکایەتی و فرچکگرتن بە زمانی بێگانەوە، ئەو پەیڤگەلە عارەبییە بە فارسیکراونە کە لە سەرتاپای ئەو کۆشیعرەدا تاو ناتاوێک ساتمەیان لێدەکەین، بە خەوش نەزانرێن، لێ پەیڤگەلێکی وەک "مورەبەع، زەروورەت، ئیدامە، ئەسڵ، حەجم، عەدەد، سقووت، حاشیە، ئینتها، ستح، مسداق و... هتد"، کە گشتیان عارەبین، وەک چۆن وشگەلێکی فارسی وەک "خاکستەر، فردەوس، خیابان، جومبش، جەڕەیان و ... هتد"، کە بەشێک لە نووسەر و شاعیرانی باشوور، بە هۆی زاڵبوونی زمانی فارسی لەسەریان بەکاریدەهێنن، بۆ خوێنەری فارسیزانی کوردی رۆژهەڵات عەنتیکە بنوێنن، بە هەمان تەرزیش فرە ئامادەیی ئەو پەیڤانە لە دەقێکی شیعرییدا، رازانکاری/ئێستێتیکیەتی شیعرەکە دەڕووشێنن . هاودەمیش، لە روانگەی ئەوەی کە شیعر خەمی خەملاندن و داڕشتنی زمانێکی پەتی نەتەوەیەکە، لەبۆیە هەبوونی ئەو هەموو وشەگەلە ناکوردیانە، لەبەردەم باڵادەستی زمانێکی سەپێنراو نیگەرانمان دەکەن.

وێڕای مەیلەو پێویستی ئاماژە کردنمان بەو ئاستەنگە زمانییە، بەڵام ئەو کۆشیعرە بە ئامادەیی رامانە چڕ، وێنەگەلە نامۆ، دیمەنە ژیکەڵە، خەم بزۆک و جوانکارییەکانی دیکەوە، ئەو خەوشە زمانییە تێکدەشکێنێ. بەمجۆرە بە دەم هاوسەفەری شیعر و زمانەوە لەگەڵ گەیشتن بە ناخی ئەو گەردوونەدا، کە سنوورێکە لە نێوان هەست و رامانگەل، نێوان جەستە و روح، خوشک، باوک، جیرانە کیژ... هتد، وەک دەنگگەلێک تێکەڵی یەکتر دەبن و روانیمان بە ئە دیمانەی ئەو ئەزموونە شیعرییە شاگەشکە دەبێ و ئاوەڵا دەبێتەوە. بە واتایەکی دیکە، خوێنەر لەگەڵ گەیشتن بە دیمانەی ئەو ئەزموونە شیعرە، ئەگەر ئامادە بێ لەو یەکاتییەی بوون بهزرێ یان رابمێنێ، دەتوانێ رۆبچێتە ناو بوونایەتییەکەی، کە ئەو دەقە شیعرییە وەک "قاڵییەک"، وێڕای ئەوەش "لە هەرچی گوڵیەتی ماندووە"

چنیوویەتەوە. دواجاریش شاعیر لەسەر کورسییەک بەدەم ڕەوتی چنینەوەی ئەزموونە جیاوازەکەیەوە، میوانی گەردوونێکی بەرهەڵدراومان دەکا:

"دەرگاکە هەڕاکە
پێم ئەوت:
خانم گیان بێ زەحمەت
تا ئێرە شاعیرم
خیابان ئەمناسن
لەم کووچە بەرەوخوار
حەز دەکەم
لە خۆما هەر خۆمم..."

هاوینی ٢٠٠٦
ستۆکهۆلم

---

(#) سەبەرەت بەو دیاردە ڕەخنەیە نوێیە بڕوانە: گۆڤاری:

*Aiolos*، 2004, , Nr 22_23 و *Res publicka* ، 39 nr ,1998.

شایەنی باسە، ئەم دوو گۆڤارە بە زمانی سوێدین و وەک دوو وەرزننامە تایبەتن

بە بواری فەلسەفی، تیوریی و ڕەخنەی ئەدەبی.

هەروا بۆ زیاتر ئاشنا بوون بە ئەزموونی بلانشۆ بڕوان کتێبی:

Maurice Blanchot:1991 ”essäer”, över Horace Engdahal, lLund.

*مەنفاکان* دەستیان پێکردووە

"مەنفاکان لێرەوە دەستپێدەکەن"، لە تیرێژە نیگایەکدا

شاعیر: جەمال غەمبار

کۆشیعر: مەنفاکان لێرەوە دەستپێدەکەن

قەبارە: ١٢٨ لاپەڕە

لە بڵاوکراوەکانی: ڕەهەند، ١٩٩٧

خوێندنەوە یان هاودەم بەدەم خوێندنەوەوە، گەشتی تەئویلکردن بەرەو ئاسۆی خەیاڵە باڵگرتووە تەڕەکانی ئەمدیوی پەیڤە نەوادارە پەرێشان هەڵگرەکان و وێناندنە هاوردە پرژێنە بە حوزن مشتوماڵ و داگیرساوەکانی "مەنفاکان لێرەوە دەست پێدەکەن"، دەگەین بە وێستگەیەکی چۆڵ. ئەوکات "لەوێوە" هەتا "ئێرە"، تاوێک بۆ دەورووبەر تەیکردن دەسەنگرێینەوە، ئەودەم لە هیکرا دەکەوینە بەردەم کۆتاییەک؛ سەرەتای "مەنفا"یەکی بەرهەڵدراوی شیعرییانە. وێجا دوای چاوەڕوانییەکی پەشۆکاو، هێدی هێدی بۆنی شیعری "غەمبار"، بێ روخسەتی ئێمەی هەڵەتەکراو/سوورگوومکراو لەناو ڕاڕەوە غوبارگرتووەکانی یادەوەرییمان هەڵەتە دەبین. یاد، کانگەی ڕووداوەکان، جەستەی مەوتەنێکی ئەشق تاڵانکراو، روحی ئامادەی "لەوێ"ی تاراوگەکراوی خۆمان سەرەتاتکێمان لەگەڵدا دەکا؛ کانییەکانی کیژە بە ئەشق مەرانگازەکان لە خەیاڵماندا دەزێنەوە،



ئەوانە هەموو پێکڤە لەناو دەنگی مێژووی ئێمەدا خامۆشدەکرێن، یان:

"وەک ئەستێرە بەر دەبنەوە نێو ڕەڕەوەکانی مردن" )ل ٢١).

بەڵام لێرەدا، نەک "لەوێوەوە"، لەناو ئەم "دابەشکارییانە"ی شیعری ئێمەدا، بەرەو ڕووی پرسیارێک دەبینەوە، ئەویش: ئاخۆ کۆشیعری "مەنفاکان لێرەوە دەستپێدەکەن"، بە دیدی "دیاریکار"انی ڕەخنەگرەکانمان، لەگەڵ کام وێستگەی :دیاریکراو". دیاریدەکرێ؟

بەهەمە حاڵ، ئەڤیندارێکی بێدەنگی ئازارکێش؛ خاوەنی ئەم کۆشیعرە، هەر لە نێوەڕاستی حەفتایەکانەوە، لە دەرەوەی هەرا و زەناکان؛ دابڕاو لە دەنگە بە کۆمەڵییەکان و بێبەری لە خۆ هەڵقورتاندنی "نەوە" و پێشرەوەکانییان، سەفەرێکی نەبینراو و لەو پەڕی کەناری زەماندا، بێ ئەوەی پێشوەخت پەیمانی پێشکەشکردنی گرەوێکمان پێبدا، لەناو مەنفایە سەرابییەکانی شیعردا، بێدەنگییەکەی زایەڵەدارتر دەبێ.

لێرەدا، بە مەزەندەی من، شیعری "غەمبار"، بە پێچەوانەی ئاوزە و هاوتەمەنە شیعرییەکانی وی، یان ڕاستر بڵێم، وەک لە دەنگی شیعری نێوەڕاستی حەفتایەکان، هەتا دێ خۆی بەرجەستەتر دەکاتەوە. شیعری ئەم شاعیرەمان فەزایەکە نە بە شێوازی ئاوەزەکانی خۆی دەچێ و، نە بە مانەی ئێستاش. شیعری وی تیرێژێکی بزێوە و هەدادان پەرژ دەبێتەوە، ئەمەش وامانلێدەکا

بڵێین، کە "مەنفاکان" دەکرێ"لێرە"یەکی نادیار؛ لە زەمەن و شوێنەکان بخوێنرێنەوە. کەواتە، "مەنفاکان"، نە "لێرەوە" و، نە لە "لەوێ"شدا، وەڵامێکی دڵنیامان دەدەنەوە، بەڵکوو لە هەرێمێکی بزواو؛ لە بیابانێکدا دەستثیدەکەن، کە شیعر سەفەری هەتاهەتایی تیادا دەکا. "مەنفاکان"ی جەمال، ناوەکییەکی ناسک و دەرەکییەکی وێرانکراوە. لەوێدا بەدەم بیناییمانەوە شاعیر گوڵئەستێرەی شیعر، بەناو "مەنفا"یەک، کە لە ئادەوەرییەوە سەرهەڵدەگرێ، هەڵدەفرێنێ. لەوێ لەم مەنفایەدا، شتێک نەماوەتەوە بۆ چاوەڕوانێ:

"بەدیار ئێوارەیەکەوە، دامەنیشە، ئەستێرەی تێدا هەڵنایەت...
چاوەڕوانی هاتنەوەی منداڵێک مەبە،
دەستەکانی پڕن لە دوکەڵ...
چاوەڕوانی چی دەکەیت..." (ل، ١٩).

لە راستیدا لە "مەنفاکان"دا، مەنفا دەستپێکردووە، نەک دەستپێدەکەن. شاعیر لە چاوەڕوانی "مەنفاکان"دا لە ئەگەرێتییەک ناژیت، بەڵکوو خۆی روحی ئەو مەنفایەیە و بە زمان مەنفامان بۆ دەپەیڤێ.
کەواتە خوێندنەوەی واقیع لە ناوەوەی "مەنفاکان"ەوە، نزیکبوونەوەیە لە هەست و سرووده گەرمەکانی "مەنفا"ی خودی شاعیرمان. بۆیە ئەم کۆشیعرە بە خوێندنەوەیان دەبنە سروودێکی نوستالیژی ئاوەڵا و بەرەو چۆڵستانی ئەم "مەنفایانە" هەڵماندەگرێ. لە سەفەری ئەم



"مەنفا"وە واقیعێکی خۆڵەمێشیمان هەیە، کە ژیان تێیدا لە مەحاڵ دەچێ:

"ئیتر فڕینی چی، ئاسمان بۆ کێ؟
تەرمە شیرینەکان لەو سەحرایەدا، لەو شەڕگەیەدا
بوونەتە مێوژی بەرخۆر..." ل، ٢٤.

یان:

"ئاوابووم وەک ئەو مانگە بریندارەی
دیوانە دڕاوەکانی ئاسمانی٧ ئەزبەر دەکرد و
دەستی بۆ چڵی شیعر برد..." ل، ٢٨.

کەواتە، "مەنفاکان لێرەوە دەستپێدەکەن"، ژانێکی باڵگرتووە و بەناو زەمەنێکی چڕەوە بۆ نێو "مەنفا"یەکی بۆن بخووری بەلەدیمان دەکا.

١٩٩٨.١.٦
کافێ ئارت/ستۆکهۆڵم

رامانێ بە ئاقاری
پێنج جمکە شیعریی کەریم کاکەدا

دەستوەکەری:

لەم نووسینەدا، هەروەک شێوەی دەرەوەی نووسینەکە وا خۆی دەنوێنێ،مەخسەدم رەخنەکاریی نیە، وەک چەمکی رەخنەیەکی رەخسکاو. بەڵکو نیازی من تێڕامانێکی پیاسە ئاسایە بەمدیوی رۆحی شیعرەکاندا، دەخوازم بێژم: رەخنە نووسین ئەو گەمە ئاسانە نیە کە بێ روخسەتی هونەرەکەی خۆمی تێهەڵقورتێنم و لە ئاوکوفیدا بەخۆم بنازم. چونکو منیش پەم وایە، ئەگەر شیعر هونەرێک بێ لە یاری، ئەوکات رەخنەش هونەرترە. بۆیە لەگینە رەمەکیەتی و پازپازۆکانێی ئەم نووسینە ئاقاری ناخی شیعرەکان و خودی شاعیرییشی نەدۆزیبێتەوە. هەروا ناوی شوێن و تەمەنی شیعرەکانی بێ سۆراغ لە چاوەڕوانی پرسیارەکان بهێڵنەوە. لەوەدا پێم وایە، شیعری شاعیر گەر مەرگەمووشی بازاڕی هەرمێنی ئەتەکێت و بازرگانی بە رەوشتی شیعر نەسوابێ، ئەوە شیعرەکان، بێگەردترین باڵانمای خودی شاعیرە.
کاتێکیش شاعیر راشکاوانە بە رووی ئەو، ئاکارە کرێتانە راپەرموێ، چ دەخوازێ زێدە نووسی لە نووسین بکەین؟

***

لەوێ. لەم وڵاتە مەرگ هەرمێنەدا سەیر نیە کە تەقینەوەی تۆپەکان هەناسەی شیعریش شەهید دەکەن. کانیەک لەوێ لەو بنارە،



درەختێک لە زەمەندێک، شیعرێک لە هەناوی قەڵەمێ، یان لە دوا ساتی گاگۆلکێدا کۆستیان لێ دەکەوێ: کانی گۆزەیەکی لە دامێن دەشکێ و درەخت زەرد هەڵدەگەڕێ و شیعریش دەبێتە جوانەمەرگی شاعیر.
لەو مەرگەساتەدا، شیعر لە دەروونی خەمگرتووی شاعیر دەپەنگێتەوەو، لە جوگرافیای ژانەکاندا دەجمجمێ و مانای هەبوونی کەسایەتیە گشتیەکەی دەسەپێنێ.
کە هەڵاتن لە شیعر مەحاڵ بێ، ئەوکات هەڵاتن لەبەر گوولەش لە مەحاڵ، مەحاڵترە. ئەنجام هەبوون لە رووی ئەو رکبەرایەتیەی مەرگدا، دڵنیایی هەبوونی خۆی رادەگەیەنێ. تەمەنی شیعر لەم یەکانگیرییە تراژیادیایەدا هەراش دەبێ و دەروون لە هەستدا زاوزێ دەکا .لە هاڤرکێی زەناکاندا شاعیر ئاوێزانی تەنیاییە ئاپۆڕەکەی: تاوانی مەرگ، مەرگی بەسەر خاک سەپێنراو، مەوتەن لە کروکپی دوروونیدا دەئاڵێنێ و وەک سێبەر باڵای دەداپۆشن. دیسان ئەو مەرگە لە لانکۆڵەی. دۆڵی نێوان دوو کێویشدا وازی لێناهێنێت.
دیمەنەکان لە هەر کاتێک کە دیقەتی دەداتێ و دەیبینێ، خوێنییان لەبەردا دەچۆڕێ. شیعر تاقە دڵسۆزێکە کە ئازارە گەرەکان دەخافڵێنێ. هەموو رازەکانی تەنیان، تەنیایش مامانی لە دایک بوونی شیعرەکانە. ئەو تەنیاییە وێنە و پەیڤ و هارمۆنی و داڕشتنی خۆی لە شیعرەکاندا دەدۆزێتەوە، یان (تۆماس مان) واتەنی: " هونەر ئەو تەنیاییە کە لە دووتۆی تەنیایی و گۆشەگیریدا سەر لەنوێ لە دایک دەبێتەوە". (١)

تەنیایی و گۆشەگیری مەملەکەتی پڕ لە قەومانی (ک. کاکە)یە، ئەمەش خودی حەوسەڵەکەیەتی. مۆسیقا و نەزمی ئەو جمکە شیعرانە لەناو کوچە و دەروازەکانی دەروونی شاعیردا ئاوازێک دەژەنن، ئاوازەکەش ئەودیوی ڕووداوەکانی بەرچاوی خودی ئەون، کە گەمارۆی دەدەن و بەمەش شیعر لە دایک دەبێ.
هەر ئەو بارە ناسۆریانەشن کە داگیری دەکەن، ئەوجا هەستدەکا زەنگێکی خەفە، زەنگی باران و گەڵا لە دەروونیدا لێدەدا، کە ئەو زەنگە لە بێدەنگییە تەنیایەکەیدا مۆژدەی لە دایک بوونێکی بێ ساتی شیعر دەگەیەنێ. لە ئەشکەوتی دەروونی شاعیردا، چاوەڕوانی و ئازار دووتای یەک مەسەلەن، ئازار بۆ چاوەڕوانی، چاوەڕوانیش بۆ ئازار، دواجاریش شیعر هەڵدەقووڵێنن. شیعریش ناو لە چاوەڕوانی دەنێت ماڵئاوا، لە ماڵئاوایشدا ئازارێکی دیکە و چاوەڕوانییەکی تر سەرەتاتکێ دەکەن. ئەم ئازار و چاوەڕوانییە، مایەی ژیار ی مەرگەساتی بەرچاوی شاعیرە، کە مەسەلەکەی تێدا گرفتار دەکات.
بەم چەشنە لە هەڵچوونە هێمنەکەیدا بابەت، فۆرم و بالای شیعر دەچننەوە. شاعیریش لە مەوتەنی شیعرەکانیدا بە دوای عەشقێکی مەحاڵدا ئازار دەچێژێ. ڕاستینەی عەشقیش ، لە دیدی شاعیردا کۆتاییەکی بێ کۆتاییە، هەرگیز سەرەتای بە دوادا نایێت. شیعرەکانی سێبەرێکن هەرگیز لەسەرەمەرگ وجاغی مەوتەنەکەی جێناهێڵن. ئەم سێبەرەش تریوەی دڵی خۆیەتی، کە لەوێدا بوونی ڕاستییەکان دەرک دەکرێت.
سەیر نیە کە (کەریم کاکە)، لەنامایەکدا دەڵێ: "هەر لێرەم و



دەستبەرداری شاخان و مەرگی بە کۆمەڵ نابمەوە، چاوەڕوانی هاتنە دنیای کارەساتە گەورەکان دەکەم، با جارێ هەر لە ناخی ئاخا بژیم".

***

کە دەچینە ئاقاری شیعری "پەیکەری نسکۆ"، هەست دەکەین کە چاوەڕوانی مەرگ، بەرجەستە دەکاتەوە. عەشق بالای کێوە، کێویش مانای گەل و خاکە. شاعیر بۆ ئەوەی داخی نسکۆ گەورە بکا، خۆی دەکاتە پەیکەری ئەم نسکۆیە. هەستکردن بەو بوونە، بستەخاکی سەرسنوورە کە هەموو کەینونەکەی دەسەلمێنێ، کەچی ئەو کەینونەش هەڕەشەی لێدەکرێت. ئەگەر ئەو خاکە داگیر کرا، هەبوون لە نەبووندا بۆ ئەو مانایەکی تر دەبخشێ.
بەرانگاری لە بووندا سەدای بەرزدەکاتەوە:

هەردوو پێم تا ژوور ئەژنۆ
لە گوێی کەنار ئەبنە ڕەگ و
خۆم لە خۆما ئەڕوێم... "پەیکەری نسکۆ"

گەمارۆدان هەبوونی رادەچڵەکێنێ، ئاوێزانی خاک بۆ ئەو بوونی ئەوە، کە بە ڕەگی مەمکی فرچکگرتوویدا دەچێتە نێو دەروونییەوە.

دەزانێ هێزی دژ، لە دژەکەی ئەو بەهێزترە، بۆیێ لە رەگدا خۆی بەهێزتر رادەگەیەنێ، بەرانبەر ئەو هێزە دژە. لە ئاکامی ئەو مرکێشمرکێشەدا، هەست پایەی پاسەوانی خودی ئەو وەردەگرێ، هەر جوولەیەک دەبزڤێ، رایدەچڵەکێنێ و لە سامی نەبووندا، بوونێکی تر دروست دەکا:

دەنگەکان گەیشتن.
وا چڕنووک لە مۆخم دەنێن و
هەڵوێستم رائەچەنن... "پەیکەری
نسکۆ"

ترس هێزێکە بۆ بەرەنگاری، کە هێزی دژی داگیرکار دەیوروژێنێ و لەو چاوەڕوانییەدا، حاڵەتی قووچاندنی وەرگرتووە. هەڵکێشان لە رەگدا، هەستی رەهایی نەمانیەتی و ئیتر بۆ یەکجارەکی مەرگی لەسەرەخۆ دەست پێدەکات.

ئەمجارە لە بەرانبەر ئەو هەڕەشە دژەکاریەدا، شەپۆڵ دەبێتە وەرامی هەڵوێستی، شەپۆڵیش هێزی گیانە. لێرەوە مەرگ دەکەوێتە گۆڕێ. دەروون و جەستە، دوو ئەندامی بینراو و نەبینراون، جەستە قەڵغانی دەروونە و تەوقەکەی سەر دەروونی پێ دەڕەتێنێ.

"ک. کاکە"، کێشەی مانەوە لەلایەک و داننانیش بە "نسکۆ"، کە بەرهەمی شۆڕشێکی چەکداری بوو، بە نسکۆ کۆتایی پێدێنێ. لەلایەکی دیکەشەوە، ئەو لە تراژیدیایەکی هەڵچووی دەروونیەوە



نسکۆ دەردەبڕێ و خۆی دەکاتە ئاکامی ئەمە و دەڵێ:

ئەی شەپۆڵ
ها خوێنەکەم
با سپاردەی تۆ بێ،
لاشەی رەقەڵاتووشم
لە سێبەری ئەم دوندە سەرکزە
با پەیکەری نسکۆ بێ!
"پەیکەری نسکۆ"

لە لووتکەی هەڵوێستی نسکۆدا، کە ئاکامێکی هێندە دڵتەزێنە، بێعاری مانەوەی لە دوای ئەو کۆستەدا جەستەی مۆمیایی دەکا. سێبەری تاریکی و دوندی بێزار، هێمای مەبەستەکەی تەواو دەکەن، کە رەنگدانەوەی دوای نسکۆکەیە. نسکۆ قۆناغێک لە شیعرەکە و لە نەتەوەکەی، بۆ دەستپێکردنەوەیەکی دیکە، کۆتایی پێدێنێ.

❊❊❊

فەروخزاد، سەبارەت بە راستگۆیی شاعیر لەگەڵ خۆی و شیعردا، گوتی: "هەندێ شاعیر هەن رەفتاری رۆژانەیان هیچ پەیوەندییەکیان بە شیعرەکانیانەوە نیە، تا شیعر دەنووسن شاعیرن، پاشان تەواو دەبن". ئەم گوتەیەی فەروخزاد، سەبارەت بە (ک.کاکە) بۆ ویستی

مەبەستەکەی دیکەی، دووتای هاوسان پێکدێنن: بابەت کرداری ئەون.

ئازار هەمیشە لەودا دەتەقێتەوە، لە کرداری شیعردا وێنای دەکا.

لە شیعری "هەورە کولێرە"دا بۆ قڕکردنی وەرزی برسیەتی، چاوەڕوانی بارانە، باران نانە و مەرگ دوور دەخاتەوە، یان نەخشەی وڵاتە و لە زەویدا دەسووێنێ و دەبێتە پەلە هەور، لە ئاسمانەوە بۆ خاکی مەبەست دەگەڕێتەوە. تەنیایی دەروون باڵای شاعیرن، لە مۆسیقای چاوەڕوانی بەفربارینیدا ئازاری برسییەکان رادەژەنێ:

بەفرانبارەو
تۆ شێوەی نەخشی وڵاتم بگرە...(هەورە کولێرە)

خاکی وڵاتی شاعیر کە سوتماکە، وشەی خۆڵەمێشی نەبێ چ رەنگ و وشەیەکی دیکە، دەتوانێ راستی رەنگی ئەم خاک و دەروون و وێنە و دونیای بەرچاوی بکێشێ؛ رەهایی مەسەلەکان خۆڵەمێشین؛ برسیەتی هەڕەشەی مەرگ دەکا. خەونی نان یاسای وەرزەکان وێک دێنێتەوە و جەمسەرەکان نامێنێ. شیعر کولێرەیە و لە هەستی شاعیردا دەبارێ و خەونەکان دەکاتە راستی:

بە کولێرەیەکی گەرم
رێبەندانێ
بۆ ئەم برسیەتییە سامئامێزە بنێتەوە... (هەورە کولێرە)



خودی شاعیر برسییەکە لە برسییەکان. تارمایی برسیەتی دەیان مرۆی وڵاتی ئەویان راونەکردبا، چۆن سکی تێر ئاگای لە سکی برسی دەبوو؟ ئەم پەلەهەورە وڵات ئاسایە بۆ لەسەردەمی مرۆکوژیدا دەبێتە کولێرە؟ ئەگەر هەورە خۆڵەمێشیەکە ببایە بارانی شۆڕشێکی جەلادکوژ و برسی رەتێن و برسیکاری رابماڵیبایە، ئەوکات هەم مانای شیعرەکە و هەمیش بیرۆکەی شیعر روخساریان رازاوەتر دەبوون.

***

چڕ کردنەوەی بیرۆکە، خاسڵەتێکی سەرەکی شیعرە، یان وەک سارتەر دەڵێ: "قارەمان ئەوەیە کە هەمیشە هزرەکانی چڕ دەکاتەوە". ئێمەش دەبینین کە شاعیر، لە شیعری "لە زمانی...وە"دا بودەڵەیی و ماچەیی مرۆڤی شۆڕشگێڕ، کومۆنیستی چۆرتە، گیان و هەڵوێستی هەڵدەپشێون و ئەو بۆچوونە لە شیعردا چڕ دەکاتەوە،بەمجۆرە پشتینە و ریشەی فەلسەفەی ژیانی دەکاتە وردە دەماری شیعرەکەی:
دیارە شاعیر خۆی لە رێزی ئەو پارتەش کار دەکا، بەڵام ئەو مرۆڤە سادە و بەرژەوەندخوازە نیە، کە لە ئاست هەڵەکاندا وسکت بێ. بۆیە مەسەلە رەوایەکانی مرۆڤایەتی، لە پێشەوەیاندا مەسەلەی خود، چەک لە شانە بە گژ ستەمکاردا دەچێتەوە. کۆمۆنیستە و بەڵام

فشەی بە کۆمۆنیستی فشەڵۆک و شۆڕشگێڕی درۆزن دێ. راستگۆیی کردەی ئەون، هەقیقەتی شیعرەکەیەتی، نەک وەک ئەو نووسەرانەی کە لە پێناوی بەرژەوەندی ژیانی خۆشی و هەڵاتن لە ترس، دێنە ناو حیزبەکان و دەستدەکەن بە هەلەکسە و دۆڕان. هاوکاتیش بە پاشماوەی ئەو دیمۆکراتیەی کە ئاودیوی لای ئێمە کراوە، تۆز لە رەخنە هەڵدەسێنن.

کەچی ئەم شاعیرەمان "لە زمانی ... وە"دا، بە دەربڕینێکی کاریکاتێر و هزر ئامێز، رەخنە لە مارکسیستی لووسکە دەگرێ:

بای...بای

مامە مێژوو

شەوت شاد

مرۆڤی یەک چاوی پێنج روو... (لە زمانی ...وە)

کرداری ماچەیی لە مرۆی گرمۆلە بووی رێزی رێکخستنێکدا، نەخۆشیەکی کرێتە و لە پەروەراندنی خودی رێخستنەکەوە دێتە بەرهەم. ئەندامی لەرزۆک کە زەمینەی لەبارە بۆ ئەو نەخۆشییە، زوو دەبێتە کاسەلێس و ماچە.

کەریم بۆ ریسوا کردن و بەگژدا چوونی ئەو کارە دزێوە، مانفێست و بناغەی فیکرەکەی خۆیان بە رووودا دەداتەوە. بە بارانی وەرزی پێنجەمەوە، واتا وەرزی درۆ و ساختە و نەزۆکی، مەسەلەکانی کلکایەتی و شێواندن، بەپەنجە بسمیلدەکا. بێ بوونی هزر و



پراکتیک، دان بە شتەکان نانێ، کە بەم وێنەیە بەهای رەخنکەی خەتم دەکا:

کێیە! لەم هەورە بخواتەوە

تا ئەسپە سورەی بۆ زین کەم!...

(لە زمانی... وە)

***

لە "شەقامی نامۆیی"دا عەشق بۆ شار هەڵیدەگرێ، ئەمجارە شار دەبێتە هەناسەی شیعر. لە نێوان ئەو و ئەمدا، نامۆیی ئەو لە شاردا بەدیار دەکەوێت. نامۆیی و نامرادی لەودا لە هەر گۆشەیەکی ئەو دونیایە بێ هەستی پێدەکا، یان ئەو هەر خۆی نامۆییەکەیە و سیمای نامۆیی خۆی لە دیاردەکان دەچنێ و تامی ئازارەکان چێژدارتر دەکا. خۆ ئازاردان هەستێکە لە شاعیردا کە خۆشەویستە. ماخولیای دیواری ئەڤینە دوورەکەی راپێچی دەکا و دەیبا بۆ شار، ئێوارەی شەقام دەبێتە زەمەنی ژوانەکەی. ئەم "کات"ەش رەنگی خەیاڵ و ئەندێشەکانی شاعیرە و دەبێتە رەنگ و مۆسیقای شیعرەکە. بۆ خاتری ئازار چەشتن لە دیداری ئەڤیندارەکەی، لە تەریبی شەقامدا بیردۆزی مەحاڵ دەبینێ:

ئاشنای ئەم شەقامە نیم و
گەر دەزانی،
ئەم دوو شۆستە هاوتەریبە
لە بوولێڵدا، وێک ناگەن و
شێوەی ئەبرۆی تۆ ناگرن... (شەقامی نامۆیی)

دیدار بۆ ئازار تازەکردنەوەیە، تا خۆی لە گریانی ئازاردا نقووم بکا و رۆحی بشواتەوە. دەنا بۆشایی ئەمبەر و ئەوبەری شەقام، تەنیا بۆ دابینکردنی مەبەستە. شاعیر نیگایەکی بەسە بۆ تەقینەوەی ئازارەکەی و لە دونیای تەنیایی شیعردا ئاشنا بێ.

***

بەرتەکی داگیر کردن و نکۆڵی لە کەسایەتی هەبوونی نەتەوە ی کورد، گیانفیداکاریی و سووربوونە لە رووی داگیرکاراندا. بۆیە شاعیر، لە "کەمەربەندی سوور"دا، لە روانگەی ئەو مێژووە راستینەوە، رووداوێکی راستینە دەکاتە دەخاتە ناو دیمەنێکی تراژیدی شیعرییەوە. بۆ بەختکردن و سەپاندنی ئەم هەبوونە کوردییە، خۆکوشتن بە هەر رێگەیەک بێ بەرزترین لوتکەی هەڵوێستی ئازایەتی و بەرانگاریە لە تەک هەڵوێستە بەهێزەکانی دیکەدا.



کیژێک بۆ خاتری نیشتیمانەکەی خۆی دەسووتێنێ و بە گڕەکەشی پاسەوانی کوردستانەکەی دەکا:
وێنەی ئەو سووتانە، بەم سەرەتایە، سووتانە شیعرییەکەش دەستپێدەکا:

مەرگ دەنکێ شخاتە بوو
بەدوای نیگایەوە
ئۆقرەی نەدەگرت
خۆی لە پەنجەکانی هەڵدەسوو... (کەمەربەندی سوور)

هەڵوێست لە ئەنگوستیلەی موچڕک دەچێ و هەموو گیانی دەگرێتەوە.
کاری خۆکوشتن، زەمینەیەکی خۆی هەیە لە ناو مرۆڤدا، چونکە ئەم کارە هەڵوێستێکی هێندە ئاسان نیە، کە هەر کەسێ بیەوێ ئەنجامی بدات. بڕیار وەرگرتنی خۆ سووتاندن، رەنگە بۆ مرۆی کورد، بناغەی پیرۆزیەتیەکەی لە ئایینی زەردەشتیەوە سەرچاوەی گرتبێ و تا ئێستاش درێژەی هەیە. سووتان لەو کیژەدا هێدی هێدی تەقینەوەی هەموو دەنگەکانی دەروونی. (ک. کاکە) خۆی لەم هەستە نزیکە، بۆیە لە شیعرەکەیدا، وێنەی رووداوەکە بە تێڕوانینی دەروونی خۆیەوە بەرجەستە دەکاتەوە:

دوا موچڕکە،

وەکو ئەنگوستیلەی شکاو
وا بە پەنجەی سەر بزێویەوە
هەناسە و ئەندێشەی دایسان... (کەمەربەندی سوور)

لێرەدا دەبینین جەمسەری سارد و گەرمی بڕوایەکان پێکدەگەن، ئیدی داگیرسان لووتکەی هەڵوێستە قوربانیداندا، کە لە بەرانبەر دوژمنەکەیدا روودەدات.
هەڵبەت ئەو خۆ سووتاندنە لە رۆژی نەورۆزدا روویداوە،لە شادی ئەم رۆژەدا، گیان بە ئاگر گرتنی دەروون شاد دەبێت. ئەمەش هەستی پیرۆزی مرۆی کوردە لە بەرانبەر نەورۆزدا.

رەنگبێ نووسینەکە لە ئاست شیعرەکاندا، قەڵەمکێشێ بێ و لە دید و تێگەیشتنی خوێنەراندا تەبا نەبێ. دیارە ئەوە مەزەندە و حاڵی بووی منە لە ئاست شاعیر و جولەکانی ناوەوەی شیعرەکاندا.

بەهاری ١٩٩١
ستۆکهۆلم ـــسوێد



ژێدەر و پەراوێز:

١. تۆماس مان، مەسەلەکانی ئەدەب، گۆڤاری بەیان.
٢. لە چاوپێکەتنێک، کە بە کاسێت لامە، لەوێدا فروغ فروخزاد بە دەنگی خۆی وەڵامی ئیرەج گرگین دەداتەوە.
٣. ژان پۆل سارتەر، بۆدلێر.
٤. بۆ زانیاری زێدەتر، ئەو شیعرانەی کەریم کاکە، لە گۆڤاری بانگ، ژمارە ١، ٢-٣. گۆڤاری هەڵوێستی ئەدەبی، ژمارە ٢-٣. گۆڤاری بیری نوێ، ژمارە ٣١.، کە لە کۆتایی هەشتایەکان دەردەچوون.
-لێرەدا، حەز دەکەم سەرنجی خوێنەر بۆ ئەوە رابکێشم، کە لە کاتی نووسینی ئەم نووسینەدا، کەریم کاکە لە بارەگای "ناوزەنگ" دەژیا، کە پاش ئەنفالەکان، ئەوێ بووە دوا مەنزڵگای پێشمەرگە. بۆیە هەندێک لە بیرۆکەی شیعرەکان و ئەم نووسینە، پەیوندی بە تایبەتمەندی ئەو شوێن و کاتە و رووداوانە هەیە، کە راپەڕینە مەزنەکەی بەهاری ١٩٩١ی بەدوا داهات.

ماسیەکان بۆ هەڵم پێدەکەنن

زەنگی کۆرپایەتی شیعرەکان دەمەیێن

"بشێ من فریودرابم؟ ئاخۆ دەبێ بۆ من خۆشویستن! خوشکی مەرگ بێت؟

هەرچۆنێ بێت. من داوای پاکژبوونەوە دەکەم، چونکە من بە درۆ فرچکدرام.

دەبا بەرێکەوین.

بەڵام دەستی حاشنایەک نیە! لە کوێ دەست بەهانایێ دەگا؟"

ئارتۆ رامبۆ

سورخی شیعر، بە پەڕین و ئاوێتەبوونی ئاوەڵەمەکان، بێ ئەوەی تا ئێستا بزانێ بۆ، کەوتە ناو قوورگی نادیاریی؛ بێ ئەوەی بخوازێت کە ببێتە ئەم بوونەوەرە "هەتیمە"، سێوئاسا کەوتە بەردەم "نیوتن"ی شعر و کەوتە بزوان. شعریش تۆوی غەریزە و کڵۆڵی و پەرێشانیەکانی پشکنیەوە، خۆشی لە زگماکیە کەوە کەژ وهەوایەکی بەپیت بوو بۆ فراژۆبوونی چرۆسانی شیعر. بەمجۆرە شیعر دەبێتە دایەی هەتیمێک؛ (بە واتای سارتەر، مرۆڤ کە لەدایکبوو، هەتیمە). بەمجۆرە پەرێشانی سۆز و هەستە لەدەستچوو و نەبانەکانی دەگرێتە خۆیەوە؛ ئەو پەرێشانی سۆز و هەستانەی کە لە بنەڕەتدا لەناو



پزدانی دایکیدا بە زیزی بەجێماون.

سورخی وەک بارستایی و وەک لە شیعرەکانیشدا دەبینین "لێرە" لەم دنیایەدا خۆی نیە، بەڵکوو لە ورێنەی شیعرەکانیدا خۆی "لەوێدا" وەک هەبوو دەبینێتەوە. بۆیە بێپەروا دەکۆشێ بگەڕێتەوە "ئەوێ" و ئاوێتەی ئاوەڵەمەکان ببێتەوە، لەناو سۆز و لەزەتە پاک و وەهمیەکانی "ئەوێ" خپ ببێ و تامە راستینەکان بکات، کەچی بەئاگاییە ناوەکیەکەی دەزانێ کە ناتوانێت.

- ئەوەتا کە سێبەری تەنراوی لەدایک دابڕان دەیتەنێتەوە لە بەرانبەر هەوڵەکان، خەونەکان، دەگلێ، تەنگەتاو دەبێ. بە تەرزە سکاڵا و خۆزیایەکی نزائامێزی گرینۆکانەوە بە پەرێشانی دایکی کەینونەوە دەنووسێتەوە و دەڵێ:

"کێ بێ بۆلای تۆم بگەڕێنێتەوە؟
یا خۆت بە ملما هەڵواسە
با لەگەڵ خۆمدا بتبەم...
لەم دنیای گەورەبوون متمانە بەکەس ناکەم."

دنیای گەورەبوون سێبەرێکی دڕە گەمارۆی جەستەی دابڕاو لە کەینونەی نەرم و نیانی دایکی دەدات، مەشخەڵانی غەریزەکانی پڕ دەبن و ترس ئارامی لێدەبڕێ. هۆشی نائاگایی کۆرپایەتیەکەی لە زمانی هەست رەمەکی و زگماکیەکانی دەئاخڤێ، هۆشی ئاگاییە دەرەکیەکەشی لە خشتەی دەبا، کە خودی خۆی لەوە نائاگایە.

پاڵەپەستۆی غەریزە سێکسیە کپبووەکانی پاکانەی کۆرپایەتیـەکـەی گوماناوی دەکەن. جا لەبری ئەوە، دەیـەوێت دایکی لـەگـەڵ خۆیـدا ببات، تا هەستە گوماناویەکەی مەحف بکاتـەوە. ئـەمـەش لـە دیدی فرۆیدەوە "گرێی دایک"، یان "گرێی ئۆدیب" دەگەیەنێت، لە هـەسـتی ئاگایانەی "سورخی"شدا، پاڵنەرەکەی هەست و سۆز و پەرێشانیەکی لە دەستچووی پاکانییە بۆ دایکی!
ئەم هەستەی سورخی شاعیر. لە دنیایـەکی تـر و بـە جیازوازیـەکـی ترەوە بۆدلێرمان بەیاد دێنێتەوە. بۆدلێر بۆ دایکی دەنووسێ:

"لە تۆدا زیندووبووم و، بۆ خۆم بە تەنیا
هاوکات کۆیلە وهاوڕێ بووم
ئای بۆ ئەو حەشارگە بووتەکە بێگەردەی خود
لەگەڵ خود حەشارگەیە، دڵ بووە ئاوێنەکان."

بەڵام "بۆدلێر" ئەم حەشارگەیە دەخاتە سەر کاغـەز تابێتـە هـەڵـم و دەڵێ:

"منی برین و چەقۆ و قوربانی جەلاد"

- شاعیری "ماسییەکان پێدەکەنن"مان. هەرچەندە هەراشـتر دەبێت، ئەوەند زێتر هەستی لە دەستدان و دوورکەوتنەوە لە کۆرپایەتیەکەی تەنگی پێهەڵدەچنێ و هەگبەی زاکیرەی پەرێشانیەکـانی کۆرپایـەتـی



دەورووژێن و ڕۆحیشی دەبێتە باوێشکەیەکی درێژ:

"کات ئێسکێکی فڕێدراوە
شوێن سەگێگی دڕی نووستووە"

یان:

"لە سیمای سادەترین شت
شەڕ دەبینم."

رابـردووی کۆرپایـەتـی، وەک خـەونێکـی بێکۆتـایی بـەدوای خۆیـدا رادەکێشێ.خۆرسکی کۆرپایەتیەکەشـی، دنیایـەکی پـڕ لـە بێبـەشـی کۆرپایەتی و شەرم و چاوشکانە؛ تابلۆیەکی وێرانـە. لـەوێـوە وێـڕای رسکانی ئاگـایی، نـامۆیی، بێزاریـی، سـەرگـەردانـی وئاڵۆزیـەکـان لـە دەروونیدا قووڵ دەبنەوە.
کـەواتـە، نـەئێـستا دەتـوانێ غـەریـزە و هـەوەس و ماخولیایـە پەنگخواردووەکانی بۆ دابین بکات، نە کۆرپایەتیش ئەوە بـووە تـاکو سێبووری پێ بێتەوە. ئێستای سـورخی باوێـشکێکە و تـەواو نابێـت. لەم نـاوەڕاسـتە وەهمگـر و خـەون و کـەڵکـەڵـە زڕاوەنـەدا، سـورخی هەست بە بیژۆکی جەستەی هەراشی بەرهەستی دەکـات. ئاگـایی بـۆ ناو خەون و خولیای خواستە زگماکیەکانی کۆرپاتی پەلکێشی دەکـا و بەخۆشی لەزەت لەو فریوە وەردەگرێ:

"دەستم لە قژی"بەیان" دەئالاند
ئەستێرەیەک لەسەر سینگم بوو
یاری بەگوێم دەکرد."

ئەوەتا دەبینین جەستەی هەراش و ئاوەزی دەرەکی لەودا کاریگەری نیە، هەر ئاگاییە ناوەکیەکەیتی وای لێدەکات ئاوا بە ڕەمەکەکی و زگماکانە جۆگەلەی وشەکان بڕژێن و بە "بوو"ی رابردوو، شتە جوان و ناسک و سۆزاوییەکان تامیان هەیە. لە سەرجەمی شیعرەکانیدا "دەبێ"، وەک ((بوو)) پاک و زگماک و تامدار نیە، ئێستای شاعیر ئێستایەکی پڕ لە کەمییە، بۆیە دەزانێ ئەستێرەش بەو کلۆڵیەی ئێستاکەی رازی نیە. ((گەندەموو))ش هێمای ساوایی و گوناح و کەمۆیی دەنوێنێت. "بەیان" هاوەڵی منداڵیەتیەکەیەتی. وێدەچێ، شاعیر نە ئەوکات و نە ئێستاش "لێوی بە گەندەمووی گۆنا" نەهێناوە، بەڵام دەبینین شیعر بۆشایی ئەو حەزەی بۆ پڕ دەکاتەوە. بۆیە دەبینین بە فێڵ ولاساریی منداڵانەیی دەیەوێ ئەو حەزە سادەیە پراوە بکات:

"من نێوچەوانی بەردێکی رەشم
چەندەها جار لەبەر تریفەی مانگەشەودا
لێوم بۆ گەندەمووی گۆنات هێناوە."



کەچی دەزانێ کە ئەو هی ئەوە نەبووە و نیە، بۆیە نائاگایانەی شیعریەت وای لێدەکات بڵێ:
"هاتووم گیانی بچکۆلانەم لەلات بشارمەوە،"
وێڕای ئەمەش، هەستی نەزڤڕینەوەی کۆرپایەتیەکەی هەر بەهۆی نائاگایی هۆشەکیەکەیەوە تووشی بێهوودەیی و لێکدژی و نیگەرانیەکی ئاڵۆزکاوی دەکات. هەموو شتەکان پەیوەندیان بەیەکەوە نیە، شتە پاک، ڕەسەن و بێگەردەکان هیچیان لە شوێنی خۆیان نەماون/نین،
ئەو ناتوانێ، یان ئاوەزە ناوەکیەکەی دەرفەت نادات ئاوەزە دەرەکیەکەی دیاردە، هەرا و زەناکانی ئەم دنیا و ژیانە پیربووە، بەیەکەوە ببەستێتەوە و لەگەڵیان رابێت.
هەرچەند دەکارێ، بەڵام زمانی شیعریی هەر لە رابردوودا دەئاخڤێ:

"ئەرۆیشتم و هەستم بە زیادبوون دەکرد
من بچووکتر دەبم و
تۆ گەورەتر و گەورەتر دەبێ".

ئاگای لەم ناتەباییە نیە لە شیعردا، چونکی شیعر زمانحاڵی ڕاستەقینەی ناوەوەیەتی ئەو "بچووکتر دەبم"ەی ئەو، هەست بە کەمیەکەیەتی، نەک بچووکی تەمەن. بەڵام دەیەوێ دڵی خۆی بداتەوە و هاوکێشەی ماخولیاکانی هاوسەنگ بکات.
ئەو ڕابردووە (کۆرپایەتیە)، وەک کرمێکی ئاوریشمە هەموو

غەریزەکانی ئەڤین ، شەڕەنگێزی وجوانی خۆشیە راستینەکانی تەونچن دەکا و ئێستای بەردەوامی فەرامۆش دەکات. بۆیە ئێستای وی بەهۆی کەلکەڵە و خەونەکانەوە "لەوێ"ی ئاوریشمینە، واتە شاعیری ئەو شیعرە "لەوێوە" بۆ "ئامادە" و "داهاتوو" نابزوێ، بەڵکە هەرچەندە یاسای ژیان و دیالەکتیک، جەستە و شتە جووڵەدارەکانی دەوروبەری دەگۆڕێت، کەچی ئەو "لێرە" هەڵدێت و "لەوێ"دا گۆشەنشین دەبێتەوە. رابردووی کۆرپایەتی، وادەیەکی خۆڕسک و ڕەسەنی بێگەردە، ئەڤینیش لەناو ئەو کەینونەدا، وەک ئەو هەستی پێدەکات، لەوێدا مانای هەیە:

"دوو منالْ بووین
تۆ بە چەترە شکاوەکەی دەستت و
منیش بە ئەسپە دارینەکەم
لەژێر چەترەکانا باران لێی داین."

سەیر بکەن، چۆن کەڵکەڵەی کۆرپایەتیە کپبووە پەنگخواردەووەکەی مجگێز و ڕۆحی ختوکە دەدا و ژیان وئەشکەوتی تەمەنناکانی بۆ لە پەلکەزێڕینە دەچنێتەوە: هەر دەڵێی دنیا باخچۆکەیەکی خۆڵەپۆکیە و چەند بووکەشووشە، ئەسپەدارینە، جۆلانە و هەڵماتێی تێدایە و هیچی تر نا. "چەترکەش" شکاوە، بارە دەروونیە تێکشکاوەکەی "ئێستا"، بەهۆی پاڵنەری نائاگاییەکی ئەو "شکانە". دەشکێنێ، یان تاکو سروشتی ئەڤینەکەش بە سیمای منداڵانەیی بنەخشێنێ،



"چونکە خۆشی دەزانێ کە لە منداڵیەتیدا چەتری منداڵانەی نەبینیووە." ڤێجا دەرەوەی ئەو باخچۆکەیەش. لەلای ئەو نە هاڤرکێ، نە تاوانکاریی، نە شەڕ و شۆڕ وکوشتن وبڕینی گەورانیشە، بەڵکوو هەر دەڵێی لە چەند باخچۆکەیەکی تری وەک هی ئەم و ئەو پێکهاتووە. ئاسمانیش بارانی لێ دەتکێ، تا بۆنی زەوی بێ و ئەویش بە فێڵی بارانەکە بچێتە ژێر چەتری کچکۆڵەی گراوی و بۆنی پرچی باراناوی بکات. وێڕای ئەو دنیابینیە کۆرپایەتییە ڕەمەکییە، ئاسمانی کەڵکەڵەشی وەک باران پەیڤە کۆرپایەتی ئاساکەی بۆ دەچۆڕێنێتەوە ناو گەرووی زمان و دەستەواژە و وێنەو هێما وبیرڕۆیی (تداعی) و دنیای هەستەکانی وەک ملوانکە بۆ دەهۆنێتەوە. هەر دەڵێی زمانی شیعرییەت تازووکانە لە منداڵدانی زمان ترووکاوە و زەخیرەی ڕۆشەنبیری و ئەزموونی خوێندنەوە پەی پێنەبردوون. هەر بۆیە زمانە شییعریەکەی لە وڕێنە و ڕەمەکییەت دەچێت. سورخی وەک چۆن ناتوانێ لە دنیای خەون و کەڵکەڵە و غەریزە حەشاردراوەکانی کۆرپایەتیەکەی رزگاربێت، هاوکات ناشتوانێ لەم سادەیی و ڕەمەکیەتیە و زگماکیەی زمانی رزگار بێت، چونکو زمانی کۆرپایەتی هەر خۆی لەخۆیدا بەو تەرزە شێوەیە، سروشتی ئەو شێوە زمان. وێنە، هەست، بیرڕۆیی و کەڵکەڵانەی شاعیرمان وامان لێدەکات لەبەرامبەر یاسا و لۆژیکی زمانەوانی بیبەخشین. هەروابەمەش ئەو رواڵەتە لاسار و بزێویانەی کە سیمای شیعرە منداڵ ئاساکانی پۆشیوون، رۆح سووکی بنوێنن. ئەرێ، ئەم لایەنانە بوون رۆحی قەڵەمەکەیان فریودام، کە ناچاربم ئەو وڕێنە

شیعرییانە بخوێنمەوە.

لەم ڕۆژگارەدا، کەڵەکەبوونی ڕۆشەنبیری و کەرەسە ئاڵۆزەکانی ژیان و بە ئامێزکردنی جوانییەکانی سروشت و ئەزموونی خوێندنەوە، زمانە زگماکیەکەی ڕۆحی منداڵیمانی شەپڵەدار کردووە. دەنگ و باسی دوورەدەستیی ئەزموونە لەقووتوکراوەکان (معلب) ئاوەڕۆی جۆگەلەی هەست و خوستە ڕەمەکیەکانی قەوزەگرتوو کردووین. ئەم دیاردەیەش بەتایبەتی جیهانی شیعری ئەمڕۆی کوردی گرتۆتەوە. ئێمەش بەناوی "تازەگەریی"وە خۆمان فریو دەدەین.

هەڵبەتە، لەو نێوانەدا، داهێنەری تر هەن کە بەئاگایانە و بەدیقەت بەو ئەزموون و زەخیرە ڕۆشنبیریانەوە بەهرە و جەستەی ئەفراندنیان فرچک دەدەن. کەچی سەکۆی ڕۆژگار، ڕووداوو ناوە بەهەرمێنەکان، لەمپەری بێهەرمێنیان هەڵچنیووە. هەروا ڕۆژگاری "سەرۆکایەتی" و "پشت مێز"، کە دیاردەی ڕۆژگارێکی تاڵن، دەرفەتەکانی دەنگ ناسینەوەیان کونبڕکردووە. ئەفراندنیش خۆی لەخۆیدا، لە ئاخیرەتدا، ئەم "سەر" و "سەرانە" بۆ شوێن و ڕۆژگارێکی سنووردار بەجێدەهێڵێت.

بەهەمەحاڵ، ئێرە جێی قەڵەم هەڵزەلین نیە.

کە شیعر دنیا خۆڕسک و ڕاستگۆیەکەی لە دەست دا و بە کاریگەری زۆرەملێی ئەو ڕۆشنبیرییە کەڵەکەکراوانە نووسرا، دەبێتە بەرهەمێکی ڕۆشنبیریی، نەک شیعر.



ئەو کاتەی کە ترپە، نەوا و شەوبایە زەنگدارەکان بەناو پەنا و پێچی چرۆستانی ڕۆح و مەملەکەتی دەروونـدا سەفەر دەکەن، ئاسمانی ڕۆح هەورێکی وەنەوشەیی دەپۆشێ، ڤێجا بارانێکی نەرم و دژوار شیرازەی وەرزەکان رادەپسکێنێ و دەڕژێتە سەر پێدەشتی ڕۆح، کە هەموو تاموبۆی هزر و رامان و ڕۆشەنبیرییەکانی لەگەڵ خۆیدا ئاوێتەکردووە. بەم شێوەیە دەبینین شیعرێکی ڕەنگ گەنمی، خۆڵەمێشی، وەیان شیعرێک بە ئاوێتەی هەموو ڕەنگەکان لەدایک دەبێت.

لەو کاتەی هەموو شتەکانی ئەم دنیایە ڕەنگی پیری دەنوێنێ و ڕۆحمان کەنەفت دەکا، سروشتی ئەم چەشنە شیعرە رامان دەچڵەکێنێ و بەرامبەر چرپەی پرسیارە نادیارەکانی بوون وگەردوون واقوڕماومان دەکات. لەو کاتەی کە واهەست دەکەین هەموو مەتەڵ و پرسیار و تامی شتەکان بێمانا دەبن، ئەو شیعرە بزێوە لە گومانمان دەگرێ. لەو کاتەی ئەم واقیعەی کە فێڵی سیاسەتی دەسەڵاتخوازان کرماوی کردووە، ئەو شیعرە بە سەفەر بەرەو دنیایەکمان دەبات کە خەونە مەزنەکانی مرۆڤایەتی لێ جێنشینە. شیعر زەمانحاڵی واقیعێکە کە "ئێرە"ی سواو نیە، بەڵکوو "ئەوێ"ی مەحاڵستانێکە کە هەرگیز دەستمان پێی راناگات. شیعر بەرهەمی غەریزە، خەون و حەزەکانی ئەم مرۆڤەیە کە کۆتاییەکی نیە.

کەواتە لە ڕاسگۆیی شاعیردا، شیعری ڕاستگۆ بەرهەم دێت. بەلای منەوە ئەم ڕاستگۆییە لە شاعیر و شیعردا، گرنگترین پێودانگی ئەفراندنە.

– ئەرێ، بای ژیان وەک پەڕەمووچە تەمەنی جەستەییانەی سورخی دەبا و ئەویش ئاوڕی سەرنجەکانی لە دنیای زاوزێی جاڵجاڵۆکەی ئەم گەردوونە و ئەڤینداری پەپوولە، چۆلەکە و باڵەفڕە کەمۆکانی ئەم وەحشەتەی بوون هەڵناگرێ. ئەم نەخۆشییە دەروونیانە و ئەم کڵۆڵییەی بێئاگا دەکەینە پێشمەرگە، وا دەزانێ دەتوانێت ئەو نەخۆشیانە چارە بکات. کەچی هەموو شتەکان بەدوایدا دەڕۆن و لێی جیانابنەوە. لەناو دونیای چەکدا، چۆلەکەکان هێلانەیان دەسووتێنرێ و تۆپەکان بووکەشوشە و بەروانکە و خانیچۆلەکان سێوی دەکەن. شیعری شاعیران (زۆربەیان!) بۆنی بارووتی لێدێت، شیعری سورخی بۆنی ژێرباڵی چۆلەکە و پەپوولەی لێدێت. تامی فرمێسک وشیری مەمکی رژاوی دەم منداڵان دەدات:

"تۆشم دەدی
قاپێک کە شیری لێ دەڕژا بۆ خۆرت درێژ دەکرد
بانگت دەکرد و دەگریای."

یان:

"ئەمشەو
مانگ باوەنۆئیلە وکراسە سوورەکەی
منی لەبەرکردووە."



گەمە و خەونە منداڵانەییەکان وەک گوڵئەستێرە لە دەشتی تاریکستانی دەروون و رۆحی وەڕسی شیعری شاعیر باڵەفڕێ دەکەن و بروسکە دەدەن. ئاوەزی زانیاری و ڕەوانبێژی گەرووی ترسێکی سامناکە، دادگایەکی مەحفکارە، ئەگەر خۆی دایە دەست راستییەکان دەبێ بۆ نەمان ملکەچ بێت. بۆیە بە ئانقەست لەناو ئاپۆرەی پرسیارەکان رادەکا و تەرمی رۆح بۆ ناو کۆشی ژیانی سادەیی سروشت دەبات:

"لە چەرخی بۆری سێیەمدا بوو
تەرمی خۆم بەرەو ئاوەدانیەکی
پێنج ماڵی دەئاژوا."

لەناو هەرا و زەنای خەڵک و ئاڵۆزیەکانی مرۆڤی سەردەمی خاوەن سەدان شێوە و نەریتەکاندا، جێی خەونە کێوییەکان و ئاکارە ناسروشتیەکانی تەرزە شیعرێکی وای تیا نابێتەوە. پرسیارەکان گەمارۆی شاعیر دەدەن، کەچی بەرلەوەی گەمارۆ بدرێ هەڵدێ. هەموو وەڵامە قورسەکان دەخاتە ئەستۆی قەدەر و یاساکانی بوون. ئەو هەر لەوێ رۆژێوە خۆی نەیوستووە بێتە "ئەمڕۆ":

"لەبەر سکم نان دەخۆم
لەبەر پێڵاوەکانم پیاسە دەکەم."

کە پیاسە دەکا و نان دەخوا، کەواتە دەژی، کە ژیاش، گەورە دەبێ، کە گەورەش بوو، غەریزەکان لە داخوازی خۆیان وازناهێنن. شاعیر دەیەوێ بۆ بەرتەکی ئەم ئاڵۆزکاریانە پەنا بباتە بەر پەرەندە گوناهەکانی سروشت و گیانە سپییە پاکانەکان. بەوە دەیەوێ لەم ((خودە)) هەڵبێ، کەچی لەسەرەنجامدا هەر دەگەڕێتەوە ناو ((خود)) و لەوێدا خۆی پەنادەداتەوە. شەڕی ((خود)) شەڕێکی نەزۆک و بێئەنجامە. بۆیە شاعیر لەبەرانبەر هەموو جووڵە و شتەکانی ئەم بوونە بێنموود و لاوازە، ئەو هەستانە لە ((نەبوونێکی)) لەخۆڕای ((بوون))ی هەڵدەکێشن. دەبوایە ئەم بارە کلۆڵییە شاعیری بەرەو خۆکوشتن ببات. بەڵام ئەو دەیەوێ خۆکوشتن، ئەو بکوژێ، بۆ مەرگیش شاعیر لە چۆلەکەیەکیش فەقیرۆکەترە. بۆیە مەرگیش دڵی نایێ رووی تێبکات:

"هەموو رۆژێک مەرگ دەبینم و
پێم پێدەکەنێ."
یان:
"مردن لە پشت دیوارەکاندا،
قاچە سەوزەکانی دەشوا."

ئەوەتا ئەو خۆشی هەست بەوە دەکات کە لەبەر دەستی مەرگ نێچیرێکی ماڵییە، چ وەخت بخوازێ راوی دەکات. مەرگ قاچی



سەوزە، ئەم رەنگ سەوزییە هێمای سروشتی ژیان یەکسان بە مەرگ دەگەیەنێ. مەرگ لە سروشت لەدایک دەبێت، وەک چۆن ئادەمیزاد لە خاک پەیدابووە و دەگەڕێتەوە ئەویش. ئەم بیرۆکە بەرێکەوت تێکەڵی هەستی ئاگایە نائاگاییانەکەی شاعیر بووە، کە ئەمەش لە هزری مرۆی ئیسلامدا سەرچاوەی هەڵگرتووە.

بەکورتی ئەم هەستی بێزاری و پەشۆکاوی و کلۆڵیانەی سورخی شاعیر نەخۆشیەکن، هەموو نەخۆشەیەکانی لێهەڵدەقوولێن. ڤالێری شاعیری فەرەنسی واتەنی: " ئەمە خۆی لە خۆیدا وەرسیی تەواوی ژیانە، کە ئەمەش تامی بوونە. مرۆی شاعیر دەبێ هەمیشە هەستی پێبکات و هەمیشەش تامی بکات."

- شاعیری کۆشیعری "ماسییەکان پێدەکەنن"، هەست دەکات بەرانبەر خۆی تاوانبارە. خود سێبەرێکی چرنووکاویە و هەڵیدەپشێوێ. هەر ئەوخودەش لەبەرانبەر خۆی دەڵێی چۆلەکەیەکی لە ئاو خلێتێنراوە. بەکورتی هەر دەڵێی خودی خۆی نیە، خودێکی ترە لەناو خوودا شەڕی لەگەڵ دەکات:

"بەرەبەیانێک
هێلکەیەکی سپی بەربۆوە
دڵی من و دوو ئێسک بوو
پێش ئەوەی "لیلیا" بمبا
پشیلە زەردەکەی زەوی
پڕی دامێ و بردمێ."

– لەناو ئەم مرخێش مرخێشە نەزۆکەدا دەیەوێ بە ئەڤین، ئەڤینێکی بێگەرد و پاک (کە لەگۆڕێدا نیە) وەڕسییەکانی پێ بخافڵێنێ. حەزدەکا لەگەڵ مانگ و درەخت و چۆلەکە و هەموو شتە پاک و بێگوناهەکان دڵداری بکات. چونکو خۆی هەست بە گوناهی خۆی دەکات، بۆیە دەیەێ بەو بێ گوناهانە، گوناهەکانی بسڕێتەوە. گەرای غەیریزە سێکسی، برسێتیە کەڵەکەبووەکانی کۆرپایەتی، کە هەموویان لە چەپاندنی سێکسیدا گرد دەبنەوە، ئەم برسێتیەش پڕ نابێتەوە، ئەڤین بە روح دەسپێدەکا. کەچی ماخولیای سێکس بەرزەفت نابێ.

شاعیرمان لە خەیاڵبازیی، وێنە و پێچوواندن لەزەت لە جووتبوون لەگەڵ ئافرەتدا وەردەگرێ. حەزدەکا وەکو هەموو هەست و خوستە رەمەکی و زگماکییەکان، رەگەزی مێینە و جەستەی ئافرەت پاکیزەیی و پاکانەیی بنوێنن.

ئەم هەست و حەزانەی وەک خودێکی بوونەوەر، لەبەر ئەوە نیە کە خۆی نایەوێت ئەو رەگەزە مێینە و جەستە پاکیزەیەی ژن بشێوێنێ، بەڵکووو چونکو خۆی لەبەرامبەر ئەم جەستەیە و رەفتاری سێکسی دەستەوەستان و لاوازە. لێرەدا ئاگاییە دەرەکیەکەی ئەم بەهانانەی بۆ قووت دەکەنەوە. بەلای شاعیری "ماسییەکان پێدەکەنن"، سێکس ئەڤین دەشێوێنێ و جوانیەکان لە دەست دەردەچن.

کاتی خۆی بۆدلێر گوتبووی: "وێکڕا تێکەڵاوبوون لەگەڵ یەکێکی تردا، مانای وایە تۆ حەزدەکەی بچیتە ناو یەکێکی ترەوە،



پەرێشانیش هەرگیز لەناو خودا دەرناچێ."

هەروا بۆدلێر ئاوا فەزای خەیاڵبازیەکان شەونماوی دەکا و لە شیعری ((مارده)) دا دەڵێ:

"حەزم دەکرد لە تەنیشت ((مارده))ی عازەبدا بژیم
هەروەک پشیلەیەک لەتەک قاچەکانی شاژندا لەزەت دەکا."

بەهەمان شێوە حەزەکانی ئەو خودە دابڕاوەی شاعیرمان، بەدەست لەملانێی جەستەی شەبەنگێکی بۆن و بەرام ئاسا بە وێنەی جەستەیەکی سافی مێینە دادەمرکێتەوە، کە ئەو خودە ئاوێزانیەتی. هەر ئەم خودەشە، خودەکەی تری، ئارەزو و جوانیە لاتەریک، شپرزە و شەرمنەکانی، لەناو حەشارگەی نووتەکی خۆیدا تەونچن دەکا. بەمجۆرە خودی ئاگا و پلیشاوە لە رووبەڕووبوونەوەی ئافرەت خۆیی دەدزێتەوە، تاکو بەرەو ڕووی ناتەواویەکانی نەبێتەوە.

ئەو خودە تارماییەکە هەموو کەڵکەڵەی فەنتازیا و شەهوەتە بۆنگر و چەورەکان دەورووژێنێت. بە ڕێگەی شتومەکی ئافرەت وەک، دەسماڵ دەرپێ، نامە، ژێرکراس، ملپێچ، گۆرەوی، بۆنی هەوەسەکان رازی دەبن و لەزەتەکە تێر دەکەن. ئەمەش لە دەروونناسیدا بە "فیتیشیزم" ناودەبردرێت، واتا ئاوێزان بوون بە شمەکی ژن. با گوێ لەم شیعرە بگرین:

"ئەوە شەوەی لە ماڵ نەبووی

لەناو جێگەکەت خەوتم، بەیانی کە لە خەو هەستام
سەرینەکەتم ماچ کرد.
ئەو شوێنەم وەکو پشیلەیەک بۆن کرد."

بۆنی نزیکی ئافرەت بۆ وی بێ لەزەتە، ئەو بۆنەی کە لە جێگە و شتومەکەکان نیشتووە، بۆنێکە، لەزەتێکە، هەوەسێکە، لووس و زولاڵ، کە تارمایی ئەم خودە تامەزرۆیەتی. ئەوەتا حەزەکان لەناو سەرابی کەڵکەڵەکان سەرەتاتکێ دەکەن و جەستەی ئەو بۆن و بەرامە پڕ لە شەهوەت دەکەن:

"خۆشەویستەکەم،
لە گەرماوەکەدا خۆی دەشوا،
چۆلەکەکانیش ئاوی جۆگەلەکە دەخۆنەوە."

حەز دەبێتە ئەفسانە و شێوەی چۆلەکە دەنوێنێ، بە هەڵلوشینی ئاوی زەمزەمی چۆڕاوی لەشی خۆشەویستەکەی نەبێت هەڵ ناکات. حەز تا چڵەپۆپەی کەڵکەڵەکان فڕیوە، تام سۆی تێنوێتی بەو ئاوە بۆنگرە نەبێ ناشکێ. سێکس دەخواتەوە، نەک دەیکات.
دەزانێ. یان تارمایی هەوەسی خودە دەزانێ کە "عەشیقەکەی" خۆی دەشوا، رووتە، کە رووت بوو، هەوەسیش بەو ئاوەی کە لەو جەستەی ناو گەرماوەکەوە دەچۆڕێتەوە لەزەت وەردەگرێ. ئەمەش لە ڕەگی ئەو ((فیتیشیزم))ەوە سەرچاوەی گرتووە.



گەر ئەو خودە کێویی و یاخی نەبێت لەو خودە ئاگایە قەوزەگرووە، زاتی نەدەکرد پەی بەو هەستە پڕ لە شیعریەتە ببات. تارمایی کەڵکەڵەکانی ئەم "خودە" دابڕاوە، ((عەشیقە)) دەخولقێنێ و بە هەوەسی خۆی یاری بە جەستەی ئەو ((عەشیقە)) نادیارە دەکات.
- نائاگایی نووسەری ئەم شیعرانە شاعیرە؛ نائاگایەکی شاعیرە. جا گەر شاعیرمان لەو ڕێککەوتە نائاگاییە زگماک و ڕەمەکیە داماڵێ، بەلای کەمیەوە راسگۆییە شیعرکەی لێی دادەماڵێت. ئەوە شیعرە کە هەتیمیەکەی وی ناسی، شیعر نەبووایە لەم دنیا و سەردەمە گومڕایەدا، چ پەناگرێک ئەم ((بوونە)) هەتیمە کڵۆڵ، نیگەران و نامۆیەی دەحەواندەوە.
ئاوا شەڕەنگێزەکانی ((با))ی بوونی قەدەر داوی کۆلارەی ڕۆح رادەپسکێنێ، ڤێجا خود دەبێتە ماسیەکی گێژ و سوورگومی نێوان شەپۆلە سرکەکانی روحی شپرزە و عاسێ و نیگەرانەکەی. درۆیە پێکەنیوەکانیش شەهوەتی مانەوەکەی فەرامۆش دەکەن.

ئیتر...! ئەوەی کە دەبووایە بۆ جەستەی ئەم شیعرە منداڵ مەرانگازبوونە بنووسم. ئەوە نیە کە نووسیوومە. ئەوەی کە نووسییوومە، سەفەرێکە لە شوێن تەیکردنی سەفەرێکی تری تەنیایی شیعر. بۆیە سۆراغ و پرسیارەکانی تر لەنادیاریی ئەم سەفەردا، بۆ خودی نادیارییە گومڕاکانی شیعر بەجێدەمێنن.
- هەروا وەکو لە یاسا و ڕێسای پێشەکی نووسی شیعری کوردیدا بەباوکراوە، ئەز لە شوێن مامۆستایەتی و دکتۆرایەتی پێش وەعزیم

به خۆم نەسپاردووە. چونکە بە نەخۆشییەکی تەشەنە و کوشندەی دەزانم و بڕواشم بەم ((بەندوباوە بەباوکراوانە)) نیە. هەروەک لەلای هەندێکیش بۆتە ((باو و خولیا)) بۆ پڕکردنەوەی هەستی بستەبالاَ ((قزم)) یان، لەبەر خاتری ڕەسم گرتن لەگەڵ بەناو گەورە و ناوداران دیدار و ڕەخنەنووسی دەکەن. بۆیە من مەرامم نیە، خوانەخواستە رسقیان بێهەڕمێن بکەم.

- وێڕای ئەمانەش، من شێواز و ڕێچکە و پایە و ئاستی ئەم دیوانیلەیەم لە هیچ قوتابخانەیەک قەید نەکردووە، چونکو شوێنی بەتاڵ لەو قوتابخانانەی کوردیدا نەماوەتەوە. بۆیە لە ڕوانگەی ئەو قوتابخانانەوە، ((ڕوانگەیزم))ی و ((شار-هاوڕێزم))م پێڕۆ نەکردووە. وابزانم شیعر، کە لەدایک بوو لە هیچ قووتابخانەیەک داناکاسێ. کە شیعر لە منداڵدانی دایکی شاعیر لەدایک بوو دەرچووی هەموو وانە و پۆلی قوتابخانەکانە.

ئەرێ شیعر کە مەرجی قبووڵکردنی هەبوو بۆ قوتابخانەیەکی دەستکرد، پێی دەڵێن شیعر؟!

- ئەرێ جەستەی لاساری شیعر، چۆن ئەو هەموو ساڵانە لەناو ئەو قوتابخانە و لەگەڵ ئەو قوتابیە لێک جیاواز و تەمبەڵ و ئەو مامۆستا بۆینباخ ڕەسمیانە سندم دەکرێ؟!

کەواتە نیتشە واتەنی:

" هەر تەنیا خودی کارەکانی هونەرمەند یان فەیلەسوفەکانە، کە دایانهێناوە ئەوان دەخوڵقێنێ.



چونکە دەبووایە دایانبهێنابایە. ئەو مەزنانە، وەک ئەو چامە لە شیعرە بوودەڵە و چاوشۆڕانە کامانەن، تا شکۆداریان بکەین یان پیرۆزیان بکەین.

ئەو مەزنانەش تەنیا شەهیدی ئەوانەن پەرستوویانن."

١٩٩٣/٨

ستۆکهۆڵم

## مەدحەت کاکەیی؛
## لە نەوای هێڵکارییەوە بۆ خەڵوەتگای ڕۆشنایی ڕەنگەکان

مەدحەت کاکەیی لە ئەزموونی پێشوویدا، کە بریتی بوون لە تابلۆگەلێکی گرافیکیی و هێلکاریی و موتیڤ ئامێزدا ، توانی شوێنپێی خۆی و ژیانی ناوەکی کوردی بگوازێتەوە بۆ ناو ڕەنگەکان، کەچی مەدحەت کاکەیی لەو ئەزموونە نوێیەدا لە خەمی ئەوەدایە، کە لە یەکایەتییەکی یەکڕەنگی و بەتاڵ لە هێلکاری و فگیورەکان، لە ئاسۆیەکی نادیاریی ئەفرێنەراودا، ئەو یادەوەرییە هەراسانەی کورد کە بە دەستی وێرانکاریی و پەژارای پێناسەکردنی ئەو قەدەرە دەناڵێنێ، بێدەنگانە ئامادە بکاتەوە. ئەو تابلۆیە نوێیانەی هەنووکەی مەدحەت، بە چین لە سەر چینی ڕەنگەکانیانەوە، گەردوونێک لە شەبەنگی ڕۆشنایی، تێڕامانێکی خەڵوەت ئامێز ، سەرابێک لە تەرمی خاکێکی ئەنفالکراو، گەردوونێکی چۆلکراو لە مرۆڤ، نمایشدەکەن.

لێرەدا هەوڵدەدم، بە نیگایەک لە چرایەتی گۆشەنیگای ڕاستینەی "شتایەتی شتەکان"ەوە، کە مارتین هایدگەر لە کتێبە دانسقەکەی "ڕەچەڵەکی کاری هونەری"دا (١) دەیانهزرێنێ و لە ڕوانینە سرکەکەی ئارتۆر ڕامبۆی "ڕاوانینوان"ەوە بۆ پرسی دۆزینەوەی "نادیاری"، کە لە نامەکانی ڕوانینوانێک"یدا (٢) لەسەری دەپەیڤێ،



کە لە کن من، ئەو دوو تێڕوانینە لە ئەفراندن بەهایان لە بن نایێ، ئەو ئاسۆیە بێدەنگەی کە لەمدیوی یەکایەتی ئەو قەوارە ڕەنگیانەی تابلۆیەکانی مەدحەتدا، مەستانە دەڕوانن. بدوێنم.

هەڵبەتە مەدحەت سەرەتا لە حەفتاوە تاکوو ناوەڕاستی حەفتایەکان بە کارە هونەرییە گرافیکییەکانی، لە کۆمەڵێک پۆرترەرێت و هێڵکاریی جیاواز لە شێوەی "ناتوراليزم"ی و دەربڕینییدا، تایبەتمەندییەکانی ناخی هاومرۆڤەکان، سروتی ژیانی کاکەییەکان و هاوسێیە دوور و نزیکەکانی شوێنگەکەی خۆی و نیگای شوێنپێی ئەڤین و دڵڕەقی و ناڵە و تریقانەوەکانی مرۆڤی کوردی لەناو جیهانی ڕەنگی ڕەش و سپی و هەندێ جاریش ڕەنگیی هاوسۆز لەگەڵ یەکتر، ژیاندەوە، دواجاریش هەر لە نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوودا، بەو شێوازەی ئێستاییەوە، بەرەو گەردوونێکی دیکەی "نادیار" گەشتە هونەرییەکەی دەستی پێکرد. ئەو ئەزموونەشی لە شێوازێکی ئەپستراکت، یەکایەتییەکی ڕەنگی "ئەرکریول"ی شەپۆلاوی، لووس، لێڵ، پرشنگدار و بێدەنگیدا، پەنگیان دایەوە و لە پانتایی تابلۆیە یەکڕەنگیەکاندا لەنگەریان گرت.
مەدحەت لەو شێوازە هونەرییەدا، پەژارەی مرۆڤەکان بۆ چارەنووسەکانیان، نیگایە ئەڤین ئامێزەکان، دیمەنی جووڵەداری ئەو شتانەی کە لە خاکدا دەژین، دابڕان و شوێنپێی ڕوحی برینداری کوردان ... هتد، لە یەکاتییەکی چڕکراوە جێنشیندەکا، کە هەندێک جار تابلۆیەکان، هەر دەڵێی کەینونەیەکن لە کۆتایی گەردوون و

هەندێ جارییش، مینا خەڵوەتگایەکن لە سروتی توانەوەی دۆنا و دۆنانەبیانەی کاکەییەکان.



لە نیگایەکی دیکەدا، کە مرۆڤ لەو تابلۆگەلە نوێیانەی مەدحەت ڕۆدەچێ، هەردەڵێی ئەو ژیانە سوتەمەرۆ و لێکترازەوەی کوردان و بگرە خودی سروشتی شتەکانی خاکەکەشەتی، چیتر هێماگەل و هێڵ کێشانەکان ناتوانن ڕاستییەکانی ناخیان ئاوێنە بکەنەوە. لەبۆیە ئەمدیوی تابلۆیەکانی لە وێناندنی خاکێک دەچێ ، کە ڕوحگەلێکی تراویلەکەیی، شوێنپێیەک لە ژانی خاکێکی ئەنفالکراو قووڵاییەکانی داپۆشیوە. بە واتایەکی دیکە، ئەو ڕەنگ و شەپۆڵە هێورانەی کە لە یەکایەتییەکدا ڕوانینێکی خەڵوەت ئامێز نمایشدەکەن، هاوارە



خەفەتاوییەکەی ئەدۆرنۆم بە یاد دێننەوە، کە لە مەڕ کۆستی کۆکوژی "ئاوشوێس" دا وتبووی: " من نامەوێ دەربڕینەکەم نەرمتر بکەمەوە کە دوای ئاوشوێس بەردەوامبوون لە شیعر نووسین بەربەریەتە". (٣) هەرچەندە ئەدۆرنۆ چەند ساڵ دوای ئەو هاوارنامەیە، دوای ١٩٦٦، وێڕای دوو دڵیشی لەوەی کە شیعر لە توانای دابێ ئەو ئازارە دەربڕێ، بەڵام پێی وابوو کە پۆل سیلان، شاعیری بە ڕەگەز جوولەکەی ئەڵمانی کە "تاکە نووسەرێکی هی دڵییە دوای شەڕی جیهانی دووەمدا کە دەکرێ لەگەڵ ساموێل بێکێت بەراورد بکرێ". (٤) بەمجۆرە ئەدۆرنۆ لە پەیوەندی بە دەستڕنگینی پۆل سیلان بەردەوام دەبێ و دەڵێ: " ئەو ئازار کێشانە لە بن نەهاتووانەی کە هاوئاستی گەورەییان مافی خۆیەتی وەک ژانێکی قووڵ گوزارەیان لێبکرێ: بۆیە لەوانەیە هەڵەیەک بوو بێ کە دوای ئاوشوێس چیتر شیعر بنووسرێ". (٥)

سەبارەت بەو گەردوونە خەڵوەت ئامێزەی کە لە یەکایەتی ڕەنگی "ئەریوکل"ی تابلۆیەکانی ئێستای ئەو شێوەکارە دەیبین، ڕەنگە بکرێ وەک چەشنە هاوارنامەیەکی بێدەنگ؛ ئاوێنە بوونەوەی خەفتگەلێک لە شەپۆڵی مەستانەی ڕەنگ، پێناسە بکەین. چونکە ڕەنگە دوای ئەو تەنگانە ڕوحی و دەروونییەی کە مرۆڤی کورد لە ژێر کایەی ئەنفال، کۆچڕەوی و نووشستی ڕاپەڕین، پێیوەیان دەناڵێنێ، هێما، هێڵکاریی و فیگیورەکان شەکەت بووبن لەوەی کە ئەو هەموو شەپۆڵە ژانەی کورد دەرببڕن. هەر بۆیە ئەو شێوازە

نوێیەی مەدحەت هەوڵدانێکە تاکوو ئەو نیگا، دیمەن، رووداو و کۆی خەمی بوونایەتی کورد لەناو خاکی رەنگاکاندا بتوێنێتەوە. کاتێک مەدحەت پێشتر، لە ئەزموونی وێنە ئامێزدا هەوڵیدا بەو موتیڤ، بابەت و هێمایە جودایانەی خۆیەوە، ئەو هەموو پەژارە و پەرێشانیانە لە گەردوونی تابلۆگەلێکی رەش و سپی و رەنگییدا لە ستایلی دەربڕینیی نمایشبکا، بەڵام دواجار کاتێک هەستیکرد، کە ژانە بێکۆتاییەکانیانی مرۆڤی کورد لە دەستی یادەوەرییە کەڵەکەکراو و مەحاڵیەتی گۆڕان رزگاریان نابێ، ئیتر کۆی ئەو شتگەلە هەراسانانەی ژیانی هاومرۆڤەکانی بۆ ناو گەردوونێکی بێدەنگ گواستەوە. بەمجۆرە ئەو یەکایەتییە رەنگییەی تابلۆیەکان، هەردەڵێی قەوارەیەکن لە رۆچوونی بوونی شتەکانی ژیانی کورد؛ واتا ئارامگایەکە بۆ کۆی ئەو یادەوەرییە پەژارە ئامێزەی کورد. مرۆ کە لەبەردەمی ئەو تابلۆیانە دەوەستێ و بە وردی دەڕوانێتە پانتایی تابلۆیەکان، هەستدەکا بینایی رۆدەچێنە ناو خاکێکی کەڵەکەکراو یان تەختکراو، هاوکاتیش بێدەنگییەک لە نەوا، پرسیاریی بینایی بەتاڵ دەکاتەوە. ئەو کارە هونەریانە لە رێگای ئاوەڵاکردنەوەی گەردوونێک لە بێدەنگی رەنگ، لە خەمی ئەوەیە کە یەکایەتیەکی روحی، وەک خەڵوەتگایەک، بە بینەر ببەخشی. لەبۆیە دەکرێ ئەو شێوازەی ئێستای هونەرمەند، وەک جۆرە پەیامنامەیەک بۆ گەڕانێکی هێورانە بە دوای تێگەیشتن لە گەوهەری راستیی و هاوکاتیش کردنەوەی ئاسۆیەک بۆ بیرکردنەوەیەکی دۆستانە لە نێوان سروشتی مرۆڤی کورد و ئەو"شتگەلە"ی کە لە ژیانیدا ئامادەن، وێنا بکەین.



ئەو "راستیە" لە تابلۆدا "شتایەتی شتە". نادیارەکان بەدیار دەخات. کەواتە بە واتای هایدگەر "وەرچەرخانی راستی لە نێو کار {تابلۆ}دا لە چالاکیدایە. هاوکاتیش "راستی لە گەوهەرەکەیدا هەبوونەکەی بەردەوامە، راستیش وەک خۆی هەبوونەکەی لە نێو دینامیکی رۆشنایی و پەنهانییەکی لە رادەبەدەردایە. راستی جەنگی جەنگەکانە، لەوێدا لە نێو هەموو رۆژگارەکاندا ئاوەڵایی بە جۆرێک لە جۆرەکان براوەیە، کە هەڵگری هەموو شتێکیشە و لە دەرەوەشڕا هەموو ئەو شتانە خۆیان دەکێشنەوە، هەر تایبەتمەندییەک لە بوونایەتی ئەو راستییە خۆی بە دیار دەخا و دەشارێتەوە. هەر کاتێک و چۆن ئەو جەنگە دەستپێبکا و وەرچەرخێ، بەمجۆرە جەنگاوەرەکان لە رێگەی ئەو جەنگەوە رێدەکەن — رۆشنایی و پەنهانی- لێکدابڕاو لەگەڵ یەکتردا. بەم شێوەیە لەو جەنگەدا ئاوەڵایی سەردەکەوێ. راستی ئەو ئاوەڵایە ئاوەڵایەیە. (٦)



بێناونیشان70x100 cm

لێرەدا پرسیاری ئەوەیە، کە کە لە تابلۆیەکانی مەدحەتدا ڕۆشنایی ئەو ڕاستییە، چۆن ئەو جەنگە هەبوونایەتیانە ڕۆشندەکەنەوە؟ بە واتایەکی دیکە، لەناو ئەو جەنگە چارەنووس سازەدا، چۆن دیمەنێکی کپ یان ڕۆشنی شتەکان، نیگای تایبەتی کیژێکی سۆزدار، پیاوێکی شلەژاوی ڕاماو لە ژیانە ئاڵۆزەکەی ...هتد، لە یەکایەتی چین لەسەر چینی تاک ڕەنگی بەرهەمەکانی ئەو دوایەی مەدحەتدا هاوئاهەنگییەک لە شەپۆلی جووڵەکانیاندا ئامادە دەبن؟ وەک وتمان، کە مەدحەت لە کارە هونەرییەکانی حەفتا- ناوەڕاستی حەفتایەکانیدا، لە ڕێگای هێڵگاریی، وێنە، پۆرتەرێت و دیمەنە سروشتیەکانەوە، جەنگی "شتایەتی ئەو شتانە"ی کە لە ژیانی مرۆڤی کورد و مرۆڤایەتیدا هەن، نمایشدەکرد. کەچی لەو ئەزموونە نوێیەدا پەنهانییەکان لەگەل پرۆسەی جەنگی چین چینی ڕەنگەوە پانتایی تابلۆیەکان دەتەننەوە. هاوکاتیش لە ڕووی دەرەکی ئەو تابلۆیانەوە، شتەکان بەناو یەکدا ڕۆدەچن و ڕۆشنایی ڕەنگەکانیش پەنهانییەکانی ئەودیوی تابلۆیەکان ئاوەڵا دەکەنەوە.
ئەوەی کە بیناییمان بەرەو "جەنگی ڕاستی شتەکان" بێدار دەکاتەوە، بەند نییە بە خودی هێمایەکان، وەک ئەوەی لە زۆر کاری هونەریی کوردیدا هێماگەلێکی وەک: جەمەدانی، شاخ، وێنای شەهید و ڕووداوە تراژیدیایەکان بۆ وێناکردنی ژیانی کورد ئامادەییان هەیە، بەڵکووو بەندە بە چۆنییەتی و چڕکردنەوەی بادیارخستنی ئەو ڕاستیانەیە کە لەودیوی ناوەکی ڕەنگەکاندا پەنهانن .لێرەوە "جەنگی ئەو ڕاستییە" لە تابلۆیەکانی مەدحەتدا، بە گەرمی و تۆخی



ڕەنگ و شەبنگی ڕۆناکی و سێبەری هێڵەکانیانەوە، ڕەچەڵەکی ڕەگەکانی ئەمدیوی ژیانی مرۆڤی کورد، بە بینراو دەکەن، بۆ ئەوەی بینایمان بەرەو دیمەنێکی تری نەبینراوەکاندا بێدار بکەنەوە. ئەو کارە هونەریانە لە تایبەتمەندی نیگا و وورووژاندنی ڕەنگەکانییەوە ژیان بەو شتگەلەی کە لە ژیانمان و لە سرووشتی خاک و ناخی ئێمەدا هەیە دەبەخشێ و ئێمەش لەگەڵ سەیرکردنی ئەو شتگەلە ئاشنای جیهانێکی نوێ دەبین، کە پێشتر بۆ ئێمە ئامادەییان نەبوو.

لەو ڕوانگەیەوە ئەو شێوازە هونەرییەی مەدحەت لە ڕێگای گەردوونێکی بێدەنگانەی یەکایەتی ئەو ڕەنگانەوە، ئەو مەودایەی نێوان بینایی بینەر و یەکایەتی ئەو شتگەلەی کە لە گەردوونی تابلۆیەکاندا ئامادەن، کۆدەکاتەوە و یەکیاندەخات. دوای ئەوەی ئەو مەودایانەی نێوان بینەر و شتەگەل، نێوان ڕوح و جەستە، نێوان ئاسمان زەوی لە ناو گەردوونی تابلۆیەکان تێکەڵی یەکتر بوون، ئیتر بەتاڵبوونەوەیەک، یان چێژێک لە بێدەنگی، یەکایەتی ئەو بوونایەتیە لە ئامێز دەگرێ. کەواتە کاتێک مرۆڤ بە دەستی دۆشدامان و ئازارەکانییەوە دەتلێتەوە، ئەرکی داهێنان ئاوەڵا کردنەوەی ئاسۆیەکی بێمەرجی جوانناسانەیە، تاکوو بەهایەک بەو بوونە مرۆڤایەتییە گەمارۆدراوەمان ببەخشێ. بە واتایەکی دیکە، ئەرکی هەموو داهێنەر و داهێنانێک، وەک ئارتۆر ڕامبۆ لە کاتی خۆیدا بۆ هەتا هەتایی وتی: "شاعیر {هونەرمەند} پێویستە ئەو نادیارییە گەمارۆ بدات کە لە سەردەمی ئەودا خەرمانەیەکی لە ناخی جیهانیدا فەراهەم

کردووه." (٧) بەڵام داهێنەری روانینوان بۆ دۆزینەوەی ئەو نادیارییە، شێوەی تازەی پێویستە." (٨) لەو گۆشەنیگایەوە، تابلۆیەکانی مەدحەت چڕکردنەوەی ئەو گەردوونە "نادیار"ەیە لە یەکایەتی رەنگەکاندا. رەنگە خەمی دۆزینەوەی ئەو "نادیار"ییە و ئاوەدانکردنەوەی ژیانێکی نوێ لە "بەتاڵبوونەوە"ی ژانەکان لەو تابلۆیانەدا، تەنیا ئاسۆیەک بێ بۆ بیرکردنەوە و گفتوگۆ لە داهاتووی پێناسی بریندار و گەمارۆدراوی کورد. چونکە ئەرکی بە راستی هونەر، بریتی نییە لە پێناسەیەکی دیاریکراوی راستی؛ "شتایەتی شتەکان"، بەڵکووو کردنەوەی ئاسۆیەکە بۆ رۆناک کردنەوەی ئەو گەردوونە "نادیار"ەی کە "شتەکان"ی تێدا جێنشینە، یان دۆزینەوەی ئاسۆیەکە بۆ جەنگێکی ئاوەڵای راستی ئەو شووناسە نادیارە.

لەو دیدەوە تابلۆیەکانی مەدحەت، لە ئاستێکی هونەری جوانناسییەوە، چەشنە دۆزینەوەیەکی ئەو "نادیار"ییە و ئاشناکردن و دواندنی ئەو "شتگەلە" کە لەو گەردوونە نادیارەی ئێمەدا فەرامۆشکراون . بۆیە گەردوونی تابلۆیەکان، وەک خەڵوەتگایەک لەناو ئەو ژیانە وێرانکراو، یان "ئەنفال"راوەی کوردیەدا، "شەفا"یەکی جوانناسییانە بە روحی پەژارەی ئەو خاکە وێرانکراوە و "شتگەل"ەکانی ناو ئەو ژیانە حوزنبارەمان دەبەخشن. دەکرێ ئەمەش هەوڵدانێک بێ کە لە یەک کاتدا، هەم وەک لاواندنەوەیەکی ئەو یادەوەرییە گەمارۆدراوەی کورد و هەمیش وەک ئەوەڵاکردنەوەی "نادیار"ییەک بۆ ژیان پێبەخشینی ئەو یادەوەرییە، بخوێنینەوە.



کەواتە لەو گەردوونە نوێیەی کە ئەو ئەزموونە هونەرییە دەیبەخشێ، دەکرێ ئاسۆیەکی ئاوەڵاکراوی بەتاڵ بۆ ئەو روحە "ئەنفال"کراوەی کورد بە دیار بخا و بەمەش ئاشتبوونەوەیەک لەگەڵ ژیان و بوونەکەی دەستپێبکا.

لەم روانگەیەوە، رۆناکی ئەو تابلۆیانە لە یەکایەتییە گەردوونییە کشوماتەکانیاندا، سەبووریەک بە کۆیادەوەری کورد دەبەخشن. بینەر دەتوانێ بە بوونی شتە روحدارەکانی خاک لەگەڵ سەما و رۆناکی کپی رەنگدانەوەی رەنگاکاندا، و قووڵایی و تەنکی رووبەری تابلۆیەکان، ئاشت بێتەوە، کە بە بەرزی نزمیان، هەر دەڵێی بەشێکن لە لۆچ و گرژی رووخسار و نیگای ژنێکی کۆست کەوتووی پاشماوەی ئەنفالەکان، یان هەر دەڵێی رەنگی خەڵوەتگری مندڵێکی هەڵەبجەیە، کە بە هەنسکەکانی هەنیەی تابلۆیەکان، شوێنکات، خەستر دەکاتەوە.

بەمجۆرە بەدەم روانینی ئێمەوە، روحێکی "نادیار" لەبن ئەو رەنگە خەستە کەڵەکەکراوانەدا هەناسە دەدا، یان لە زەیرۆحدان و ناڵە و رامانە. تەواوی ئەو تابلۆیە نوێیانەی مەدحەت لە یەکاتییەکانیاندا، پێکدادانی سیمای دژوار و روحی تاڵانکراوی مرۆڤی کورد ئامادە دەکەن. لە پانتایی تابلۆیەکاندا، جووڵە و شەپۆلی نیگای مرۆڤ و درەخت و دیمەنی شوێنەکان ، لە ئاوێزانبوونێکی بەناو یەکتر تواوەدا، بیناییمان خەڵوەتگیر دەکەن. بە هاوئاهەنگییەک لە نێوان ئەمدیوی شەپۆلی رەنگی تابلۆیەکان و نیگایەکانی بینەرەوە، "شتایەتی شتەکان" سەرەتاتکێ دەکەن.

بە دیوێکی دیکەشەوە، دەکرێ ئاماژە بەوە بکەین، کە لەو ئەزموونەی نوێیەی مەدحەت کاکەیی دا، خود/سۆبژە و بابەت/ئۆبژە، بەناویەکدا وەردەبن و لە یەکایەتی رەنگدا دەتوێنەوە. چونکە ئەمڕۆ بە گشتی لە جیهانبینی داهێناندا، "یاری"ییە هونەرییەکان بزواو و لێکئاوێزانن: بابەت، کەرەسە و روانگە هونەرییە کۆنینەکان، بە شێوازێکی نوێ لە گەردوونی کاری هونەریدا ئامادە دەبنەوە. ئەو شێوازە نوێیە لە هونەری شێوەکاریدا، کە لە ژێر چەتری "پۆستمۆدێرنیزم" ناودێر دەکرێ، هەر لە کۆتایی شەست و سەرەتای حەفتایەکانەوە، لە ئەمریکا، رۆژئاوا و لەوانەش لە سوێد، بە کردنەوەی پێشانگایەکانی "مارۆ دۆشمان"، ئەندی وارۆل"، "باربرۆ بلوم"، "سندی شارمان"، "شاری لێبین" ... هتد دەستی پێکرد و شێوازی "مۆدێرنیزم"ی خستە ژێر پرسیار، یان بە واتای ژاک دێریدا، ئەو شەپۆلە نوێیە لە جیهانی هونەردا، ئەو گەردوونگەرایی و ناوەندگەراییەی کە هونەری پێوانە دەکرد "هەڵوەشاندەوە". ئیتر دوای ئەو ریزە پیشانگایانەی کە سەرەتا لە ئەمریکا دەستی پێکرد، سنوورەکانی جوانناسی ئاوێتەی یەکتر بوون. لەو شێوازە واقیع هەم وەک خۆی و هەمیش وەک وەقیعێکی خەیاڵێنراو بە شێوەگەل بەرهەمدەهێنرێتەوە و نمایشدەکرێ.

لەو ناوکۆیەوە، ئەگەر سەیری پرۆسەی گۆڕانی شێواز و گۆڕانەکانی تابلۆیەکانی مەدحەت دەکەین، دەبینین، هەر لە ناوەڕاست و



سەرەتای هەشتایەکانەوە، بەرەو ئەزموونێکی نوێ هەنگاو دەنێ، لەوێوە بە چەشە و تامێکی تایبەت بە خۆی، شێوازێکی ئەپستراکت هەڵدەبژێرێ. بەمجۆرە دوای ئەوەی کە لە ئەوروپا و کوردستاندا لە چەندان پێشانگادا، بەرهەمەکانی نمایشدەکا، توانی بە تایبەتمەندییەک لە هەڵبژاردن و رووژاندنی رەنگ و چەشەی جوانناسی، جیاوازی خۆی رابگەیەنێ.

---

لە ساڵی ٢٠٠١ دا، کە گالێریەکی ناسراوە لە ستۆکهۆڵم، پێشانگایەک دەکاتەوە،Aronowitsch لە ساڵی ٢٠٠١ دا، مەدحەت لە لەوێدا مەدحەت بە نمایشکردنی تابلۆگەلێک لەو ئەزموونەی نوێیەی، جەنگی راستی هونەرەکەی بۆ بردنەوەی پەنهانیی ئاوەڵا دەکاتەوە. دوای ئەم پێشانگایە، مەدحەت بە تام و رەنگێک لە رەچەڵەکایەتی رەسەنی کورد، تایبەتمەندێک لە شێوازەکەی خۆیەوە، پێناسەیەکی تایبەت بۆ شێوازی هونەرەکەی دەستەبەر دەکا.

لەو ناوکۆییەوە دەکرێ دیدی بینەر بۆ وێنەیەکی دیکە بکێشین، کە لە رووخساری تابلۆیەکانی مەدحەت ئامادەن. ئەگەر بینەر لە سروشتی ژیانی سروشتیانەی کورد بە یادی خۆی بێنێتەوە، دەتوانێ چەشنە گواستنەوەیەک لە کردەی هونەریانەی قوورکاری لە تابلۆیەکان ببینێ. وەک دەزانین، شێوازی چیکردنی خانوو و سواخدانی بە قوورە سوورەی خوساو، شێوازێکە سەلیقە و چەشەیەکی هونەری تایبەتمەندی کوردیانەی تیادایە، کە دەکرێ وەک تەرزە هونەرێکی خۆماڵییانە، چەشەیەکی جوانناسیی کوردی

له تەلارسازیدا سەیری بکەین. ئەو کردە هونەرییەش ڕەنگدانەوەی باری سروشت و ئامادەیی خودی "شتەکان"ە لە ژیانی کوردیدا. بۆیە کە مرۆڤ بە بینین بۆنی تابلۆیەکان دەکا، هەستدەکا بەدیار دیمەنی چین لەسەر چینی قوورێکی سوور، کەسک، قاوەیی... هتد تامدار لە ڕوحی خاکی سەربان و ریزە دیوارەکانی ماڵ، وەستاوە. درزەکانی سەر رووی دەرەکی تابۆلیەکانیش، هەردەڵێی ناخی پیرە ژنێکە، کە لە ئاسۆی زەردەپەڕێک، یان ئاقاری کازیوەیەک دەڕوانێ و تیرێژەکانیش لۆچەکانی سەر رووەمەتی ختۆکە دەدەن. هاوکاتیش مرۆ ئەگەر سەرنجبدا کە لە خودی سروشتی خاکی کوردستاندا، ئەو دیمەنگەلە لە یەکاتییە ڕەنگا ڕەنگییانی بەرچاو دەکەوێ. ئەو شێوازە کاتێک دەترنجێتە ناو چەشەی هونەری مەدحەت، کە کورد، دوای "ئەنفال"، کۆڕەو و شکستەکانی، بۆ بە واتاکردنی شووناسەکەی، پێویستی بە گوتارێکی جوانناسی ئیدیالی، یان دۆزینەوەی گەردوونێکی نادیارە، کە لە ناخی خۆیدا پەنهانە. کەواتە سەیرکردنی ئەو تابلۆیانەی مەدحەت کاکەیی، تەنیا چێژ وەرگرتن و لێکدانەوەی ڕەنگەکان نییە، بەڵکوو ئامادەکردنەوەیەکی "دۆناو دۆن"یانەی شەپۆلی جووڵەی کۆی ئەو "شتان"ەیە کە لە یادەوەریی ئێمەدا پەنهانن، ئەمەش وادەکا ئاسۆیەک لە جووڵەکانی بوونایەتی ئەو خاکە لە بینایماندا ئامادە بێ. مرۆ کاتێک بە بیناییەکی هێورانە لەو تابلۆیە نوێیانەی تەوەمەدحەت دەڕوانێ، ڕۆدەچینە ناو تووناوتوونییەک لە بێدەنگی، کە لەوێدا قسەکردن و لێکدانەوەکان؛ هێڵگەل و فیگیورەکان، یان کێشانەوەی ئەو هەموو ئاوارە و



ئەنفالکراوانە، چیتر ناتوانن بەهای ئاشتبوونەوە، سەبووریی و بەناو خود چوونەیەک بەو قەدەرە هاوبەشەی کورد؛ مەرگ و ژیانە بازنەییەکەی، ببەخشن.

ژێدەرەکان:

(١) Marti Heidegger, *Konstverkets ursprung*. Över från tyska till svenska:Richard Matz, Daidalos, Göteborg, 1987.

(٢) ئارتۆر رامبۆ، *نامەکانی ڕوانینوانێک و مەرگ*، وەرگێڕانی بۆ کوردی: هەندرێن،بڕوانە: http://members.chello.se/handren/

(٣) *RES PUBLICA*, teoretiska och litträra tidskrif, Lund, 1998, nr, 39, s. 130.


(٤) هەمان سەرچاوە، ل: ١٣٠

(٥) هەمان سەچاوە، ل: ١٣٠

(٦) Martin Heidegger, *Konstverkets ursprung*, ل: ٦٠-٦١

(٧) ئارتۆر رامبۆ، *نامەکانی ڕوانینوانێک و مەرگ*، وەرگێڕانی بۆ کوردی هەندرێن، ل: ٢٦

(٨) هەمان سەرچاوە.



هەندرێن: لە ١٩٦٣ لە دەڤەری هەولێر لە دایکبووە. دوای ٩ ساڵ پێشمەرگایەتیی، لە ١٩٩١ەوە لە وڵاتی سوێددا دەژیی.

لەسویدا وێڕای ماجستەر لە "مێژووی هزر" تا بەکەلۆری و سێ ساڵیش فەلسەفەی خوێندووە. لەپاڵ ئەوەشدا مۆدێرنیزم/پۆستمدێرنیزم، زمانی گرێکی کۆن، روانبێژی، مێژوو، گەشەسەندنی زمانی منداڵ و ساڵێک و نیوێک بابەتی پەروەردە بۆ وانەوتنەوە خوێندووە. وێڕای وەرگێڕان و بڵاوکردنەوەی کۆشیعری "سکاندیناڤیا دوورگەیەکی تر لەبخوور"، چەندان شیعر و وتار و چاوپێکەوتنی لەگۆڤار، رۆژنامە، رادیۆ و تیڤییەکانی سوێیدا بڵاوکردونەتەوە.



بەرهەمە چاپکراوەکان:

١- لەسێبەری کێوەکان ونت دەکەم، لەپێدەشتێک دەتبینمەوەشیعر، ساڵی ١٩٨٦، لەبڵاوکراوەکانی راگەیاندنی حیزبی شیوعی عێراق.

٢- دوا نوێژەکانی چیا و سەفەری مەحاڵ – شیعر، ساڵی ١٩٩٣، سوێد.

٣- سکاندیناڤیا: دوورگەیەکی تر لەبخوور – شیعر، ساڵی ١٩٩٦ سوێد

٤- نامەکانی مەرگ و نامەکانی روانینوانێک – ئامادەکردن و ورگێڕانی کۆمەڵی نامەی شاعیری فەرەنسی: ئارتۆر رایمبۆ، ساڵی ١٩٩٧، سوێد .

٥- سکاندیناڤیا دوررگەیەکی تر لەبخوور، کراوە بە سوێدیی و لە ساڵی ٢٠٠٤ , چاپخانە: Tranan، ستۆکهۆلم .

٦- مەهاباد لەئۆلۆپیادەکانی خوادا، وەرگێڕانی کۆمەلەشیعرو جاوپێکەوتنی سەلیم بەرەکاتە، ساڵی ٢٠٠٤ لەسلێمانی، چاپخانەی سەردەم بڵاویکردۆتەوە.

٧- فەلسەفەی کۆچەری، وەرگێڕانی لەسوێدی/دانمارکییەوە، سەنتەری ئەدەب و فیکری نما، هەولێر، ساڵی ٢٠٠٥ چاپیکردووە.

٨- نیگای دەست، کۆشیعرێکی هاوبەش لەگەڵ ئیلیۆنۆرا برو، شێیروان خدر و موتەلیب عەبدوڵا، ٢٠٠٥، لەچاپخانەی دیلان لەسلێمانی چاپکراوە.

٩- گوڵنارەکانی شوێنپێ لەباخچەکانی تاراوگەدا، دەقێکی پەخشانییە، سەنتەری ئەدەب و فیکری نما، هەولێر، ٢٠٠٦، چاپیکردووە.

١٠. گشتی ئەمەیە، مارگەریت دۆراس، پەخشان، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ساڵی ٢٠٠٦،

چاپیکردووە.

١١. "خامەیەکی رۆشنبیریی لە پشت گوێی زماندا"، ٢٠٠٧، گۆڤاری "هەنار" لە سلێمانیدا چاپکراوە

١٤ وێڕای بڵاوکردنەوەی کۆمەڵێ وتاریی رەخنەی ئەدەبیی، تیۆریی، وەرگێڕان ...

# کتێبە چاپکراوەکانی یانەی قەڵەم

| ز | ناوی کتێب | بابەت | ناوی نووسەر | ناوی وەرگێڕ |
|---|---|---|---|---|
| ١ | فریوو خۆحەشاردان | چیرۆك | عەتا محەمەد | |
| ٢ | ئایین (هزر سیاسەت) | فیکری | کۆمەڵێك نووسەر | یاسین عومەر |
| ٣ | بەیەکداکێشانی شارستانێتی | فیکری سیاسی | سامئیل هانتینگتۆن | ئاوات ئەحمەد |
| ٤ | سوەیلا | رۆمان | شارام قەوامی | |
| ٥ | رۆژی هاتنەکەی عودەی | چیرۆك | ئاوات عەبدوڵڵا | |
| ٦ | سیماکانی عەقڵانیەتو خورافە | | فالح عەبدولجەبار | ئاوات ئەحمەد |
| ٧ | وەنەوشەکەی چیرۆك | چیرۆك | کۆمەڵێك نووسەر | شیرین.ك |
| ٨ | نەبەهەشت لەسەر زەویدایە | فیکری | کۆمەڵێك نووسەر | ئومێد عوسمان |
| ٩ | فیمینیزم | فکری | نورە فەرج ئەلمەساعید | عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی |
| ١٠ | لەروانگەی خۆرئاواوە | فکری | کۆمەڵێك نووسەر | ئومێد عوسمان |
| ١١ | منداڵباز | رۆمان | فەرهاد پیرباڵ | |
| ١٢ | کیمیاگەرانی وشە | لێکۆڵینەوەی ئەدەبی | کۆمەڵێك نووسەر | یاسین عومەر |
| ١٣ | گوزارشتی مۆسیقا | هونەری | فواد زەکریا | حەمە کەریم عارف |
| ١٤ | خەمەکانی رۆشنگەری | فکری | هاشم ساڵح | ئاوات ئەحمەد |
| ١٥ | یەڵماز گۆنەی | | کۆمەڵێك نووسەر | حەمە کەریم عارف |
| ١٦ | هەناسەی پێخەفەداخراو | چیرۆك | چنوور سەعیدی | |
| ١٧ | سادقی هیدایەت | لێکۆڵینەوە | حەمە کەریم عارف | |
| ١٨ | یادەوەرییەکانی کۆڵانێکی خاپوورکراو | چیرۆك | سیامەند هادی | |
| ١٩ | قالاو یانی قەفەسێکی خاڵی | شیعر | کەمال ئەمینی | |
| ٢٠ | تیانووسی پاشای هیچ | شیعر | یاسین عومەر ئیبراهیم | |
| ٢١ | لەسێبەری پرسیاردا | دیدار | سەمەد ئەحمەد | |
| ٢٢ | زەمین وەك پرتەقاڵێك شینە | شیعر | پۆل ئیلوار | فەرهاد پیرباڵ |
| ٢٣ | گێلاسی خوێن | رۆمان | عەتا محەمەد | |
| ٢٤ | حەرامترین | چیرۆك | عەلی پێنجوێنی | |
| ٢٥ | رەنگە کاڵبووەکانی دنیا | شیعر | گەروس عەبدولمەلیکیان | مەریوان هەڵەبجەیی |
| ٢٦ | کۆنترۆڵی میدیا و راگەیاندن | راگەیاندن | نوام چۆمسکی | کەریم قادر پوور |
| ٢٧ | مۆزارت، شمشاڵی ئەفسوناوی | هونەری | ئەنیس مەنسور | مامۆستا ئەحمەد |
| ٢٨ | ئەفرێنەرانی خۆر ئاوا | فکری | هاشم ساڵح | ئومێد عوسمان |
| ٢٩ | دەریایەك لەوشە | دیدار | مهاباد قەرەداغی | |
| ٣٠ | داهێنان و مەرگ | لێکۆڵینەوە | سەلاح حەسەن پاڵەوان | |
| ٣١ | ژنێ لەبەردەم وەرزێکی | ژیان و بەرهەم | فروغ فروغزاد | ئازاد بەرزنجی |
| ٣٢ | گەران بەدوای قولاییدا | چیرۆك | پاتریك زوسکیند | شیرین. ك |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٣٣ | پابەندبوونی ئەدەبی | لێکۆڵینەوە | رمضان الصباغ | ئاری عوسمان |
| ٣٤ | مێروولەو کۆتر | منالاٌن | ئیزۆپ | جەبار سابیر |
| ٣٥ | من و باپیرەو نەنە | منالاٌن | ستیوارت همپڵ | جەبار سابیر |
| ٣٦ | دیالۆگ، خەندە، ئازادی | لێکۆڵینەوە | میخائیل باختین | هادی محەمەدی |
| ٣٧ | مامزێر | رۆمان | کاروان کاکەسوور | |
| ٣٨ | ئێمە گوناهین | چیرۆك | هیوا ئەمین نژاد | |
| ٣٩ | شەبەنگی بوون، زایەڵەی.. | راڤەی دەق | هەندرێن | |
| ٤٠ | خۆشم ئەوێی شێتەگیان | منالاٌن | ستیوارت همپڵ | جەبار سابیر |